# سیکۆلاریزم

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a·bazgr@gmail·com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان ڕەئوف

lukmanraoof@yahoo·com

07701369792

تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر، دیلان دڵشاد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

# هۆکارە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم

منوچهر ساڵحی
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

## وشەناسی سیکۆلاریزم

سیکۆلار (Secular) وشەیەکی لاتینیە و لە ڕەهەندی مێژووییدا وەک هەروشەیەکی تر وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و هەربۆیەش لە مانا و چەمکی جۆراوجۆردا بە کاربراوە. بەمەش هەرمانایەکی ئەم وشەیە ئاوێنەی خودی پرۆسەی مێژووە و ئاماژە بەو هەوڵ و کۆششە دەکات، کە مرۆڤ بۆ هێنانەدی مەدەنیەت داویەتی. کەوایە بۆ ئەوەی بە گشتی لە (سیکۆلاریزم) بگەین، واباشە بە کورتی مامەڵە لەگەڵ ماناکەیدا بکەین. سەرەتا وشەی (سیکۆلار) بۆ ڕیشەی سیکولوم Speculum دەگەڕێتەوە، وشەیەکی لاتینیە و ژمارە سەد (100) دەگەیەنێت. (سیکۆلار) لەم مانایەدا بەو پرۆسە ڕووداو و بزووتنەوانە دەگوترێت، کە هەرسەدساڵ جارێک دووبارە دەبنەوە و کاریگەری بە هێز لەسەر ژیانی مرۆڤ دادەنێن. وشەی (سیکۆلار) لەم چەمکەدا لە سەدەکانی نێوەڕاست بەر لە پەیدابوونی مەسیحیەت بە کاربراوە.

بە ئاوڕدانەوە لە پێشکەوتنە بەرچاوەکانی زانستی پزیشکی و تەندروستی، دەزانین کە تەمەنی مرۆڤی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی سەرمایەداری نزیکەی 75 تا 80 ساڵە و خەڵکێکی کەم زیاتر لە سەدساڵ (لە ئەڵمانیا نزیکەی لە 5%) دەژین. تەمەنی مرۆڤەکان لە کۆندا نزیکەی 20 تا 25 ساڵ بووە و هەربۆیە سەدساڵ تەمەنی چەند نەوەیەکی دەگرتەخۆ. تەنانەت شۆڕشی گەورەی

# سیکۆلاریزم

فەرەنسە (1789) کە لە سەدەی 18 ڕووی دا، واتا ئەوکاتەی کە کۆمەڵگەی فەرەنسی پێی دەنایە قۆناغی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە، ئاستی ئەمەن لەم وڵاتەدا 29 ساڵ بوو.(1) بەم شێوەیە سەدساڵ سام و شکۆی تایبەتی هەبوو. هەر بە پێی ئەم ئێڕوانینە بوو، کە پێش پەیدابوونی مەسیحیەت مرۆڤەکان باوەڕییان وابوو کە زۆربەی ڕووداوەکان لە مێژوودا دووبارە دەبنەوە. هەروەک ساڵانە ئووشی بەهار و هاوین و پاییز و زستان دەبینەوە، هەروەها باوەڕییان وابوو کە لە هەر سەدساڵدا زۆربەی کارەسات و ڕووداوە مێژووییەکان دووبارە دەبنەوە، چونکە وەرزەکانی ساڵ بەشێک لە ڕەوتی بوونەوەرەکانیان پێکدەهێنا. پاشان کە مەسیحیەت دەرکەوت، زۆربەی ئەوانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەری هزری شیلیاستییەوە (Chiliasm us)(2)، وایان بیردەکردەوە کە هەرسەدساڵ جارێک جیهان دەکەوێتەبەر ئووڕەیی و غەزەبی خواوە و مەسیح یا یەکێ لە یاریدەر دەرانی دەنێرێت، بۆئەوەی بیانگەڕێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست و ستەم دیدەکان لەزوڵموزۆر ڕزگار بکات،بە کورتی دەکرێت بڵێین (سیکۆلار) واتا هەموو ئەوکاروبارانەی کە دەکرێت هەرسەدساڵ جارێک ڕووبدات و لاسایی نەکردنەوەیان گەرموگوڕی ئەم دیاردەیە بوو کە دووبارە نە دەبوونەوە، هەروەک ساڵانە بەهار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەیدا دەبێت و لە وەرزەکانی دیکەی ساڵدا، بوونی نیە و لاسایی ناکرێتەوە.

دوو، ئەگەر بمانەوێ هاومانایەکی کوردی بۆ وشەی (سیکۆلار) دابنێین، دەکرێت وشەی (دنیایی) یا (جیهانی) کاڵای بەباڵای ببڕین، واتا سەرچاوە زەوی و مادییەکان پەیوەندی بەم جیهانەوە هەیە.

### سیکۆلاریزمی ئاینی

هەروەک پێدەچێت، ئەم وشەیە لە سەرەتادا و بە گشتی کڵێسای کاسۆلیک لە بواری جۆراوجۆردا بە کاری هێناوە. کەوایە پێویستە بە کورتیش بێت، لەم بوارانەدا شرۆڤەی بکەین:

1)دەزانین کە زۆربەی ئاینەکان ژیانی مرۆڤ بۆدووبەش دابەش دەکەن. بەشێکی هۆی زەمەنییە و پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەیە کە ڕۆح (دیل)ی

## سیکۆلاریزم

جەستەیە. هەموو ئاینەکان ئەم قۆناغە ناودەنێن سەردەمی ژیانی دنیایی کە ڕۆح بە هۆی (دیلبوونی) لە جەستە دا، دەکرێت ڕوو لە خراپە و گومڕایی بکات. بە شەکەی تر دوای مردنی مرۆڤ دەست پێدەکات، کە ڕۆح لە جەستە ڕزگاری دەبێت و دەچێتە (جیهانی غەیبەوە). بەم قۆناغە دەڵێن سەردەمی ژیانی ئەبەدی یان ژیانی ڕۆحانی. پاش مردن، جەستە تێکدەچێ و گۆڕانی بەسەر دادێ و ڕۆح کە خاسیەتی ئەبەدی و نەمری هەیە، لە زەویەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. ڕێسا ئاینیەکانی مەسیحیەتیش لە سەرئەم بنچینەیە وەستاوەتەوە و بنەما سێیانیەکەی لە سەر ئەم بناغەیە ڕۆنـراوە کە باوک (خوا) بۆڕزگار کردن و ڕێنیشاندانی مرۆڤایەتی مریەمی لە (گیانی پیرۆز) دووگیان کرد، واتا عیسای مەسیح لە دایک بێت و وەک (ڕزگارکەر) لە جیهانی غەیبەوە پێ بنێتە سەرزەوی، تا تەفرەدان و خراپەی مرۆڤ ڕیشەکێش بکات. بە مەش خودی خواوەندیەت لە جەستەی عیسا ڕەنگیدایەوە و پاشان کە لە ئورشەلیم لە خاچییاندا، ئەو (جەستەی پاک و پیرۆز) کە ڕەنگدەرەوەی (گیانی پیرۆز) ی خوابوو، دوای سێ ڕۆژ زیندوو بۆوە و لە زەوییەوە گەڕایەوە بۆ ئاسمان.(3)

2)کەموزۆر سەربەخۆیی لە هەموو ئاینە یەکتاپەرستەکاندا هەیە و دەکرێت بە گوێرەی بۆچوون و ئیرادەی خۆت لە نێوان خێرو شەڕ، چاکە و خراپە، ژیانی دنیایی و ژیانی خوایی سەرپشک بی و یەکیان هەڵبژێری. لە تەوراتدا هاتووە (مار بە ژن (حەوا)ی وت (...) خوا دەزانێ ڕۆژێک لە (میوەی مەعریفەت ) بخۆی، چاوەکانت بکرێنەوە و وەک خودا ئاگات لە چاکە و خراپە دەبێت). بەم شێوەیە مرۆڤ سەرپشکە لە وەی کە لە نێوان ژیانی دنیایی و ڕۆحانی یەکێکیان هەڵبژێرێت. بە مەش وشەی (سیکۆلار) لە مەزهەبی کاسۆلیکدا لەم بەشەی ژیانی مرۆڤ بە کاربرا، کە ڕووی مادی و دنیایی هەبوو، واتا ئەوشتانەی کە ڕووی دنیایی و بەها ڕووحانی و خواییەکەی نەماوە، وەکو ڕەوت و دیاردەکانی (سیکۆلاریستی) سەیرکران. وشەی (سیکۆلار) لە چوارچێوەی ئاینی کاسۆلیکیدا بارێکی نالەباری هەبوو، چونکە ژیانی خوایی ژیانی دنیایی بێ بایەخ کردبوو، کەسێک کە چاوی لە بەهاکانی دنیا بڕی بوو، ڕۆژی قیامەتی خۆی وێران دەکرد، چونکە دوای مردن و پێ خستنەناو (غەیبیەتی خواوە) ژیانی ڕاستەقینە و ئەبەدی

دەست پێدەکات. بەمەش ئەوکەسانە (سیکۆلاریستی)ن، وازییان لە (ژیانی ئاینی) هێناوە و بەرە و (ئاسمانی خوا)(4) دەرویەکیان نابێت.

3)کەسێک لە ئاینی کاسۆلیکیدا کە دەبێتە ڕاهیب یا ڕاهیبە، دەبێ بۆ پاککردنەوەی نەفس و ژیانی ڕۆحانی چاو لە خۆشیەکانی ژیان بپۆشێت و مافی زەواجی نامێنێ و تەرکی دنیا بکات و خەڵوەت و گۆشەنشینی هەڵبژێرێت. ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژوو کەسانێکی زۆر لەم ڕێگایە هەنگاویان نا، بەڵام کە زانییان بەرگەی ئەو هەموو کەمخۆری و بێبەشییە ناگرن، داوایان لە کڵێسای کاسۆلیک کرد بۆ ژیانی دنیایان بگێڕێنەوە. ئەوپرۆسەیە لە کڵێسای کاسۆلیک بە پرۆسەی (سیکۆلار) ناوزەد کرا، کە ئەو کەسانە ژیانی دنیاییان پێخۆشە و ڕوویان لە ژیانی خوایی وەرگێڕاوە، وشەی (سیکۆلار) بە پێی بەڵگەودەلیل بۆیەکەمجار لەمێژووی ئاین دا بە کاربراوە. (سیکۆلار) لە مەزهەبی کاسۆلیکدا هەموو ئاستەکانی ژیانی دنیایی مرۆڤ دەگرێتەوە. ژیانی دنیایی زیاتر لە ژێر کاریگەری پێداویستیەکە، کە جەستەی مرۆڤ هۆی سەرهەڵدانیەتی، هەروەک سەرما و گەرما، برسێتی و تێری، غەریزەی جنسی و هتد، کەوایە هەموو ئەو هەوڵانە باری (سیکۆلاریستی)ن و (سیکۆلار)یش لە خۆیدا جێی ژیانی ئەم جیهانە دەکاتەوە، کە مرۆڤ بۆ بەردەوامی ژیانی جەستەیی خۆی دەیداو دەکۆشێت پێویستیەکانی بخەملێنێت، بۆ ئەنتی تێز (– دژەکان – Antithesis) ژیانی ڕۆحانی دەگۆڕێت.

**ڕەوتی دژە ئاینی سیکۆلاریزاسیۆن**

سیکۆلاریزاسیۆن پرۆسەیەکە کە ئەوانی دی دەتوانن بەبێ ڕەزامەندی کڵێسا، سوود لە و موڵکوماڵ، یا شمەکانە وەرگرن کە پەیوەندی بە کڵێساوە هەیە. پرۆسەی سیکۆلاریزاسیۆنیش بەدەرکەوتنی ئاینی مەسیحی دەستی پێکرد و تا ناوەڕاستی سەدەی 20 درێژەی کێشاوە. بۆ زیاتر ناسینی ئەم پرۆسەیە، خستنەڕووی چەند خاڵێک بایەخی خۆی هەیە.

ئاینی کاسۆلیک کۆکە لەگەڵ ئەوتیۆرەی کە عیسای مەسیح پێش لە خاچدانی لە یارمەتیدەرەکانی پترووس(5) ی کردە جێنشینی خۆی و (کڵێسای

خۆی لەسەرئەم بەردە بنیاتنا)(6). پترۆسیش پێش مردنی کڵێساکەی بە ئوسقوفی کڵێسای ڕۆم سپارد، کە پاشان بە پاپا، واتا باوک ناسرا، بەمەش پاپا جێی پترۆسی گرتۆتەوە و ئەویش جێنشینی مەسیحە بەوبیانووە ئەوکەسەی کە بەناوی پاپا هەڵدەبژێردرێت، خەسڵەتی (هەڵەنەکردن)ی هەیە و (شوانێک)ە، دەبێ (مەڕەکانی مەسیح) بلەوەڕێنێت و لەمەترسی بیان پارێزێت. ئەوەدەمە کە لەسەدەی چواری زایینی، مەسیحیەت لەسەردەمی پاشا کۆنستانتین بووە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆری ڕۆم، دەوڵەتی ڕۆم خۆی بە بەرپرسی هەموو مەسیحیانی جیهان زانی و هەوڵیدا ئیمپراتۆری ڕۆم بۆئیمپراتۆری جیهانی مەسیحیەت بگۆڕێ و پاشان هەموو داگیرکاری و شەڕەکان بەناوی بەرگری لە مەسیحیەت کران. ئوسقوفی کڵێسای شاری ڕۆما تایبەتمەندیەتی زۆری هەبوو، بووە ڕابەری ئاینی هەموو ئەومەسیحیانەی کە لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا دەژیان،بەڵام ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی خۆرئاوا ،کە ناوەندەکەی شاری ڕۆم بوو، بەدەستپێکردنی سەدەی 5ی زاینی کەوتەبەر پەلاماری ئەڵمانیا و لە کۆتایی ئەم سەدەیە تێداچوو، سەرەتا پاشاگەردانی کیشوەری ئەوروپای گرتەوە، پاشان وردە وردە لەسەرانسەری ئەوروپا، دەوڵەتی بچوک دروستبوون کە لە بەر بچووکی هیچکامێکیان نەیاندەتوانی خۆیان ناوبنێن جێگرەوەی دەوڵەتی ڕۆم کە لەڕووی سیاسییەوە ئەورووپای یەکگرتوو کردبوو. بەم شێوەیە یەکێتی سیاسی ئەوروپا تێکشکا، بەڵام ئەم کارە هیچ زیانێکی بە ڕۆڵی کڵێسای ڕۆم بەسەرۆکایەتی پاپا نەگەیاند، ڕۆم بەئەنجومەنی دەسەڵاتی ئاینی مایەوە. ئەم کارە وایکرد ئاینی مەسیحی ئەو ڕستە (ڕایەڵە) بێت و هەموو دەوڵەتانی هەرێمایەتی و بچووکی وەک دەنکەکانی تەسبیح پێکەوە دەبەستەوە. بە دەستپێکردنی سەدەی ناوەڕاست کڵێسای کاسۆلیک لە پێگەی تایبەت بەهرەمەندبوو، زیاتر وڵاتانی بچووک و هەرێمایەتی سەرۆکایەتی ئاینی پاپایان بەسەر وڵاتی خۆیاندا پەسند کردو، دەرەبەگەکان بە پێدانی باج بە ڤاتیکان خۆیان ناونا نوێنەر و مژدەدەری پاپا لە وڵاتێکدا، کە حکومەتیان بەسەردا دەکرد. لەم سەدەیەدا حکومەتی (خوایی) پاپا هەمەلایەنی حکومەتی (سەرزەووی) و (دنیاخوازانەی) شاکان و ماقوڵانی فیوداڵی هەیە و بە پێی ڕێنماییەکانی مەسیحیەت، هەموو زەووی پەیوەندی

## سیکۆلاریزم

بەمەسیحەوە هەیە، بەمەش پاپا بەناوی جێگرەوە دەوری ڕێبەری ئاینی و دنیایی جیهانی مەسیحیەتی لە ئەستۆیە. شاکانی فیودالّ بێ ئیزنی پاپا نەیاندەتوانی لەوڵاتی خۆیاندا حکومەت بکەن یا ناوچەیەک بەڕێوە ببەن ئەوە وایکرد کڵێسای کاسۆلیک تاچەند سەدەیەک سامانێکی زۆری دەست بکەوێت و زۆربەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی ئەوروپا ببێنە موڵکی کڵێسا.

لە لاکەی دی تامانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، کڵێسای مەسیحیەت لە ژێر دەسەڵاتی قەیسەری ڕۆم دابوو. ئەرکێکی کڵێسا لەم قۆناغەدا وەستانەوەبوو لە دژی نادادپەروەریەکانی کۆمەڵگە. کەچی هێشتا لەم قۆناغەدا دەزگای دەوڵەت بەسەرکڵێسادا باڵادەست بوو، بە دیوێکی دیکەدا، دامەزراوەکانی دنیایی زاڵن بەسەر دامەزراوەکانی خواییدا، بەڵام کە ئەم ئیمپراتۆریەتە داڕما و شوێنی خۆی دایە دەیان دەوڵەتی گەورە و بچوک کە سەرۆکە سیاسیەکان خۆیان بە مژدەدەری پاپا دەزانی، پرۆسەی زاڵبوونی ناوەندی خوایی بەسەر ناوەندی دنیایی دەستی پێکرد و بە دەربڕینێکی دی پاشان ڕێبەرانی کڵێسا لە وڵاتە سەربەخۆکانی ئەوروپا بوونە پشتیوانی شاکانی فیودالّ. ئەو جوتیارانەی لە ڕابردوودا پشتییان لە ژێر ستەمی سەرانە و جیاوازیەکانی فیوداڵی چەمابوەوە، بۆڕزگاربوون لێیان پەنایان بۆکڵێسا برد. ئەم کڵێسایە ئێستا بۆتە بەشێک لە دەزگای وەبەرهێنانی ستەم و لە نێوان ئوسقوفەکانی خاوەن پێشینەی ماقوڵی و ڕێبەرانی کڵێسا لە دژی جووتیاران بەرگرییان لە ماف و دەسکەوتەکانی ماقوڵەکان دەکرد و ئەوکەشیشانەی کە سەرچاوەی لادێیان هەبوو ئاگایان لە بەشخوراوی و ئازارەکانی جووتیاران بوو، دژایەتیەکی ڕق ئەستوورانە دەستی پێکرد. هێندەی نەبرد کە شۆڕشی جووتیاران هەموو ئەوروپای خۆرئاوای گرتەوە و هەندێک لە کەشیشەکان بۆ پشتیوانی لەم جوڵانەوەیە، بەڕێبەرایەتی جوڵانەوەی کاسۆلیک دەستییان دایە خەبات، کە خوازیاربوون دۆخەکە بە سوودی جووتیارانی نەدار وەرچەرخێت، بەم شێوەیە سەردەمێکی نوێی پرۆسەی (سیکۆلاریزاسیۆن) دەستی پێکرد.

لە ئەڵمانیا شەڕەکانی جوتیاران، شانبەشانی جوڵانەوەی چاکسازی ئاینی مارتین لۆسەرMartin Luther بوو. بە گۆڕینی تەورات و ئینجیل بۆ زمانی ئەڵمانی، تێگەیشتنی خەڵکانی ئاسایی لە ناوەڕۆکی ئەوکتێبانە ئاسانکرد کە

## سیکۆلاریزم

دەرۆستی زمانی لاتینی نەدەهاتن، هاوکات دژایەتی کردنی کڵێسای کاسۆلیک گەشەی کرد، کە سامانێکی زۆری کۆکردبۆوە. بە هۆی بوونی ئەم سامانە زۆرەوە ئوسقوفەکان لە هەموو وڵاتێکدا خۆیان بە نوێنەری پاپا دەزانی، هەروەک پاشاکان لە نازونیعمەتدا دەژیان و ئاگایان لەودۆخە قورس و ترسناکە نەبوو، کە جووتیارانی تێدابوو. ژیانی ئەو ئوسقوفانە بەشێوەیەک بوو کە تەنانەت شاکانی هەرێمە بچوکەکانی ئەڵمانیا لەو هەموو سامانە بەهرەمەند نەبوون و وەختێکیش بزووتنەوەی جوتیاری سەریهەڵدا، ئاینی مەسیحی تاکە چەکی ئەم بزووتنەوەیە بوو کە دەیتوانی دژی ماقوڵانی سەربە کڵێسای کاسۆلیک بجەنگن. هەندێک لەشاکانی هەرێمەکان سوودیان لەو دەرفەتە وەرگرت و پشتیوانیان لە ئاینی لۆسەر کرد تا بتوانن بەشێک لە مڵکی کڵێسا داگیر بکەن، بەڵام ئەم کارە مەیسەر نەبوو، جگە لەوەی کە فیودالەکان دەیانتوانی پاساو بۆخەڵکی وڵاتەکەیان بێننەوە کە چیدیکە پاپا تاکە نوێنەری مەسیح نییە لەسەر زەوی. جوڵانەوەی چاکسازی ئاینی لۆسەر کە سەرهەڵدانی مەزهەبی پرۆتستانتی لێکەوتەوە،(7) باشترین دەرفەت بوو کە ئەو ماقوڵانە توانییان بە قازانجی خۆیان سوودی لێوەرگرن. سەرکەوتنی جوڵانەوەی پرۆتستانیزم لە ئەوروپا، هەم تێکرایی کڵێسای کاسۆلیک نەماو هەم پیاوماقوڵانی فیئوداڵ، بەشێک لە سامانی کڵێسایان بە قازانجی خۆیان تۆمارکرد. لە مێژووی کڵێسای کاسۆلیکدا، ئەو پرۆسەیە پێیوتراوە پرۆسەی (سیکۆلاریزاسیۆن)، کە لە کرۆکیدا بەبێ ڕەزامەندی ڕێبەران، زەویەکانی کڵێسا بوونە موڵکی دەرەبەگەکان و داوەری کردنی کڵێسا نەما.

دیارە، لە سەردەمێک پرۆسەی داماڵینی خاوەنداریەتی کڵێسا لە سەدەی شەشی زایینی لە ئەوروپا دەستی پێکرد، کە هێشتا ئیسلام سەریهەڵنەدابوو، ئەم پرۆسەیە تا شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بەردەوام بوو. لە سەرەتادا، ئەو پیاوماقوڵانەی دەبووایە شەڕییان کردبا و توانای پێویستی داراییان نەبوو، پەنایان بردەبەر ڕابەری کڵێسا تا یارمەتییان بدات و زۆربەی کات کڵێسا یارمەتی دەدان و هەندێکجاریش دەستی بە سنگییانەوە دەنا. ئەم سەرۆکە سیاسیانە هەوڵیان دەدا بەبیانووی جۆراوجۆر بەشێک لەسامانی کڵێسا بۆخۆیان بەرن. سەرەتا ئەوچەشنە کۆششانە دژە ئاینی نەبوون، بەڵکو ئەم پیاوماقوڵانە لەکاتی کۆیلەیەتیدا سەبارەت

## سیکۆلاریزم

بە کڵێسای کاسۆلیک و کەسی پاپا، زەوی کڵێسایان زەوت دەکرد،بەڵام لەوکاتەوە بزووتنەوەی جووتیاران دژی پەیوەندی فیوداڵی دەستی پێکرد کە گوندنشینەکانی لە هەمووماڤێک بێبەش کردبوو، ئەم پرۆسەیە زیاتر گەشەی کرد و پاشان سەنگەری لە کاسۆلیکی گرت.

لە سەدەی شازدە، شەڕەکانی جوتیاران کەموزۆر سەرانسەری ئەم کیشوەرەی گرتەوە، پرۆسەی داماڵینی خاوەنداریەتی کڵێسا توند بوو، چونکە لە بەرەنجامی چاکسازی ئاینی لۆسەر تێکڕایی مەسیحیەت نەماو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم ئاینە بە هاوکاری دەسەڵاتی سیاسی ناوچەیی، سەنگەریان لێکگرتوو کەوتنە پیلانگێڕی. ئەم پرۆسەیە بە بەستنی پەیمانی ئاشتی وستفاڵن westfalischer freedmen(کە لە 24ی ئۆکتۆبەری 1648 لەنێوان ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و فەرەنسا بەسترا و بە لوتکەی سەرکەوتن گەیشت. لەم ڕێکەوتن نامەیەدا جەخت لە ئاشتی کرایەوە، ئەو موڵکانەی کە لەساڵی 1624 بە دەست کڵێسای کاسۆلیکەوە بوون، دەبوایە بدرێنەوە بەو کڵێسایانە. بەم شێوەیە هەموو ئەو موڵکانە پشتگیرییان لێکرا، کە پێش ئەو مێژووە، لە شەڕەکانی جوتیاران لە کڵێسا زەوونکرابوو. هەر لە و ڕێکەوتن نامەیەدا باسی ئاشتی گوتەزای سیکۆلاریزاسیۆنی موڵکی کڵێسا کراوە، واتا نەدەبوایە ئەوموڵکانەی بۆکڵێسا گەڕێندرابانەوە، کە پێش ساڵی 1624 و شەڕەکانی جووتیاران ببووە موڵکی دامەزراوەی دنیایی (پیاو ماقوڵان و هەرێمەکانی ئەڵمانیا). دەسکەوتێکی دیکەی ئەم ڕێککەووتن نامەیەی ئاشتی بە فەرمی ناسینی ئاینی پرۆتستانتی لۆسەریزم و ئاینی پڕۆتستانتی کالۆنیزم بوو، کە لە سویس هاتبوونە ئاراوە. بەمەش پاوانکاری کڵێسای کاسۆلیک وەکو تاکە کڵێسای مەسیحیەت لە ئەوروپا کۆتایی پێهێنرا.

پرۆسەی سیکۆلاریزاسیۆن، پاش کۆتایی هاتنی شەڕەکانی جووتیاران، واتا زەوتکردنی موڵکداریەتی زەوی لەکڵێسای کاسۆلیک زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە. لەنەمسای سەردەمی یوسف پاشای دووەم، لە ساڵی 1782 یاسای تۆمارکردنی موڵکوماڵی کڵێسا پەسندکرا. لە فەرەنسای شۆڕش، لە 2ی نۆڤەمبەری 1782 یاسایەک پەسندکرا کە بەهۆیەوە هەمووموڵکی کڵێسا دەبووە هی دەوڵەت. دەوڵەتی شۆڕش ئەوموڵکانەی خستە مزایەدەوە. زەویەکانی کڵێسا لەئەڵمانیا لە

## سیکۆلاریزم

هەردوولای ڕووباری ڕاین کە پەیوەندی هەبوو بە چوار ویلایەتی ئوسقوفی، 18 ئوسقوف نشین و 300 خانەقاوە، بوونە موڵکی ئیمپراتۆریەت. لەئیتالیا لەساڵەکانی 1860–1870 دەوڵەتی کڵێسا، واتا خاکێک کە پاپاکان لە سەدەی 8 تا 13ی زاینی فەرمانڕەواتییان بەسەردا دەکرد، لەکڵێسا ستاندرایەوە و بووە بەشێک لە وڵاتی ئیتالیا و قەڵەمڕەوی کڵێسای کاسۆلیک تایبەتکرا بە ناوچەی ڤاتیکان، کە گەڕەکێکی بچوکە لە شاری ڕۆم.(8) بەگەیشتنە دەسەڵاتی بەڵشەفیکەکان لە ڕوسیا لە ئۆکتۆبەری 1917، هەموو موڵکوماڵی کڵێسای ئەرسەدۆکس بووە موڵکی دەوڵەت و دوای هەرەسی (سۆسیالیستی لەڕاستیدا هەبوو) بەشێکی درایەوە کڵێسا. بەم چەشنە لە و وڵاتانەی کە حزبە کۆمۆنیستەکان گەیشتنە دەسەڵات و بەلاساییکردنەوەی سۆڤیەت، کەموزۆر خاوەنداریەتییان لە کڵێسا زەوتکرد.

هەرچەند ئەو وڵاتانە سەرچاوەی بۆرژوازییان نەبوو کە موڵکی کڵێسایان بە قازانجی خۆیان تۆمار دەکرد، بەڵام تووندبوونی هەمان پرۆسە، نیشانەی ڕسکانی وەرچەرخانی چۆنایەتی بوو لەپێکهاتەی باوی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا، هێشتا کەڵەکەبوونی پێویستییان بۆ گۆڕینی پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیوداڵی نەبوو. بۆ نمونە دەوڵەتی پـروس(9) پاش داگیرکردنی زەویەکانی کڵێسای کاسۆلیک سەرەتا بەکرێدانی بە جووتیاران و پاشان بۆ هەبوونی داهاتێکی جێگیر و دڵنیا، ئەو زەویانەی بە پیاوماقوڵانی فیوداڵ سپارد و ئەمان داهاتی کرێیەکان، نرخێکیان لە بەرامبەر دەوڵەتدا گرتەئەستۆ، کە برێکی لە ڕێکەوتننامەکەدا دیاری کرابوو. ئەم پیاوماقوڵانەش بەنرخی گرانتر زەویەکانیان دا بە جووتیاران و بەم شێوەیە وەبەرهێنانی گوندنشینان بەخێرایی زیادی کرد. پاشان، دوای ئەوەی کە سەرمایەداری لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست، زەویەکانی بەوجوتیارانە فرۆشت کە زەویەکەیان بە دەستەوە بوو، بەم شێوەیە خوردە مالیکی لادێ درووست بوو.

# سیکۆلاریزم

## کۆمەڵناسی سیکۆلاریزاسیۆن

(سیکۆلاریزاسیۆن) لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە، پرۆسەیەکە کەتێیدا فەرهەنگی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگەوە سەرەتا ڕێبازی ئاینی هەبوو، وردە وردە لایەنی ئاینی خۆی لە دەست دەدا و بۆ فەرهەنگی نا ئاینی دەگۆڕێت و بەم شێوەیە فەرهەنگی ئاینی وەکو فەرهەنگی زاڵ، بنچینەی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. بە دەستەواژەیەکی تر، (سیکۆلاریزاسیۆن) ڕەوتێک دەناسێنێت کە تێیدا هزری باڵادەستی کۆمەڵایەتی وردە وردە ڕەنگوبۆی ئاینی خۆی لە دەستداوە و کۆمەڵگەی خۆی لە نەرینە کۆن و دۆگما ئاینیەکان ڕزگار کردووە و دەتوانێت خۆی لەم تەنگەبەریە ڕزگار(10) Emancipations بکات. بە بەرجەستەبوونی ئەم پڕۆسەیە، چیدیکە حوکمە ئاینیەکان بناغە و بنچینەی جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی پێکناهێنن و سیستمە مافی و سیاسیەکان لەسەر بنچینەی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک دیاری دەکرێن، چونکە کۆمەڵگە کە دەگاتە بنبەست، دەکرێت لە هەردامەزراوەیەکی تر باشتر کاردانەوەی خوازراو نیشان بدات و هەست بە پێویستی زەمانە بکات.

بەم شێوەیە ڕەوتی (سیکۆلاریزاسیۆن) پڕۆسەیەکە کە تێیدا ئاین وردە وردە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە دەست دەچێ و لایەنی فەردی بەخۆوە دەگرێت. هەربەوهۆیە، ناتوانێت چیدیکە لەتێکەڵاوی گشتی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی تەوەری ببینێت. بەسەرهەڵدانی سەرمایەداری ڕووبەڕووی سیستمێک دەبنەوە کە بەزوویی سروشت، کۆمەڵگە و خۆی وەردەچەرخێنێت و ئاین بە گەشەسەندنی دینامیزمی و بزاوتی کۆمەڵایەتی، ئامادەیی خێرا گوونجانی لەگەڵ هەلومەرجی نوێی لە دەست دەچێت و دەبێتە کۆسپی سەرڕێگای گەشەی ئەم سیستمە، بەڵام تا وەرچەرخانێکی قوڵ لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا ڕوونەدات، ئەم پرۆسەیە بەدی نایە و لە بابەت پەیوەندیەکانی کە بە گوێرەی ئەو سامانی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنرێ و دابەش دەکرێت، بەردەوام وەرناچەرخێت. هەروەکو بینیمان ئەم پڕۆسەیە، هاوشانی گەشەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەستی پێکرد.

تا ئەو ڕۆژگارەی کە زەوی هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنان بوو، ئەوکەسەی ئەم هۆکارەی بەدەستەوە بوو، دەیتوانی بە بەکرێدانی زەوی بە گوندنشینەکان،

# سیکۆلاریزم

زۆربەی سامانی کۆمەڵایەتی کۆبکاتەوە. بەم شێوەیە پیاوماقوڵان و پیاوانی ئاینی بەشی جێ سەرنجییان لە سامانی کۆمەڵایەتی دەکردە هی خۆیان، کە خاوەن زەوی کشتوکاڵی و زەوی خالیسەی کڵێسایان بەدەستەوەبوو. مێژوو نیشانیدا کە پیاوانی ئاینی و ماقووڵان دووگیانی جەستەیەک بوون. تەنیا چینی باڵای پیاوانی ئاینی، واتا ئوسقوفەکان لەسامان و پێگەی زۆر بەهرەمەند بوون و ئێستا زۆرینەی پیاوانی ئاینی، واتا کەشیشەکان کە خۆیان زادەی لادێ بوون، لە لادێکاندا و لەنێو جوتیارە نەدارەکاندا، هەژارانە دەژیان. سەرباری، ئەم توێژەی باڵای کڵێسا خۆیان بەنوێنەری مەسیح دەزانی و هەربۆیە پێگەی ئەوپەڕی باشییان بۆخۆیان دادەنا نەک بۆ پیاو ماقووڵان، چونکە نوێنەرایەتی مەعنەویەتی پیاوانی ئاینیان دەکرد و ڕێگای قیامەتی مرۆڤەکانیان تەختدەکرد. گەرچی بەشێکی سامانی کۆمەڵایەتی یان کەوتبووە دەست، بەڵام خۆیان بەنوێنەری مەعنەویات دەزانی و ئەمەش وای کردبوو سیستمی فێرکردن و پـەروەردە و دادگا ئاینیەکان قۆرخ بکەن. پیاوماقووڵانیش بەهۆی بەدەستەوە بوونی هێزی سەربازی و زامنکردنی (ئاسایشی) لادێکان، خۆیان پێ هەمووشتێکی خەڵکی ئاسایی بوو، کەوایە دەبێ بەشێک لەداهاتی کاری لادێیەکان بۆئەوان بێت. ئەمانیش ڕایەڵەیەکی تایبەتییان پێکدێنا کە ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی دنیایی بەمیراتی خۆی دەزانی. ماوەی کۆمەڵگە، واتا گوند و شارنشینەکان کە پێگەی پیاوی ئاینی و پیاوماقووڵییان نەمابوو، ڕستەی پێکهێنەری سامانی کۆمەڵایەتی بوون، بێ ئەوەی بتوانن بەشێک لەپشکی سەرەکی بۆخۆیان بەرن. بەمەش ڕەوتی (سکۆلاریزاسیۆن) ئەو ڕەوتەیە کە کۆمەڵگە دوای بڕینی چەندقۆناغێکی ئاڵۆز، وردە وردە دەتوانێت خۆی ڕوانگەی ئۆرگانیزەکردن و تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆتوبەندی بیرۆکەکانی ئاینی – خواناسی ڕزگار بکات. لەکۆتایی ئەم پڕۆسەیەدا، بیروباوەڕە ئاینیەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دوور دەخرێنەوە و ئاین بۆمەسەلەی تایبەتی – فەردی دەگۆڕێت و دەکرێت کڵێسا وەکو تاکە ناوەندێک ئەڵقەی پەیوەندی نێوان تاک و خودا بێت، تایبەتمەندیەتی فەرمانڕەواخوازی خۆی لەدەست دەدا و لەدەزگای دەوڵەت دەخرێنەلاوە و بەم شێوەیە ئاین لەدەوڵەت جیادەکرێنەوە.

# سیکۆلاریزم

## دەوڵەتی سکۆلار

بۆیەکەمجار بیرمەندانی لیبراڵ بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتییان، هێنایەبەرباس و لێکۆڵینەوەوە. ڕووناکبیرانی لیبراڵی سەردەمی ڕۆشنگەری بێ ئەوەی دژی ئاین بن، دژی توێژی باڵای پیاوانی ئاینی بوون کە هاوڕای پیاوماقوڵان بوون و ڕێگای بەرەوهەرجۆرە وەرچەرخانێکی ئاشتی ئامێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان داخرابوو.(11) بەمەش بـۆرژوازی نوێ تازەبەتازە گەیشتۆتە قۆناغی بەرگری کردن لە قازانجی هاووڵاتیەکانی، بۆئەوەی بتوانێت ئەوکۆسپانە هەڵگرێت کە لە چوارچێوەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیوداڵیەوە لە سەر ڕێگای گەشەکردنی هەبوون، ناچاربوو نەک تەنها دژی پیاوماقوڵانی فیودال بجەنگێت، بەڵکو هاوکات دژی توێژێکی بەرزی کڵێسای کاسۆلیکیش دەست داتە خەبات، کە بەهۆی بە دەستەوە بوونی زەوی کشتوکاڵی، دژایەتی هەرجۆرە گۆڕانێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی باوی دەکرد. ململانێی لەگەڵ پیاوانی ئاینی لە هەندێک وڵاتی وەک فەرەنسا، خوێناوی و توندوتیژ بوو، پیاوانی ئاینی لەوڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکا، چونکە پیاوانی ئاینی لەلایەک سەربە لقە جیاجیاکانی مەسیحیەت بوون لەلاکەیدی بەهۆی کۆچکردن بۆ ئەوکیشوەرە، هێزی نوێی بە ئەزموون دادەمەزرێنێت کە هێشتا ڕانەکێشرابووە نێو پەیوەندی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەی، کە تازە سەرییان هەڵدەدا، لە ئاکامدا بەهۆی لەدەستدانی پێگەی سیاسی و ئابووری خۆی، هەرلەو سەرەتاوە خۆی لەسیاسەت دوورخستەوە و بەوهۆیەش توانی خۆی لە توندوتیژی بۆرژوازی بپارێزێت، کە تازە پێیخستۆتە ناو ئەو خاکەوە و هەوڵیدەدا بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی لەئەوروپا، زۆرتر بوار بۆگەشەی خۆی بڕەخسێنێت.

(سیکۆلاریزاسیۆن) لەکۆمەڵناسی ئاینیدا، هاوشانی پڕۆسەی بە پیشەسازی بوونی کۆمەڵگەی ئەورووپیە. بەدەربڕینێکی دیکە تێڕوانین و بیرۆکەی (سیکۆلاریزاسیۆن) لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری پەیدا بووە و سەرمایەداری لەقۆناغێکدا بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی، بەردەوام سیستمی فیودالی تێکدەشکاند، ئەم هزرە بووژایەوە و بوو بەگەوهەری شۆڕشی فەرەنسە کە ئاقیبەت کۆمەڵایەتیانە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت هاتەدی. گەرچی لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا

## سیکۆلاریزم

زانایانی ئاینی بە تووندی سەرکوونکران، بەڵام جوڵانەوەی عەلمانی دەیویست ئاین بەیەکجاری لەدەوڵەت جیا بکرێتەوە تا هیچکام لە دامـەزراوە ئاینیەکان نەتوانن بەشداری لەیاسا داناندا بکەن کە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن، لە سەدەی 19 لەم وڵاتە هاتەدی و توانی لە یاسای بنچینەییدا جێی ئەم بیرۆکەیە بکاتەوە، کە لە ساڵی 1905 دانرا.(12) بەوهۆیە تیۆری کۆمەڵناسی ئاینی لەو بنەمایەوە هەنگاو دەنێت کە پڕۆسەی (سیکۆلاریزاسیۆن) شایانی گەڕانەوە نیە و ناتوانێت بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە، کە هێشتا ئاین لە دەوڵەت جیا نەکراوەتەوە و پیاوانی ئاینی نەخشی کلیلییان لە باڵادەستی سیاسی کۆمەڵگەدا هەبووە. دیارە هەندێک لە کۆمەڵناسانی ئاینگەرا، گومان لەڕاستی ئەوتیۆرە دەکەن و لە وباوەڕەدان کە قەیرانی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری وای کردووە مرۆڤەکان بۆڕازیکردنی پێداویستی ڕۆحی – دەروونی جارێکیدی بۆ ئاین بگەڕێنەوە و دەبێ لەڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی بنەڕەتی بۆ ئاین دابنرێت. مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوو بۆ ڕزگاربوون لەبنبەستی ڕۆحی – دەروونی، لایەنگری ئاینی نوێ دەکەن و بەوهۆیە دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئاینیک بکرێ، کە لەکاتی دەربڕینی بیروباوەڕی ئاینی، هەریەکەیان ببنە ئیمپراتۆریەکی گەورە و لە ڕێگای دەسەڵاتی دارایی خۆیانەوە دەکۆشن کاریگەرییان بەسەر پڕۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەبێت و لایەنگران و باوەڕدارانی خۆیان بەرە و لایەک بەرن کە جیهان بینی دینیان، بەخوازراو و بۆ کامەرانی جۆرێک مرۆڤ بە سوودی دەزانێت.

هەروەک زانیمان کە ڕەوتی (سیکۆلاریزم) شتێک نیە جگە لەڕەوتی نا ئاینی بوونی حکومەت. تا پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی ئەورووپادا نەبووژابۆوە، حکومەتەکان ڕەوایەتیان لەکلێسای کاسۆلیک وەردەگـرت و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بە پێی ڕاسپاردەی ئەم شەریعەتە ئەرکی سەرشانییان بوو ، بۆیە حکومەتەکان ڕەفتاری خۆیان لەگەڵ بنەما و حوکمەکانی ئاینی مەسیحیەت دەگونجاند. بەڵام بەسەرهەڵدانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بەردەوام لەڕەوتی بەرهەمهێناندا خراوەتە سەر ڕۆڵی زانستی سروشتی. دەزانین زەوی لەکۆمەڵگەی پێش سەرمایەداری

هۆکاری سەرەکی و کشتوکاڵ شێوەی بنچینەیی بەرهەمهێنان بوو. مرۆڤ لەم پەیوەندیەدا هەوڵدەدات دیسانەوە کاروچالاکیەکانی بەرهەم بێنێتەوە کە لەسروشتدایە، بەکارهێنانی سروشت بەسترابوەوە، بەوەی کە زۆربەی زەوییەکان بۆچاندن و ڕواندنی گژوگیایەک تەرخان بکەن، کە تەکنەلۆژیای تەکنەلۆژیاکەیان دەیانتوانی بەشێک لەپێداویستیەکانی خۆراکی مرۆڤ بێننە دی. بەم شێوەیە مرۆڤ بە چالاکی خۆی بوار بۆگەشەی بەشێک لەو گژوگیایانە بڕەخسێنێت، کە لەسروشتدا هەن، بەڵام بەرهەمهێنانی پیشەسازی گۆڕان و داگیرکردنی سروشت و دروستکردنی هاوشانی تەکنەلۆژیایەکە کە مرۆڤ درووستی کردون و خۆی لە خۆیدا لە سروشتدا بوونی واقیعییان نییە. بەدەستەواژەیەکی دی، گۆڕانکاری جیهان بابەت و هەوێنی ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان پێک دەهێنێت، بۆئەوەی ئەم پڕۆسەیە بتوانێت دەست پێبکات، دەبێ زانستی مرۆڤایەتی بە کەڵەکەبوونێکی وادەگات کە مرۆڤ بە سوود وەرگرتن لە زانست دەیتوانی هەم پەی بەو میکانیزمانە بەرێت کە لە سروشتدا هەن، هەم چۆنیەتی گۆڕینی تۆخمەکانی سروشتی بۆ ئەو پیشەسازییە دەزانی، کە دەکرێت پێویستیەکانی ڕازی بکەن. ئەقڵگەرایی لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری، نەک تەنها لەبەرهەم هێناندا، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بۆتوخمی زاڵ گۆڕا و هێندەی پێنەچوو کە دژایەتی ئاشت نەبووەوە لەنێوان ڕەوایەتی ئاینی حکومەت و پێویستی بەرهەمهێنان ئاشکرابێ، کە بە پێی دەستکەوتەکانی زانست پۆلێن دەکرێن، چونکە ڕێنماییە ئاینیەکان لەهەموو بوارەکاندا هاوتەریبی دەرەنجامی زانستی نین. کڵێسای مەسیح لە سەرەتادا هەوڵیدا ئەوبەشە لەدەسکەوتەکانی زانست ڕەتبکاتەوە، کە لەگەڵ باوەڕی ئاینی ناکۆکن، بەوهۆیە گالیلۆ(13) بیرمەندی ئیتالی دادگایی و ناچارکرا لە بەردەم (دادگای ئاینی) لە سەرئەوبنەمایە باوەڕی زانستی خۆی بەدرۆبخاتەوە، کە زەوی خڕە و بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. تەنانەت ئەمەریکا کە خاوەنی کۆنترین ستراکتۆری دەوڵەتی دیموکراتیکی سیکۆلارە، هەندێک لە کۆمەڵە ئاینیەکانی مەسیحی داوا دەکەن تیۆری داروین سەبارەت بە درووستبوونی مرۆڤ لە قوتابخانەکان نەخوێنرێت، چونکە بە پێچەوانەی چیرۆکی درووستبوونی ئادەم و حەوای دەزانن، کە گێڕانەوەکەی لە کتێبی تەوراتدا هاتووە و مەسیحیەت و

ئیسلامیش پشتگیری یان کردووە.

بەڵام بەردەوامی پرۆسەیەکی وا هاوکات ڕەوتێکی لەوچەشنە لەگەڵ بەرهەمهێنانی پیشەسازی ناکۆکە، چونکە لەلایەک ناهێڵێت زانستی سروشتی و زارەکی ببوژێنەوە و لە لایەکی دی دەسکەوتە زانستیەکان لە چوارچێوەی باوەڕی ئاینی سنووردار دەکات، زانستەکان ناتوانن لە گەشەی زۆر بەهرەمەندبن و لە ئاکامدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی نەیتوانیووە بەردەوام شۆڕش و وەرچەرخانی بە سەر دابێت. بەم شێوەیە (سیکۆلاریزم) بزوتنەوەیەک بەیان دەکات کە مرۆڤی قۆناغی سەرمایەداری بۆنەهێشتنی ئەم دژایەتیە بڕیوویەتی. بە کورتی (سیکۆلاریزم) دەکۆشێت زانست لە چوارچێوەی باوەڕە ئاینیەکان ڕزگار بکات و ئەمە ڕەخساو نیە، مەگەر هەموو بەستێنەکانی ژیانی مرۆڤ لە دۆگمایی ئاینی ڕزگار بکەن. سەربەخۆیی زانست لە باوەڕە ئاینیەکان، هاوکاتی ڕزگارکردنی حکومەتە لە ئاین و پەیدابوونی (مرۆڤی ئازاد)ە.

**پۆست سیکۆلاریزم**

زانیمان کە (سیکۆلاریزم)، پرۆسەیەکە لەئەنجامیدا مرۆڤ خۆبەڕێوەبەر و لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەهرەمەند دەبێت. هاوکات بەهۆی پێشکەوتنی زانست، ئەقڵگەرایی ڕۆڵی چارەنووسساز لە ژیانی تاک و کۆمەڵایەتیدا دەبینێ و هەرئەو پرۆسەیە بۆتەهۆی کزکردنی پەیوەندی ئەو مرۆڤانە بە کڵێسا و باوەڕە ئاینیەکانەوە کە ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوی ئەمریکا و ئەوروپا دەژین. بە دەستەواژەیەکی دی، پەرەسەندنی پرۆسەی (سیکۆلاریزم) پەیوەندی مرۆڤەکانی بە دامەزراوە ئاینیەکانەوە سستکردووە. ئێستا بەو وڵاتانە دەڵێن پرۆسەی نامەسیحی بوونی کۆمەڵگەی (سیکۆلاریزم). Entchristlichung بۆنێگەیشتن لەم خاڵە کە هەرچەند دەوڵەت زۆرتر لە پێکهاتەی سیکۆلار بەهرەمەند بێت، هەربەو ڕادەیەش ئاینی فەرمی لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی خۆرئاوا لاوازتر دەبێت، ئەوەندە بەسە کۆمەڵگەی مەسیحی ئەڵمانیا بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە:

لە ئەڵمانیا دەوڵەت و کڵێسای کاسۆلیک و پرۆتستانت پەیماننامەیەکیان پشت بەستوو بەوە واژۆ کردووە، کە دەوڵەت مافی خۆیەتی (سەرانە) بۆ ئەم

دووکڵێسایە بنێرێت. ئەوکەسانەی ئیشدەکەن، دەبێ ئەندام بوونییان لە یەکێ لەم دوو کڵێسایە بە خاوەن کارەکەیان ڕابگەیەنن. لە کاتێکدا کە پشتگیری لە مشورخۆرانی ئەم بڕیارە بکەن، لەوکاتەدا دەوڵەت مافی خۆیەتی بڕێک لە داهاتییان (شتێک نزیکەی 10% لە و سەرانەیەی کە دەبێ تاک بیخاتە سندوقی دەوڵەتەوە) وەک (سەرانەی کڵێسا) بپارێزێت و بیخاتە حساباتی ئەم دووکڵێسایەوە. بەم شێوەیە، دەکرێت بە ئاسایی لە ئەڵمانیا ژمارەی ئەوکەسانە بخەملێندرێ، کە خاوەن بیروباوەڕی ئاینین و ئامادەن لەبەر باوەڕی ئاینیان هاوکاری دارایی بدەن بە کڵێسا. هەربەپێی ئەوئامارە دەرکەوتووە کە ئێستا ساڵانە نزیکەی سەدهەزارکەس واز لە ئەندامیەتی کڵێسا دێنن و ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانە کەم دەبێتەوە، دەچنە کڵێسا تا بەشداری لە بۆنە ئاینیەکان بکەن و کار گەیشتۆتە ئەوەی کە وا بڕیارە لە هەندێک لە شارەکانی ئەڵمانیا چەند کڵێسایەک بفرۆشرێن، چونکە لەلایەک ژمارەی ئەوکەسانە زۆرکەمە، کە بۆ بۆنەی ئاینی دەچنە کڵێساکان و لەلاکەی دی ڕۆژ بەڕۆژ لە قەوارەی (سەرانەی کڵێسا) کەم دەبێتەوە، هەرچەند کڵێسای کاسۆلیک و پڕۆتستانت خاوەن سامانێکی زۆری چەند سەد یۆرۆیین، ناتوانن خەرجی ئاگاداری و نۆژەنکردنەوەی کڵێساکانیان دابین بکەن. تەنانەت دەڵێن موسڵمانانی ئەڵمانیا بڕیاریانداوە یەکێ لەو کڵێسایانە بکڕن و بیکەن بە مزگەوت. بە گوێرەی ئەوئامارانە ئێستا لە ئەڵمانیا 1\3ی دانیشتوانی پەیڕەوی لە هیچ دینێک ناکەن. هەندێک لە ڕاپرسیەکان دەریدەخەن کە تەنانەت زۆربەی باوەڕدارانی خوێندەوار پێیانوایە خوا بۆتە دیاردەی (بێ ڕووخسار) و لە وەختی نوێژ و پاڕانەوەدا بە بونەوەرێکی نا چالاک Passive و بۆ هێزێکی ڕووت گۆڕاوە.

لەگەڵ پەیدابوونی (سیکۆلاریزم) ئایدۆلۆژیە سیاسیەکان هەوڵیانداوە بە پاوانکاری ئاین وەکو ئایدۆلۆژیای کۆتایی هاتوو شوێنی ئاین بگرنەوە یا بە ئاوێتەبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکەن. کۆمۆنیزم بە یەکجارەکی ئاینی ڕەتکردەوە، فاشیزم لە ئیتالیا و نازیزم لە ئەڵمانیا لە ئاوێتەبوونییان لەگەڵ ئاین، دەوڵەتییان پاوانکرد و هەوڵیاندا بە سازدانی کۆمەڵانی خەڵک و بە کاربردنی تیرۆری ڕووت دژی (چینە وەبەرهێنەرەکان)، بیروڕا جیاوازەکان کە

## سیکۆلاریزم

پێیان دەگوتن (دژە شۆڕش) و (پلە نزمەکان) ئیرادەی مێژوو ڕەت بکەنەوە، چونکە دەیانویست فیکرگەلێک بێننەدی کە بەگوێرەی دراوە مێژووییەکان ئەگەری هاتنەدی یا نەڕەخساوە یا لە ڕابردوو لە دایکبووە و بەڵام ئێستا شایانی ئەوە نین ببن.

مرۆڤی ئێستای کۆمەڵگەی پێشکەوتووی سەرمایەداری، عەوداڵی (هێنانەدی خۆی)ەتی Selbsverwirklichung ، ئەوەش لەڕێگای سیکۆلاریزاسیۆنی گشت بەها ئاینی و دەسەڵاتی ئەقڵسالاری بە سەر تێکڕای بەستێنەکانی ژیانی تاکیی و کۆمەڵایەتی. دەخوازێت ئۆرگانیزەکردنی هەموو شکڵەکانی ژیانی تاکی و گشتی لە سەربنەمای لۆژیکی ئەقڵانی ئەنجام بدرێت. گەرچی ئەوچەشنە مرۆڤە، توانی دین سیکۆلاریزە بکات، بەڵام نەیتوانیووە خۆی لێ داماڵێت. جۆرێک ترسی دینی بە سەر ئەقڵی مرۆڤی ئێستادا زاڵدەبێت، چونکە دەترسن لە وەی کە نەتوانن ڕەوتەکان بە لۆژیکی پشت ئەستوور بە ئەقڵسالاری، ڕوونبکەنەوە.

بەم حاڵە لە 81% ئەڵمانیەکان (ئازادییە فەردیەکان)یان لا کارێکی زۆر (پیرۆز)ە. 70% هێشتا جەژنی لە دایکبوونی مەسیح بەرز ڕادەگرن و پشوو گەشتی تۆریستی گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی لە 35%ی ئەڵمانیەکان پێکدێنێت و تەنها لە 20%ی هێشتا دەچنە کڵێسا و پەیڕەووی کردن لە ئامۆژگاری و پەیامەکانی مەسیح، بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنن.(14)

مارکس مرۆڤی بە ئەفرێنەری دین ناوزەد کردووە و بیرمان دەخاتەوە کە دین لە حاڵەتێکدا بێکەسی واقعی مرۆڤ پەرچ دەکاتەوە، بەڵام بەو دۆخە نارەزاییەکەی بەیان دەکات و لەم پەیوەندییە بەرامبەرەدایە کە دین بە (تریاکی گەلان) ناودەبات.(15) سیگمۆند فرۆید،(16) دەروونناسی نەمسایی لەساڵی 1907 نووسی کە دین بریتییە لە (دەمارگیریNeuroses داسەپاوی جیهانگر). زانستی کۆمەڵناسی مۆدێرن ئاشکرای دەکات کە تەنانەت گەر مرۆڤ بتوانێت خۆی لەکۆتوبەندی پەرستگا، کڵێساکان و مزگەوت ڕزگاربکات، بەڵام ناتوانێت بەبێ ئاین بژی. هەرچەند سیکۆلاریزم ئاینی لە دەوڵەت دوورخستەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لە کۆمەڵگەدا هەرەسی پێ بێنێت. یۆرگن هابرماسی Jorgen Habra›s فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیا ئێستا باسی کۆمەڵگەی پۆست سیکۆلاریزاسیۆن

Postsakularدەکاتَ و پێیوایە (مەسیحیەتَ تەنیا کانالیزاتۆرێک نیە بۆ بەهای بەڵگە نەویستی مۆدێرنێتە ... بەڵکو یەکسانگەرایی جیهانگر کە سەرچاوەی ڕوانگەکانی ئازادی و ژیان هاوشانی هاوپەیوەندییە. میراتی دادپەروەری جولەکەیە و ئەخلاقی هۆگری هاوچەشنی مەسیحیەتە. بەردەوام ڕەخنە لەم میراتە گیراوە، بێ ئەوەی گەوهەرەکەی وەرچەرخێنێتَ و سەرلەنوێ شرۆڤە کراوەتەوە. تائێستا شەنوکەوی ئەم میراتە بەدەستنەهاتووە). بۆیە هابرماس داوا لەڕێبەرانی کڵێسا دەکا کە (لە قەدەر ڕێساکانی خۆیان) زۆرتر لە وەی تائێستا کە قەوماوە، (ڕادیکاڵانەتر سوود وەرگرن). لەکۆتاییدا هابرماس لەوباوەڕەدایە کە (هەمووشتێک لە کۆمەڵگەی زانیاریەکان چوونیەک دەبێتَ و ساموشکۆی خۆی لە دەستَ دەداتَ. ڕەنگە ئەمە سەقامگیری ئێستای مەسیحیەتیش بگرێتەوە.)(17)

**پەراوێزەکان:**

1-گەڕانەوە بۆکتێبی (شۆڕشی فەرەنسا) لە دووبەرگدا، نووسینی ئەلبێر سۆبۆل، وەرگێڕانی نصرا کسرائیان و عباس موخبر، انتشاراتَ شباهنگ، تهران،1370.

2-بەگوێرەی ڕێنماییەکانی هەندێک لە نێردراوان و بە تایبەتَ ڕێنماییەکانی یۆحەنا، عیسای مەسیح زیاد لەوەی بگاتە کۆتایی خۆی، لە جیهانی غەیبی خوایی بۆزەوی دەگەڕێتەوە و ئەوکەسانە هەڵدەبژێرێتَ کە لە سەردەمی ژیانیاندا خاوەن باوەڕ بوون، لەگەڵ ئەوانە بۆهەزارساڵ ئیمپراتۆری بەهەشتی هەرلەو دنیای زەویدا دێنێتەئاراوە. لەدینی مەسیحیدا بەم هزرە دەڵێن شیلیاسم کە جارێکیدی لەسەربنەمای ژیان بونیاتنراوە و ناویشیان ناوە (قیامەتی یەکەم). مەسیح جارێکیدی مردوانی باوەڕدار زیندوو دەکاتەوە، تا بتوانن بۆماوەی 1000ساڵ لەچێژی ئەم جیهانە بەهرەمەندبن، کە لەسەردەمی ژیانیاندا بەهۆی دین چاوپۆشییان لێکردبوو. دەکرێتَ لەم پەیوەندییەدا بۆ (دۆزەرەوەی یۆحەنای نێردراو) بابی 20 تا 22 بگەڕێیەوە. دیارە کڵێسای کاسۆلیک و پرۆتستانتَ ئەم تیۆرەیان قبوڵ نیە و بە درێژایی مێژووی خۆیان دژایەتی ئەم بیرۆکەیان کردووە.

3-گەڕانەوە بۆکتێبی (مێژووی کۆی دینەکان لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ)،

دانانی جان ناس، وەرگێڕانی علی اصغر حکمت، انتشارات پیرۆز ، تهران، 1348.

4-لە وەرگێڕانە ئەڵمانیەکەی ئینجیل بۆوەرگێڕانی وشەی جیهانی غەیبیەت سوود لە وشەی ڕایش Reich وەرگیراوە کە مانای تری ئیمپراتۆریە. هەربەو هۆیەش نازیەکانی ئەڵمانیای حکومەتی هیتلەریش ناودەنێن (ڕایشی سێیەم) کە پاش دوو ئیمپراتۆری پێشوو بونیادنراوە و بڕیاربوو تا هەزارەی سێیەمی دوای زایین بەردەوام بێت. ئەمان لە بانگەشەکەیاندا باسی ئیمپراتۆریەتی هەزارساڵەی ئەڵمانیایان دەکرد کە ئاماژەیەک بوو بۆئیمپراتۆریەتی هەزارساڵەیی کە مەسیحی پیرۆز دەیویست لە سەر زەوی بیهێنێتەئاراوە.

5-پترۆس Petrus لە زمانی یۆنانی مانای کەڤرە. ئەم لەقەبە عیسای مەسیح دای بەیەکێ لەیارمەتیدەرەکانی کە ناوی Simon، بوو. بەپێی گێڕانەوەیەکی ئینجیل سیمۆن کوڕی ماسیگیرێک بوو بەناوی یۆنا Jona و لەگەڵ براکەی کە ناوی ئەندراس Andeas بوو، پەیوەندی بە مەسیح و پەیڕەوی لێکرد. هەرچەند کە لە کاتێکدا سەربازەکانی بۆگرتنی مەسیح هاتبوون، بە ڕەتکردنەوەی مەسیح ڕاگەیشت، بەڵام پاش لەخاچدانی مەسیح لەگەڵ دووکەسی دیکەی یارمەتیدەرانی عیسای مەسیح لە ئۆرشەلیم لە بانگەشەی ڕێبازەکەی کۆڵیەوە. پاش ئەوێ چووە ڕۆم و لەوێ بانگەشەی بۆدینی مەسیحیەت کرد و لە سەردەمی ئیمپراتۆری نیرۆن Nero لەگەڵ زۆرێکی دیکەی مەسیحیان شەهیدبوو تەرمەکەیان لە شوێنێک ناشت کە ئێستا پەیوەندی بەڤاتیکانەوە هەیە. بەپێی ڕێنماییەکانی کڵێسای کاسۆلیک پترۆس یەکەم ئوسقوفی ڕۆم بوو.

6-بگەڕێوە بۆ (0ئینجیلی مەتا)، بابی شانزەیەم، (ئینجیلی لۆقا)، بابی 22 و (ئینجیلی یۆحەنا)، بابی 21.

7-پرۆتستانیزم Protestation لە وشەی پرۆتست Protest داتاشراوە کە بەمانای نەیاری نارەزاییە و جوڵانەوەی چاکسازییانەی مارتین لۆسەریش نا ڕەزایی بوو بەکاری کڵێسای کاسۆلیک و هەربەوبەڵگەیە بەوشرۆڤەیان دەگوت پرۆتستانیزم، کە مەسیحیەت بانگەشەی بۆدەکرد. لەوسەردەمەدا و لەسیستمی مافەکانی فیودالی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا زاراوەیەک هەیە بەناوی پرۆتستاسیۆن Protestation کە وشەی پرۆتستانیزم هەر لەو وشەیە داتاشراوە. لە ساڵی 1529

نوێنەرانی 5 شـازادە نشین و 14 شار لە کۆبونەوەیەک کە سازییان دابوو، لایحەیەکییان دژی دەنگدانی 1526ی ئەنجومەنی ئیمپراتۆری دەنگییان بۆدا کە سنورێک بۆئەو بڕوادارانە لە بەرچاو گیرابوو، کە لە مێتۆد و شێوازی لۆسەر پەیڕەوی دەکەن. ئەم دەنگدانەی پڕۆتستانیزۆن ناونراو هەرئەوە بووە هۆی ئەوەی تا لەوە بە دواوە نەیارانی لۆسەر جوڵانەوەی چاکسازی ئاینیەکەی ناوبنێن گاڵتەجاڕی پڕۆتسنانتیزم.

8-لەم بوارەدا بگەڕێوە بۆ بۆئەم بەرهەمە 1978 ,»Sakularisierung im 19. Jahrhundert«:

9-هەندێک لە ئەڵمانیەکان لەکۆتایی دەیەی زایینی بۆئەوەی دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتی پروس Preussen بکەنە مەسیحی، چوونە ئەوناوچەیە و پەیتا پەیتا سەرۆکایەتی سیاسی پروسییان گرتەدەست و خەڵکی ڕەسەنیان بۆخۆیان ڕاکێشا و دەوڵەتی پروسییان دامەزراند. حکومەتی پروس لەساڵی 1522 باوەڕی بە ڕێبازی پڕۆتستانیزم هێنا و خۆی لە کڵێسای کاسۆلیک و سەروەری دەوڵەتی هۆڵندا ڕزگار کرد. لەسەردەمی دەسەڵاتی فریدیشی سێ پروس گەشە و بوژانەوەیەکی زۆری بە خۆیەوە دیت و پێی نایە قۆناغی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە. لە سەردەمی سەرەک وەزیری بسمارک پروس توانی زۆرترین دەوڵەتە بچووکەکانی ئەڵمانیا داگیر بکات و لە ڕێگای پەیمان نامەوە بۆبەشێک لە دەوڵەتی پروسییان بگۆڕێت. دوای سەرکەوتنی ڕژێمی پروس دژی سوپای فەرەنسا و دەست بەسەرداگرتنی ڤرسای، ئاقیبەت لە ساڵی 1871 سەرۆکانی هەرێمەکانی ئەڵمانیا لە کۆشکی ڤرسای بڕیاریاندا ویلهێلمی یەکەم کە شای پروس بوو، بە ناوی شا «ڕایشی ئەڵمان» پەسند بکەن و بەم شێوەیە «ڕایشی یەکەم» بە سەرۆکایەتی بسمارک هاتەئاراوە و دەوڵەتی پروس لە ناوچوو.

10-وشەی ئەمانسیپاسیۆن Emanzipation یش بە درێژایی مێژوو لە مانای جۆراوجۆردا بەکاربراوە. ئەم وشەیە لە سەرەتادا بۆکەسانێکیان بەکاربرد کە لە و پەیوەندییە ڕزگارییان دەبوو، زەبروزەنگ زاڵبوو. بۆ نمونە هەرجارێک کوڕێک ماڵی باوکی جێدەهێشت، دەیانگوت کە بەئەمانسیپاسیۆنی خۆی گەیشتووە، پاشان لەناخی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی ئەوروپا ڕزگاربوون لە چنگی حکومەتی ڕەها و

ستەمکارییان ناونا. مارکس ڕزگاربوونی لە هەرجۆرە پەیوەندییەکی زۆرەملێیانە و لابردنی هەرجۆرە هاوپەیوەستییەک لە هەربوارێکی ژیانی مرۆڤایەتی (کۆمەڵایەتی - ئابووری، سیاسی، مافی، ئاینی و ...) ناودەنێت ئەمانسیپاسیۆن.

11-لەم بوارەدا گەڕانەوە بۆکتێبی , Karl Heyden, Gunther Ulrich, Horst Mollnau, »Von Jenseits zum Diessts«: Jena, 1960

12-لائیسیم Laizismus لە بەرامبەر کلیریکالیزم Klerikalismus دایە. کلیریکالیزمەکان خوازیاری ئەوەن کە کڵێسا و بە تایبەت کڵێسای کاسۆلیک لە دانانی یاساکان ڕۆڵی دەستنیشانکەرییان هەبێت تا یاساگەلی ناکۆک بە بەهاکانی مەسیحیەت دانەنرێن. لائیستەکان بە پێچەوانەوە، دەیانەوێت دین و دەوڵەت لە یەکدی جیابن، دین کاری فەردی و تایبەتییە و لەئەنجامدا یاساگەلێکە لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە دادەنرێ، دەبێ وەڵامی پێداویستیەکانی زەمانە بدەنەوە و نابێ بە ها ئاینیەکان لەم پەیوەندیەدا ڕۆڵییان هەبێت.

13-گالیلۆ Galileo Glilei لە 15ی فەوریەی 1564 لە شاری پیزا Pisa لە دایکبوو لە 8ی ژانویەی 1642 لە نزیک فلۆرانس مرد. ئەو ژمارە و پێوان زان و لێکۆڵەریاری زانستی سروشتی و ئەزموونی بوو. گالیلۆ یەکێ لە گەورەکانی زانستە و دۆزینەوەی زۆری هەیە کە برینین لە دۆزینەوەی یاسای هەژانی پاندۆلی و دۆزینەوەی تەرازووی هایدرۆلیک. سەرباری ئەمانە تەکنیکی سازکرد و کامیرای پێشخست و توانی بە هاوکاری ئەم کامیرایانە بیسەلمێنێت کە کێو لە سەرگۆی مانگ هەیە و 4ئەکواریۆم ئاشکرا بکات کە بەدەوری گۆی ژۆپینەردا دەخولێنەوە، نیشانیدا کە پەڵەی ڕەش لە سەر ڕۆژ هەن. ئیدی ئەو لێکۆڵینەوەی لە بەستێنی ڕوونکردنەوەی یاساکانی پەرتبونی جەستەی کردووە. بەوبەڵگەیەی کە بە ئاشکرا پشتگیری لە تیۆری ئاسمانی کۆپەرنیتک کردووە و ئەم تیۆرە لە وباوەڕەدایە کە زەوی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە نەک بە پێچەوانەوە، کڵێسای کاسۆلیک دادگاییانکرد و ناچاربوو تیۆرە زانستی یەکانی خۆی ڕەت بکاتەوە.

14-گەڕانەوە بۆ von»die Zeit» Michael Naumann, erschienen in «Sakularisierung, der Gott, der und fehlt» 19. 12. 2001

15-گەڕانەوە بۆ کۆبەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس بە زمانی ئەڵمانی،

بەرگی1، لاپەڕەی 378.

16-سیگمۆند فرۆید Siegmund Freud لە ساڵی 1856 لە دایکبووە و لە ساڵی 1939 مـردووە. بونیاتنەری دەرون شیکارییە. لەم پەیوەندیەدا دیسانەوە «ئاگا بوون و نا ئاگابوون»، دەروونشیکاری «خەونەکان»، «دینامیزمی غەریزەکان» بەرهەمی تیۆریکی بەرجەستەی لە پاش بەجێماوە. هەروەها فرۆید لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە مەڕ «ڕەچەڵەکناسی»، «زانستی ئاین»، ئوستوورەناسی و هەروەها مەسەلەکانی «کۆمەڵناسی» و «جوانناسی - ستاتیک»یەوە کردووە. بەرهەمەکانی بریتین لە: داهاتووی وەهمێک1900، لە مەڕ دەرون لە هەموو بارووددۆخێکی ژیاندا 1901، ئانە و پەیوەندییەکەی بە نا ئاگابوون 1905، دەروون ناسی جەماوەر و شیکارەکەی من 1920 و ...

17-گەڕانەوە بۆ von»die Zeit» Michael Naumann, erschienen in «Sakularisierung, der Gott, der und fehlt» 19. 12. 2001

# سیکۆلاریزم

## فکری عەلمانیەت Secularism و کۆمەڵگەی ئێمە

عەدالەت عەبدوڵڵا

لە بارەی پرسی عەلمانیەتەوە لە هەرێمی کوردستان، هێشتا ئاماژەیەکی سۆسیۆلۆژی و کلتوریی روون و یەکلاکەرەوەمان نییە، کە بیسەلمێنێت کۆمەڵگەیەکین ناتوانین هیچ جێگایەکی فکری و سیاسی و ئەخلاقی و سایکۆلۆژی بۆ ئەم بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییە لە واقعی خۆماندا بکەینەوە.

ئەتوانین بە سادەیی بڵێین: ئەوانەی کە بە پێچەوانەی ئێمەوە، پێیانوایە ئەم ئاماژەیە بە روونی دەبینرێت، خەڵکانێکن کە لە دنیای ئێمەدا پتر سەربە دوو هێزی کۆمەڵایەتین، یەکێکیان ئەو هاووڵاتییانەن کە لە دەوری هێز و رەوتە ئیسلامییەکانماندا کۆبوونەتەوە، ئەمانە لە بنەڕەتدا بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی پەروەردەی سیاسییان رێگا بە کرانەوەیان بە رووی فکری عەلمانیەتدا نادەن. دووەمیشیان، کە توێژێکی فراوانترە، زیاتر ئەو هاووڵاتیانەمانن کە موسڵمانی سوننەتین، واتە ئەوانەن کە لەدوورەوە هەندێ زانیاریی هەڵەیان لە بارەی نێوبانگی فکری عەلمانیەت پێ گەیشتووە و شارەزاییان لە بارەی ئەم بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەوە نییە، بۆیە لە هەمو حاڵێکدا هەرسی ناکەن.

لە راستیدا ئەوانەی دەڵێن عەلمانیەت لە واقعی سۆسیۆلۆژی و ماڵی کلتوریی ئێمەدا جێگەی نابێتەوەو هاوردەیە، پێشوەخت لە دوو گرفتی فکریی گەورەی خۆیان بە ئاگانین، یەکەمیان کە گرفتێکی تیۆرییە، بریتییە لە زاڵبوونی هۆشیاریی گریمانەکارانە( الوعی الإفتراضی ) بەسەریاندا لە ناسینی چەمک و ئایدیا کۆمەڵایەتییە نا باوەکاندا، بەتایبەت بیروباوەڕە مۆدێرنەکان و ئەو بەها و کۆنسێپتانەی کە بەشێک نین لە کەلەپوری فکری ئیسلامی. دووەمیشیان: تێنەگەیشتن لە فکری عەلمانیەت، لەوەش خراپتر، بوونی مانایەکی فکری و عەقائیدیی لەلایاندا لەئاست هەر ئیرادەو هەوڵێکی مەعریفی بۆ تێگەیشتنێکی فراوان، بەتایبەت لەو ئاستە کراوانەی مانا و دەلالەت کە فکری عەلمانیەت لە

خۆیدا هەڵیگرتوون ، واتە دوورکەوتنەوە لە وێناکردنی عەلمانیەت تەنها لە روانگەیەکی شێوەبەنددا ( منقور نمگی ) کە دواجار چۆن لێیەوە بڕوانرێت ئەوا لە دواییدا عەلمانیەت یەکسان دەکرێت بە دژایەتی و دوژمنایەتیکردن لەگەڵ یەکێک لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کلتوری کۆمەڵگەی ئێمە کە ئەویش ئاین–ە، ئیتر ئەمە بەبێ هۆشیاربوون و سەرنجدان تەنانەت لە هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتی کلتوری و ئەنگێزەی سیاسیی بەرچاو، کە دەشێت بە وردبوونەوە لە هەریەکەیان درزی گەورە بکەوێتە ئەو بنەمایانەی کە لە وێناکردنی تەقلیدییانەی فکری عەلمانیەتدا پشتیان پێ دەبەسترێت.

ئێمە لە کات و شوێنی تریشدا وتومانە، بەر لـەوەی بزانین کۆمەڵگەی ئێمە تاچەند دەتوانێت عەلمانیەت قبوڵ بکات، دەبێ پێشوەخت بزانین عەلمانیەت چییە؟ .. بێگومان سەبارەت بەعەلمانیەت Secularism ، دەیان پێناسەمان هەیە. ئێمە ئاگادارین کە لەسەدەی سیازدەوە نەزعەی عەلمانییانە لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا سەریهەڵداوە، تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆ، ئەم پاشخانە مێژووییەش هەر خۆی بە تەنها بەسە بۆ کەڵەکەکردنی ئەدەبیاتێکی فراوان لە بارەی بیروباوەڕی عەلمانیانە و سەلماندنی عەلمانیەت وەک کۆنسێپتێکی کراوە.

ئەم نەزعەیە لە بەرامبەر و لە دژی مێژووی 15 سەدەی ئەوروپادا، کە بەسەدەکانی ناوەڕاست Middle Ages ناسراوە، فۆرم و مۆدێل و دەرکەوت و تایپی جیاجیای وەرگرتووە کە لە ئەنجامدا وەکو خۆی نەیانهێشتۆتەوە، واتە لەو کۆنسێپت و دەلالەتە مێژووییانەدا گیریان نەداوە، کە لە مێژووییەکی دیاریکراودا پێی ناسراوەتەوە.

مێژووی فکری عەلمانیەت خۆی، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری ئەزموونی شارستانییەتی سەردەمی نوێی بەشەری، گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەموار کراوەتەوە، هەر لەگەڵ خۆیدا گۆڕان و ئاڵوگۆڕیش کەوتووەتە پێناسەکردن و تێگەیشتنەوە لێی، بۆیە یەکەمین هەڵەی مەعریفی ئەوەیە کە، وا تێبگەین دەتوانرێت عەلمانیەت لە هەندێ پێناسەی سادەدا کورت بکرێتەوە، یان ئەم چەمکە لە جوڵە و گۆڕان بخرێت و ببێنرێت ( توپین ) ئیتر وەک ئەوەی ئاسۆی هۆشیاری و فکری بەشەریەت، لە بەرامبەر بوون و گەردوون و جیهان

## سیكۆلاریزم

و دیاردەكانی ناویدا، له خاڵێكی مێژوویی دیاریكراودا وەستابێت و پێویستی به پیاچوونەوە، گۆڕانكاری، فراوانكردن و نوێكردنەوە نەبێت!.

زۆركەس دەزانێ كه ئەو عەلمانیەتەی لەسەردەمی رێنیسانسدا ( سەدەكانی 15 و 16) هەبووە، هەمان مۆدێلی عەلمانیەت نییه، كه لەسەردەمی رۆشنگەریداAge of Enlightenment ( سەدەی 18) بانگەشەی بۆ دەكرێت. جیاوازییەكە تەنها جیاوازیی نێوان مێژووەكان نییه وەكو ژمارە، بەڵكو جیاوازییه له ئەزموون و كلتور و تێگەیشتنیشدا، جیاوازییه لەو مانا مێژووییانەی كه عەلمانیەت، له سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی دی، لەخۆیان دەگرێت و له سەردەمێكی تردا بەكاریاندەبات ( استهلاك)!و پاشان له سەردەمی تردا و لەسەر دەستی هێزی سیاسی و كۆمەڵایەتی تردا مانای دی بۆ بەها و بایەخی خۆی بۆ مرۆڤ و كۆمەڵگەكان، بەرهەمدەهێنێت.

عەلمانیەت، تەنها لەگەڵ سەرهەڵدانی یەكەم جاری ئەم زاراوەیەشدا دەست پێناكات، كه دەگەڕێتەوە بۆ ئاشتەوایی، ویستفالیا-ی ساڵی 1648 كه كۆتایی بەجەنگه ئاینییەكانی ئەوروپا هێنا، بەڵكو به پێی هەموو سەرچاوە مێژووییەكان، رەگێكی قوڵتر و كۆنتری هەیه. به كورتی بۆ تیۆریزەكردنی عەلمانیەت و تێگەیشتن لەم چەمكە دەتوانین بڵێین: هەموو ئەنگێزەیەكی مرۆڤدۆستی humanismكـه یەكێكه له بەهاكانی سەردەمی رێنسانس، یان زانستخوازیScientism كه خەسڵەتێكی رەسەنی مرۆڤە هەر له سەردەمی سوكرات-ەوە (399پ.ز470-پ.ز) تا دەگاتە سەردەمی رینییە دێكارت (1596ز-1650ز)، یان عەقڵانییەت Rationalismكـه دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە و سەردەمی رۆشنگەری، یان رێژەگەرایی. هەروەها هەموو هەڵوێستێكی دژە غەیبی و دژە پیرۆزیی. هەموو پێداگرتنێك لەسەر پلۆرالیزم، لەسەر مەشروعییەتی زەمینی و بوونی زیاتر لەكەناڵێك لەتەشریع و مەشروعییەت لەكۆمەڵگەدا. هەموو ژیاندۆستی و دووركرتنێك لەتوندوتیژی و باوەڕكردنێك به دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، هەموو ئەمانه و زۆر چەمكی تریش، دواجار، سەرلەبەر، لەچوارچێوەی فكری عەلمانیدا كۆدەبنەوە و ئامادەگیی هەریەكەشیان،بەشێوەیەك لەشێوەكان، بەڵگەن بۆ ئامادەگیی روحی عەلمانییانه.

# سیکۆلاریزم

هەڵبەتە ئێمە ناتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن کۆی ئەو چەمک و دیاردە و هەڵوێستە مرۆییانە درێژکراوەی فکری عەلمانیەتن ئەگەر نەزانین ئەندازە و مانای خودی چەمک Conceptخـۆی چییە، واتە نەزانین چەمکی چەمک ( مفهوم المفهوم) چییە وەک لای فەیلەسوفی فەرەنسیی کۆچکردوو جیل دولۆز 1925) 1995–Deleuze Gilles) هەیە.

لای دۆلۆز هەموو چەمکێک وابەستەی کۆمەڵێک چەمکی ترە، هەر بۆیە هەموو چەمکێک چەمکێکی تەواو نییە، بەڵکو نیمچە چەمکە و لەناو مێژوودا دەوڵەمەند دەبێت و گۆڕانی بەسەر دێت. لەبەر رۆشنیایی ئەم تیۆرەش بۆ چەمک، سەرنج دەدەین کە عەلمانیەتیش، لەخودی خۆیدا، زاراوەیەکی بۆش و بەتاڵە، ئەگەر مێژوو و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو مێژوو، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی، بەپێی پێویستی و خواست و ستراتیژی خۆیان بارگاوی نەکەن بەکۆمەڵێک مانا و دەلالەتی نوێ، یان بەهاو چەمکی جیاجیا کە دەبنە ستراکچەری ئەو و پێکی دەهێنن، ئەوا وەک چەمکێکی دۆگما و هەژار و ناکاریگەر دەمێنێتەوە و کەس بۆی ناگەڕێتەوە و نایکاتە پرەنسیپ و بەشێک لەبیروباوەڕی خۆی.

بەمانایەکی تر، هیچ یەکێ لەو چەمک و ئەنگێزە و هەڵوێستە مرۆییانەی پێشتر ریزمان کردن دابڕاونین لەفکری عەلمانیەت، عەلمانیەتیش بەبێ ئەوانە، بەبێ ئازادییەکان، بەبێ عەقلانییەت، بەبێ ژیاندۆستی، بەبێ هیومانیزم، بەبێ نەهێشتنی پیرۆزگەرایی، بەبێ ناتوندوتیژی، بەبێ ئاشتی، بەبێ هاووڵاتیبوون و مرۆڤبوون، بەبێ دژایەتیکردنی خورافیات و هۆشیاریی ئەفسانەیی، بەبێ مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ وەک لەجاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، لەسەرو هەمووشیانەوە بەبێ زانستخوازی (( کە هەموو ئەمانەش وەک نێز و بیروباوەڕی نوێ ، یان ئیرادە و پێویستیی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان و ململانێی نێوان هێز و جوڵانەوە سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتییەکانیان و لەقۆناغی جیاجیادا هاتوونەتە گۆڕێ و لەزۆر کۆمەڵگەی مرۆییشدا رەواجی فکری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان وەرگرتووە))، عەلمانیەتیش هیچ مانایەکی نەدەبوو، بەڵکو تەنها وەک موفرەدەیەکی سادە و دروشمێکی ساختە دەمایەوە.

ئەو بۆچوونەی کە کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی ئاینی

دەناسێنێت بۆ ئەوەی بڵێت عەلمانیەت بە هیچ مانا و مۆدێل و چەمکێک، یان بەها و بیروباوەڕێک جێگای لە کۆمەڵگەی کوردیدا نابێتەوە، بۆچوونێکە لە سنوری گریمانەیەکی هەڵە زیاتر تێ ناپەڕێت. بێگومان ئێمە ئێدەگەین کە ئاین رۆڵێکی گرنگی لەناو کلتور و کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، بەشێکی بەرچاوی ترادسیۆن و ئەخلاقییات و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیشی داگیر کردووین. ئێمە دەزانین لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێگەی ئاین دەشێت دەیانجار لە فەلسەفە و زانستەکان و، پیاوانی ئاینیش سەدانجار لە رۆشنبیرانی رۆشنگەری ئێمە بەهێزتربێت. دەزانین رەواجی ئەو مەلایانەی لەمزگەوتەکاندا خوتبە دەدەن و سوپایەک گەنج و پیر و ژن و پیاوی ئێمە بەهۆشیارییەکی دینیی رادیکاڵ و دژە عەلمانی تەلقین دەکەن و لە جێی عەقڵ پشت بە نەقڵ دەبەستن و لە جێی واقع و پێویستییەکانی ئینسان لە مێژوودا تەنها گرەو و گرەوی رەها لەسەر ئێکسنە ئاینییەکان دەکەن، زۆر لەو رۆشنبیر و نوسەر و هونەرمەندانەمان زیاترن کە بانگەشە بۆ ژیاندۆستی و ئازادییەکان و مافی ئینسان دەکەن لەسەر زەوی، بەڵام ئەم واقع و دیاردانە، کە بەشێکی سیمای کۆمەڵگەی ئێمەن، بەمانای ئەوە نییە ئیتر کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئاینییە.

ئێمە ئەمڕۆ هەندێ چین و توێژی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرچاومان لەکۆمەڵگەدا هەیە کە لە رووی ناسنامەی فکرییەوە ناسنامەیەکی ئاینیی پەتییان نییە، دەشێت زۆرێکیان موسڵمان بن بە شوناسی دینی، بەڵام پابەندی هەموو ئەحکامە ئاینییەکان و حەڵاڵ و حەرامە دینییەکانیش نەبن.

ئەم چین و توێژانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەگەر نەشزانن عەلمانیەت چییە، ئەگەر تێنەگەن مانا و دەلالات و دەرکەوتەکانی چین، ئەگەر بە ئاگاییەوە هەست بە پێویستیی ئەم بیروباوەڕە نەکەن، ئەگەر لە رووی تیۆریەوە پێی هۆشیار نەبن و بەها و بنەما فکری و ئەخلاقی و سیاسییەکانیشی نەزانن، ئەوا لانیکەم زیاتر لە نەزعەیەکیان تیایە کە پێیەکی پتەویان لە ناو فکری عەلمانیەتدایە. ئەو هاوڵاتیانەمان کە ژیانیان خۆشدەوێ و ژیاندۆستن، کە باوەڕیان بە ئازادییە مەدەنیی و فەردییەکان هەیە، کە کۆمەڵێک نەریتی کوردەواریی دەپارێزن کە لەگەڵ ئایندا تەبانین، یان بەشێکی بەرچاویان لەگەڵ ئەو زنجیرە تابۆ و

## سیکۆلاریزم

حەرامکراوانەدا ناگونجێن کە ئاین و ئاینگەراکانمان بانگەشە بۆ پابەندبوونی کۆمەڵگە دەکەن پێیانەوە، کە بایەخ بە حەز و خولیا و ئارەزووەکانی خۆیان دەدەن، کە ئیش بۆ پاشەرۆژی دنیایی خۆیان دەکەن، کە رێز لە عەقڵ و خەڵکی خاوەن زانست و مەعریفە دەگرن، هەموو ئەم هەڵوێست و رەفتارانە کە لە خەسڵەتەکانی ئینسانی ئێمەدا دەیانبینین و کەمیش نین، لەدواییدا، کەم وزۆر، لە رووی فکرییەوە، تەعبیرن لە ژیان لەسەر زەمینی فکر و ئەخلاقی عەلمانیانەدا، تەنانەت ئەگەر ئینسانەکانی ئێمە خودئاگاش نەبن بەم هەڵوێست و دید و بیروباوەڕانەیان لە ئاست دنیا و دیندا.

لەلایەکی ترەوە، ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لەسەردەمێکی گەردوونیدایە کە یەکێک لەدیارترین رەهەندەکانی برێتییە لەگلۆبالیزەبوونی ئاشکرا و پلە بە پلەی کولتوری رۆژئاوا لەسەر ئەم ئەستێرەیەی کە لەسەری دەژین. ئەم کلتورە هەڵگری شارستانییەتێکی زاڵ و سنوربڕە، مۆدێلی بیرکردنەوە و رەفتار و تایپی ژیان و گوزەرانی خۆی بەسەر جیهاندا پەخش دەکات، دەسکەوتە زانستی و تەکنەلۆژی و ژیارییەکانی خۆی دەناسێنێ، کلتوری کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ناوچەکەی ئێمەش تووشی شۆک و پاشەکشەو دواکەوتوویی مێژوویی زیاتر دەکات.

بە مانایەکی روونتر، مۆدێرنەی رۆژئاوا دەمێکە بەشێکی گرنگی ستراکتۆری تەقلیدیی بیرکردنەوە و رەفتاری مرۆیی کۆمەڵگەکانی جیهانی خستۆتە بەردەم ئەگەری بەهێزی دەستکاریکردنەوە، لانیکەم ناچاری کردوون هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی لەو کۆمەڵگەیانەی ئێمەدا بۆ لای خۆی رابکێشێت و روحێکی مەدەنییانە بەرپا بکات و لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئەم ناوچەیەی ئێمەدا پشکی شێری روح و فکر و ئەخلاق و سایکۆلۆژیای گەنجانی ئێمە بۆ لای خۆی و دەسکەوت و بەهاکانی پەلکێش بکات، بەڵکو بانگێشتیان بکا بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی شارستانییەتە باڵادەستەکان لە کۆی مەیدان و کایە جیاوازەکانی ژیاندا.

واتە هەڵەیەو یەکجار هەڵەیە پێمان وابێت لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا تەنها هێزە تەقلیدی و دینییەکان ئامادەگییان هەیە، تەنها ئاین گەوهەری کلتوری کۆمەڵگەی ئێمە پێکدێنێت و هیچیتر ، بەڵکو کلتور و کۆمەڵگەی ئێمە دەمێکە لەژێر کاریگەریی و جەبری رووداو و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی خۆی و جیهانیشدایە،

# سیکۆلاریزم

بەتایبەتیش بەهۆی کەناڵەکانی کارلێککردنەوە لەگەڵ بەها و دیاردە کلتورییەکانی سەردەمی جیهانگیری Globalism کە سەرەکیترینیان بریتین لە : بڵاوکردنەوەی ئازادییە فەردییەکان، بەهێزکردنی ئـارەزووی ژیاندۆستی، ئیستهلاککردن، خۆشنوودی، سەفەر و گەڕان، سێکس، تایپی نوێی ژیان و ...هتد.. هەموو ئەمانەش، لەهەمانکاتدا، بەمانای کردنەوەی بواری دەستکاریکردنی ستراکتۆری تەقلیدیی کلتوری کۆمەڵگەکانە، بگرە پەخشکردنی نموونەی باڵادەست و باوی کلتوری و شارستانییەتێکی نوێیە لە جیهانی ئێمەدا کە لەرێگەی تەکنەلۆژیای گەیاندن و میدیا و بازاڕی ئازاد و بگرە فشاری سیاسیشەوە ئیشی خۆی دەکات.

من دەتوانم بڵێم: ئەم بەها کلتورییە گڵۆباڵانە تەنانەت– ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەییش بێت – کاری کردۆتەسەر هۆشیاریی تەقلیدیی زۆرێک لەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەی ئێمە و زۆر کۆمەڵگەی تری دەوروبەریشمان کە خۆیان بە داکۆکیکەر لەبەها لۆکاڵی و کلتورە تەقلیدییەکان و پاسەوانی ئاین و شوناسی دینی لەقەڵەم دەدەن.

شکستی هێزە ئیسلامگەراکانی کۆمەڵگەی ئێمە لەوەی تا ئێستا ببنە ئەلتەرناتیڤ بۆ هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی ناو واقعی ئێمە و ناچاربوونیان بەوەی لەگەڵ ئەو هێزە باڵادەستانەدا هەڵبکەن و مەحکوم بن بەوەی لە پرۆسە سیاسییەکاندا لەگەڵیاندا بەشداربن، یان لە بری نەزعەی جیهادی و خوێنڕشتن و توندوتیژی کە لە سەرەتای نەوەتەکاندا گرتبوویانەبەر، ناچار بە خەباتی پەرلەمانی و سیاسی و مەدەنی بن، بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بکەن، سیما نادینییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ئێمەو بازاڕەکانی قبوڵ بکەن و بگرە بیر لە لێکردنەوەی ناوی ئیسلامی لەناسنامەی حزبەکانیان بکەنەوە ...هتد ، هەموو ئەمانە، بە کۆ، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر کۆمەڵگەیەکی عەلمانیش نەبێ بەمانای بەرینی وشە، ئەگەر هێشتا لە رەهەندەکانی فکری عەلمانیەتیش نەگەیشتبێ و لەبەر ئەو شێواندنە ترسناکەی بۆ فکری عەلمانیەت هەیە لەناوچەکەماندا و لەبەر زۆر فاکتەری دی هێشتا بوارمان نەبێ بڵێین کۆمەڵگەی ئێمە رووەو کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە، ئەوا لانیکەم دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی ئاینی پەتی نییە بەو مانایانەی کە هێزە ئیسلامییەکان وێنای دەکەن

## سیکۆلاریزم

لە کاتێکدا بە پارادۆکسێکی ئاشکراوە خودی خۆشیان تێیان پەڕاندووە.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر دیاردەکانی گەندەڵی و شکستی پرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەبێت لە کوردستاندا، ئەوا کۆمەڵگەی کوردی هیچ متمانەیەکی سیاسی بەو هێزە سیاسییانە نادات کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دینین. ئەگەر لەم ساڵانەی دواییدا مەدێکی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستاندا هەبێت، ئەوا بەڵگە نییە بۆ گەشەکردنی فکری دینی، یان پاشەکشەکردنی سیماکانی بیروباوەڕی عەلمانیانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و واقعی کلتوریماندا، بەڵکو ئەو گەشەکردنەی ئیسلامییەکان پەیوەندیی بە سیاسەتی چەوتی هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمەکەمانەوە هەیە لە بەڕێوەبردنێکی عەقڵانییانەی دەسەڵات و سامانی وڵاتدا، ئەگینا کۆمەڵگەی کوردی، چیتر، لە رووی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و لە رووی کلتورییەوە، بە تایبەتیش لەم سەردەمەی گڵۆبالیزەیشنی کلتوری و باڵادەستیی خۆرئاواو کاریگەرییەکانیدا، چ لە ئاستی سیاسی و چ لەسەر ئاستی شارستانی و کلتوری، هەرگیز بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، لەو کرانەوە کۆمەڵایەتی و کلتورییەی کە لە ژێر کاریگەریی فاکتەری خۆیی و دەرەکیدا، هەروەها فاکتەریی تایبەتی و بابەتیدا، بەسەریدا هاتووە، پاشەکشە ناکات، بەڵکو ئەمڕۆ ئەوە هێزە ئیسلامییەکانن ناچارن خۆیان لەگەڵ واقعی نوێی کلتوری و سۆسیۆلۆژیی ئێمەدا بگونجێنن و دەستکاری ئایدیۆلۆژیا و ئاراستەی عەقائیدی و دینیی خۆیان بکەن تا بتوانن بڕێک لە متمانەی هاووڵاتیانمان بۆ خۆیان بەرن.

هەموو ئەم ئاماژانەی کە لە واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوریی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەن، بە گشتی دڵخۆشکەرن بۆ ئەوەی مەرجی بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی عەلمانیانە لە واقعی کوردستاندا بڕەخسێت، بۆ ئەوەی بواریش هەبێت و بکرێتەوە هێزە ( عەلمانی)یە تەوەزەلەکانی دنیای ئێمە ئیشی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی فکری عەلمانیەتیش، دواجار، بەو مانا و دەلالەتە فراوانەی دیاریمان کردن، پلە بەپلە، ببێتە بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، ببێتە بەشێک لە گەوهەری کلتوری کۆمەڵگەی ئێمە.

دەمێنێتەوە بڵێین: ئەمڕۆ بەداخەوە، خاڵی هەرە لاوازیی بەردەم مەرجەکانی گەشەکردنی فکری عەلمانیەت لە کوردستاندا و خۆ جێکردنەوەی

## سیکۆلاریزم

لە هۆشیارییەکی تیۆری و فکری و مەبدەئیدا لای ئینسانی ئێمە، غیابی گروپی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەهێز و چالاک و یەکگرتووی ئەوتۆیە کە بتوانن لەئاستە مەعریفی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم فکرەدا شەڕی ڕەمزی و ململانێی فکریی بەهێزی هێزە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بکەن و موجامەلەی هێزە دینییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانمان نەکەن. ئەم کێشەیە ئەگەر لە ئاستی میللیدا دەرەنجامی نەخەملێنی گروپی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بێت کە چەکدار بێت هۆشیاری تیۆری و مەعریفەی عەلمانیانە، ئەگەر لە ئاستی سیاسیشدا موجامەلاتی سیاسی و تەمەڵیی فکریی هەردوو هێزە سەرەکییە حکومڕانەکەمان ( یەکێتی و پارتی ) لێی بەرپرسیار بێت، ئەوا لە ئاستی نوخبەی ڕووناکبیرییشدا ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئەو خوێندەوار و ڕووناکبیرانەمانە کە بەداخەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا، بە هۆی ململانێ سیاسییەکانی نێوان دەسەڵاتداران و هێزە بەرهەڵستکارەکانمانەوە، چوونە سەنگەری فکریی و ئایدیۆلۆژیی هێزە دینییەکانمان و بگرە هەندێکیان کەوتنە جاڕدانی ئەو دیسکۆرس و دروشمانەی کە پێچەوانەی تەنانەت ناونیشانی لێکۆڵینەوەو کتێبە و ئەدەبیاتە فکرییەکانیانی ڕابردووی خۆشیانە.!

## دەربارەی عەلمانییەت

عەفیف ئەخزەر
لەعەرەبیەوە: شوان ئەحمەد

**عەلمانییەت چییە؟**

فەرهەنگی (ڕۆەبێر) عەلمانیەت بەوە پێناسە دەکات کە: (چەمکێکی سیاسیەو دەخوازێت کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی سیاسی جیابکاتەوە، بە جۆرێک دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئایینی نەبێت و کڵێساش خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت). ئەم پێناسەکردنەی عەلمانییەت، «محەمەد عەبدە» لە وتە بەناوبانگەکەیدا بەمجۆرە فۆرمەلەی دەکات: (نە لە سیاسەتدا ئایین هەیە و نە لە ئایینیشدا سیاسەت). «سەعد زەغلول»یش لە ڕستە بەناوبانگەکەیدا بەمشێوەیە قسەی لێدەکات: (ئایین بۆ یەزدان و نیشتمانیش بۆ هەموان).

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر دەڵێم، سێ جۆر دەوڵەت هەیە:

1-دەوڵەتی ئایینی.

2-دەوڵەتی عەلمانی.

3-دەوڵەتێک کە لە قۆناغی گواستنەوەدایە (لە ئایینەوە بەرەو عەلمانی).

دەوڵەتی ئایینی ئەو فۆرمەیە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووەو لە ساتەوەختی ئەمڕۆدا، جگە لە دەوڵەتی ڤاتیکان لەسەر زەمینی مەسیحیەت و لەسەرزەمینی ئیسلامیش جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی و سودان و دەوڵەتی تاڵیبان کە لەساڵی 2002دا ڕوخا، ئاسەواری نەماوە. بەڵام دەوڵەتی عەلمانی لەمڕۆدا دەوڵەتی باڵادەستە، بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتودا. هەرچی ئەو دەوڵەتەشە کە لە قۆناغی گواستنەوەدایە لە دەوڵەتی ئایینیەوە بۆ دەوڵەتی عەلمانی، ئەو نمونەیە کەئێستا لە فەزای عەرەبی ئیسلامیدا هەیە.

بابزانین مەبەست لە دەوڵەتی ئایینی واتە theocratique (کە لە زمانە ئەوروپیەکاندا وای پێدەڵێن)، چییە؟ مێژونوسی یەهودی Flavius Joseph بەمجۆرە

# سیکۆلاریزم

باسی لێدەکات: (دامەزرێنەری دەوڵەتی ئایینی، موسایە. ئەوە کە هێز و دەسەڵات دەخاتە دەستی یەزدان، واتە بڕیار دەدات حاکمیەت بۆ یەزدانە و ئەمەش خاڵێکی جەوهەریە لە پرۆژەی ئیسلامیەکاندا). دەوڵەتی ئایینی بەپێی پێناسەی مێژونوسی یەهودی «فلافیۆس یوسف» بریتیە (لەو دەوڵەتەی شەریعەتی ئاسمانی پەیڕەو دەکات، نەک ئەو یاسا و ڕێسایانەی مرۆڤ دایڕشتووە). ئەی دەوڵەتی عەلمانی کامەیە؟ ئەو دەوڵەتەیە کە خۆی لە کاروباری ئایینی هەڵناقورتێنێت و ڕێگەش بە پیاوانی ئایینی نادات دەست وەربدەنە ناو کاروباری سیاسی. ئەم دەوڵەتە تەنها کار بە یاسای وەزعی دەکات نەک بە شەریعەت.. ئەی ئەو دەوڵەتە چییە کە لە قۆناغی گواستنەوەدایە لە تیۆکراتییەوە بۆ عەلمانی؟ دەتوانین بڵێین ئەو دەوڵەتەیە کە لە دەستورەکەیدا هاتووە شەریعەت سەرچاوەی یەکەمی یاسادانانە و ژن و پیاو، موسڵمان و غەیرە موسڵمان، لە ماف و ئەرکی هاوڵاتی بوندا وەک یەک نین.

لەم دەوڵەتەدا ژن و کەسانی غەیرە موسڵمان ،یان کەمتر لە هاوڵاتی سەیر دەکرێن، یان هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت، چونکە بۆ نمونە ژن بۆی نییە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک دەوڵەت یان بۆ ئەو پۆستانەی لەوە خوارترن بپاڵێوێت. لەبەرئەوەی تا هەنوکەش لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا، ژن وەک بوونەوەرێک سەیر دەکرێت کە نەفامە و ئیمانی دامەزراونیە. هەروەها هاوڵاتی غەیرە موسڵمانیش تا ئێستاش وەک (ژمی) سەیر دەکرێت و هیچ مافێکی هاوڵاتی نییە. ئەم دەوڵەتە لە هەندێ بواردا کار بە یاسای وەزعی دەکات و لە هەندێ و بواری دیکەشدا شەریعەت جێبەجێدەکات،پێموایە ئەو دەوڵەتە تێکەڵەی (نیوەی ئایینی و نیوەی عەلمانی)یەو ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە ئارەدایە، دەوڵەتێکی ئینتیقالیە، واتە لە قۆناغی گواستنەوەدایە لە دەوڵەتێکی ئایینیەوە بۆ دەوڵەتێکی عەلمانی.

مێژوو فێرماندەکات ئەو عەلمانییەتەی لە جیهاندا هەیە لە سنووری جیهانی عەرەبی - ئیسلامیدا ڕاناوەستێت، چونکە جیهانی ئیسلامی لە دەرەوەی مێژوی مرۆڤایەتی هیچ داهاتویەکی نابێت. لە مێژودا کلتورێکمان نیە توانیبێتی تاسەر خۆی لە بەرامبەر ئاقارێکی مێژوییدا ڕابگرێت کە لە قۆناغێکدا کارا بووبێت

و ڕەواجی هەبوویێت،کەواتە موسڵمانان وەک تێکڕای مرۆڤایەتی، ناچارن بەوەی پەیڕەوی مۆدێرنە و لەگەڵیشیدا پەیڕەوی عەلمانییەت بکەن. زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا ئایینیان کورتکردۆتەوە بۆ کایەی شەخسی و بواری سیاسیشیان داوەتە دەست دەوڵـەت، ئەو دەوڵەتەی دەزگا و یاسا و زانست و بەهاکانی بەپێی عەقڵی ئینسانەکان دەچێتە ڕێوە. ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتی ئایینی بۆ دانانی پلانە دنیاییەکانی (وەک ئابووری و سیاسەت)، ڕاوێژ بە پیاوانی ئایینی دەکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر پیاوانی ئایینی بۆ خۆیان لەسەر کورسی حوکمڕانی نەبوون. بەڵام دەوڵەتی عەلمانی لە کاروباری ڕۆژانەدا کە تاکە بواری پسپۆڕی ئەوە، ڕاوێژ بە شارەزایان دەکات.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشێ، ئەویش ئەوەیە بۆچی تەنها لە سەردەمە نوێیەکاندا دەوڵەتی عەلمانی هاتە ئارا؟ لەبەرئەوەی لەگەڵ مۆدێرنەدا، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئایینی دەبێتە جێگای قسەو باس و کایەی ئایینی لە کایەی دنیای جیادەکرێتەوە، ئەو دوو کایەیە هەریەکەیان بکەری کۆمەڵایەتی خۆیانیان هەیە: ئایین بڕوادار و فەقیهەکان، دنیایش هاوڵاتیان و پسپۆڕان.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەوڵەتی ئایینی خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتاند، لەبەرئەوەی هەموو شتێک ئایینی بوو. ئەم پرۆسەیەش بۆ سەردەمی نوێ دەست نادات و لەگەڵ دنیای تازەدا ناگونجێت. ماوەی پێنج سەدەیە لە خۆرئاوادا، ئەقڵی ئینسانی توانیویەتی ئەقڵی ئیۆلۆژی کەنارگیر بکات. بەمجۆرە زانستی پۆزەتڤستی بەشێوەیەکی شێلگیرانە و دوای خەباتێکی تاقەت پڕوکێن کە هەندێک جار گەیشتۆتە سوتاندن و مێخ کێشانی زانایان، توانی خۆی لە زانستی ئایینی قوتار بکات. «گالیلۆ» لە سەروەختی دادگایکردنەکەیدا بە تاوانی کوفر و ئیلحاد، لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی ئینجیلەوە وتبوی: (زەوی خڕەو بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، نەک چەقی گەردون بێت). بەدادوەرەکانی دەڵێت: (کتێبی پیرۆز پێماندەڵێت چۆن بەرەو ئاسمان بڕۆین، بەڵام فێرمان ناکات ئاسمان چۆن دەگەڕێت). بەمجۆرە زانست سەربەخۆی وەرگرت و دوای ئەویش کایەی ئەدەبی و هونەری کەوتنەخۆ تا لە ئینجیل جیاببنەوە، لێرە بەدواوە

## سیکۆلاریزم

کتێبی پیرۆز لەوە کەوت ئینسیکلۆپیدیایەکی پزیشکی و فیزیک و ئەدەبی و هونەری و.. هتد، بێت. دواجار پاپا «ژان پۆڵی دووەم» ئیعتیباری بۆ هەریەک لە «گالیلۆگالی» و «چارلزداروِن» گێڕایەوە. بەڵام لای ئێمە تا ئێستاش قورئان هەر ئینسیکلۆ پیدیایەکی زانستی و پزیشکی و جوگرافی و ئەدەبی و هونەری و تەکنۆلۆژییەو وەی بە حاڵی ئەو زانایانەشی، پڕکێشی ئەوە بکەن حەقیقەتێکی زانستی بسەلمێنن پێچەوانەی ئایەتە (زانستیەکانی) ناو قورئان بێت!. ناکۆکی زۆری نێوان ئەقڵی زانستی و ئەقڵی ئایینی، جیاوازی نێوان مافەکانی مرۆڤ (ئازادییەکانی) لەگەڵ مافەکانی یەزدان بەسەر مرۆڤەوە (گـــوێڕایەڵیکردنی و فەرمان و سنوربەندیەکانی)، توانیان خۆرئاواو پاشانیش هەموو جیهان بەرەو عەلمانییەت واتە بەرەو جیاکردنەوەی کایەی ئایینی لە کایەی دنیای بەرن. ئەم هەنگاوە مەرجی سەرەکیە بۆ بەرەوپێشچونی شارستانیەتی مرۆڤایەتی. جگە لە عەلمانییەت ڕێگایەکی دیکە لەبەردەم موسڵماناندا نیە تا بەو کاروانی شارستانیەتە ڕابگەن، گەروانەکەن ئەوا دەبێت لە دەرەوەی مێژوودا بژین.

جیاکردنەوەی موقەدەس لە شتی ڕۆژانە، بەرهەمی مۆدێرنەیە.. گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین جیاکردنەوەی ئەو دووکایە لەیەکتر، بە دەگمەن ڕویداوە و ئەوەی هەبووە تێکەڵکردنی ئەو دوانە بووە بەیەکتری ولای هۆزە سەرەتاییەکان دەگاتە ترۆپک، چونکە لای ئەوان هەموو شتێک موقەدەسە، هەر لە مێژووی خێڵەوەتا پێشینان و سروتەکانی ئاوس بوون و جوت بوون و منداڵ بینین و ڕاوشکار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامەکانی، هەر هەمووی پیرۆز و موقەدەسن. تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی خێڵی سەرەتایی، پابەندی ڕستێک سروتی ئیرۆتیکیانەیە و هەر پێشێلکردنێکی موقەدەسیش، سزاکەی کوشتنە،.. بەڵام بۆچی سزاکەی کوشتنە؟ لەبەرئەوەی چەمکی ڕێژەگەرایی موقەدەس شتێکە، تەنها عەقڵێکی پێشکەوتوو قبوڵی دەکات، بەڵام ئەقڵیەتی سەرەتاییەکان بەپێی پێویست گەشەیەکی واینەکردووە، تا بتوانێت ڕێژەگەرایی ڕەهای ئایینی قبوڵ بکات و ئەولەویەتی ئەقڵی ئینسانی بەسەر ئەقڵی ئیلاهیدا پێپەسەندبێت.

لێرەدا پێشنیار دەکەم بۆ لێکۆڵیاران، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بکەن لە نێوان بۆچونی سەرەتاییەکان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شتە ئایینی و

دنیاییەکان، لەگەڵ تێڕوانینی ئیسلامییە هاوچەرخەکان بۆ هەمان مەسەلە. گەر ئەوە بکەن ئەوا لە دەرەنجامدا دەگەنە ئەوەی لێکچوێکی گەورە لە نێوانیاندا بدۆزنەوە، بە تایبەت دەربارەی پەرستنی مردوان و پێشینان و لە قەڵەمدانی هەموو شتێک بە ئایینی و پابەندبوون بە سروت و ڕەها ئایینیەکانەوە بەشێوەیەکی سایکۆباتی، لەگەڵ تەکفیرکردنی ڕێژەگەرایی و هۆکارێتی و گۆڕان و بەرەو پێشچوون و داهاتووخوازی. لێرەدا خێڵە سەرەتاییەکان بەهانەی خۆیانیان هەیە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی ڕەها لە ژێر جەبری سروشتدا بوون.. بۆ ئەوان کۆنترۆڵکردنی سروشت لەلایەن ئەقڵی مرۆڤایەتییەوە (واتە لە ڕێی زانست و تەکنۆلۆژیاوە) بۆ گۆڕینی بەشارستانیەت، بە پێشێلکردنی پەرستنی پێشینان دادەنرێت کە بەبێ سزا و تۆڵەکردنەوە تێناپەڕێت. مرۆڤی سەرەتایی لە ڕووی دەروونیەوە هێندە کۆیلەی پێشینان و باوانیەتی، ناتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بیر بکاتەوە و ئەقڵی بەگەڕ بخات. ئەم حاڵەتەش لای ئیسلامیەکان دەبینین و ئەوانیش بەهۆی کۆیلایەتی دەرونیان بۆ پێغەمبەر و ئەسحابەکان و پیاو چاکانەوە، ئەقڵیان ئیفلیج بووە و توانای تێفکرینیان لە دەست داوە. لای ئیسلامیەکان ئەقڵی ئیلاهی کە پێشینان هێناویانە بۆمان هەموو شتێکە، بەڵام ئەقڵی مرۆڤ، ئەو ئەقڵەی بەرهەمی مێشکی خۆمانە هیچ نییە. لەمبارەیەوە «ئەبو ئەعلای مەودودی» سونە مەزهەب دەڵێت: (مرۆڤ وەکو پێیوایە، هەرگیز چانسی ئەوەی نییە حوکمڕانێتی بکات.. تەواوی موسڵمانان ئەگەر هەمویان پشت و پەنای یەکتریش بن، ناتوانن تاکە یەک یاسا دابنێن.. حکومەتەکان شایستەی ئەوە نین خەڵک گوێڕایەڵییان بکات، تەنها ئەو کاتە نەبێت حوکم بە قورئان بکەن و بەرنامەی خوا لەسەر زەوی جێبەجێ بکەن). هەر لەم بارەیەوە «خومەینی» شیعە مەزهەب دەڵێت: (خەڵکی ئەو مافەیان نیە ئیمام هەڵبژێرن یان دەستنیشانی بکەن، چونکە ئەو کەسەی لە باریدا بێت ئەرکی ئیمامی بگرێتە ئەستۆ و هیدایەتی تێکڕای مرۆڤایەتی بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست، ئەوە نابێت جگە لە یەزدان کەسی تر دایبنێت و دەستنیشانی بکات. کەواتە خەڵک بۆی نییە قسە لە شتێکدا بکات، کە خوا خۆی بڕیاری لێدابێت). بۆچونی ئەم دوو تیۆرسینە سونە مەزهەب و شیعە مەزهەب، چاکترین پێناسەیە بۆ ئەو دەوڵەتە ئاینیە ئیسلامیە هاوچەرخەی، هەنوکە لە سودان و ئێراندا باڵادەستەو پێدەچێت لە وڵاتانی دیکەشدا بێتە ئارا.

## عەلمانییەت لە چ کاتێکدا هاتە ناو جیهانی عەرەبی و پێشەنگەکانی کێ بوون؟

یەکەمین کەس کە وشەزای Laicite بە عەلمانییەت تەرجەمەکرد، یەکێک لە وەرگێڕەکانی ناو لەشکرەکەی «ناپلیۆن پۆناپارت» بوو، لە کاتی هێرشی فەرەنسیەکان بۆسەر میسر بەناوی «لویس بقگر المصری». ئەمەش لەو فەرهەنگە فەرەنسی - عەرەبیەدا هات کە بۆ یەکەمجار لە مانگی مارتی 1828دا چاپکرا، پاشان کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە ساڵی 1960 لە فەرهەنگی (الوسیگ)دا، ئەم چەمکەی پەسەند کردو بڕیاری لەسەردا.

عەلمانییەت وەک سستمێکی هەمە لایەن و پرۆژەیەکی سیاسی ، هەرگیز پێی نەناوەتە ناو جیهانی عەرەبی. دوای بەریەککەوتنی جیهانی عەرەبی بە ئەوروپا، لە ڕێی کۆلۆنیالیزمەوە وڵاتانی عەرەبی - ئیسلامی، دەستبەرداری هەندێک شتی ناجۆری ناو دەوڵەتی ئاینی بوون، وەک: (بیرازکردنی مەی خۆر و بڕینی دەستی ئەوانەی دزی دەکەن، لەگەڵ بەرد بارانکردنی ئەو کەسانەی پەیوەندی ناشەرعی دەکەن و سەرانەسەندن لەوانەی موسڵمان نین و سەر بە ئایین و مەزهەبی دیکەن). تا ئێستاش لە وڵاتێکی وەک عەرەبستانی سعودیەدا، ئەم سزایانە کاریان پێدەکرێت و ماون. بۆ نموونە دوو هەفتە پێش ئێستا حوکمێکی شەرعی درا بەسەر نوسەرێکی ئەو وڵاتەدا کە بە داخەوە هەنوکە ناوەکەیم بیرنایەتەوە، حوکمەکەشی زیندانیکردن و لێدانی 200 قامچی بوو! هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو سزایانەش لە سعودیەدا تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە کۆلۆنیالیزمی نەناسیووە و بەم پێیەش لە ترووسکایی و ڕۆشنایی مۆدێرنە بێبەری بووە. هەرچی وڵاتی سودانە، ئەوا کۆلۆنیالیزمی بەخۆیەوە بینیووە و لە سایەی ئەوەشدا وازی لە یاسای کۆیلایەتی و سزا ئایینییەکان هێنا، بەڵام ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی «حەسەن تورابی» بە کۆدێتای سەربازی دروستی کرد، سەر لەنوێ کۆیلایەتی و سزا ئایینیەکانی گەڕاندەوە ئەو وڵاتە!!

پێشەنگەکانی فیکری عەلمانی لە جیهانی عەرەبیدا، زۆر و زەوەندن. لانی کەم تەواوی ئەو ڕۆشنبیرانەی سەر بە کەمینە ئاینیەکانی ناو جیهانی عەرەبین،

# سیکۆلاریزم

وەک یەهودی و مەسیحیەکان و بەتایبەتی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبیدا عەلمانی بوون. لە میسر و وڵاتی شام وەکو نمونە، دەتوانین ناوی ئەمانە بێنین: (جورجی زێدان و شبلی شومێل و یەعقوب سەڕوف و میخائیل نەعیمە و جوبران خەلیل جوبران و فەرەح ئەنتوان و سەلامە موسا و..هتد). بەڵام لەمڕۆدا ئەوانەی داوای عەلمانییەت دەکەن یەک و دوان نین، بەڵکو خواستێکی دەستەجەمعیە و بەکۆ داوای دەکەن. لێرەوە ئیعترافکردن بەکەمایەتیە ئایینی و ئەتنیەکانی ناو وڵاتانی عەرەبی و دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانی هاوڵاتی بوون بۆیان، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ مۆدێرنیزەبونی سیاسی، واتە بۆ عەلمانییەت و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. بۆ نمونە شیعەکانی عەرەبستانی سعودیە داوای عەلمانییەت دەکەن، بۆ ئەوەی لە دێوەزمەی وەهابیەت ڕزگاریان بێت کەوەک کافر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەی «ئیبن تیمیە»ی سەرچاوەی یەکەمی وەهابیەت ناڵێت: (ئەوەی گومان لە کافری شیعە بکات، کفر دەکات)!. هەروەها نەتەوەی کورد لە عێراقدا پاسەوانێکی وریا و چاوکراوەیە کە ناهێڵێت، دەوڵەتێکی تیۆکراتی شیعە مەزهەب لەو وڵاتەدا بێتە ئارا. لەمبارەیەوە سەرکۆماری عێراق «جەلال تاڵەبانی» وشیاریدا لە بارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایینی لە عێراقدا. سەرکردەی شیعەکانی عێراق لەناویشیاندا سەرەک وەزیران بە ئاشکرا ڕایانگەیاند، ئەوان وەکی عێراقی نەک وەک شیعە حوکمی عێراق دەکەن، ئەمەش بۆ خۆی کرۆکی عەلمانییەتە. هەرچی پێشەنگەکانی مۆدێرنەشە لە جیهانی ئیسلامیدا ئەوا ڕێژەیان زۆرە، گەر بێنو لە تێکڕای وڵاتانی عەرەبی - ئیسلامیدا بکەوینە سەرژمێرکردنیان. بەڵام ئەژمارکردنیان لەم باسە کورتەدا و بەم خێراییە، کارێکی گرانە. لێرەدا هەر هێندە دەتوانین ناوی ژمارەیەک لەوانە بێنین کە کاریگەریان لەسەر دەستەبژێری ئایینی هەبووە لە وڵاتانی عەرەبیدا، وەک: (ڕەفاعە تەهتاوی، محەمەد عەبدە، قاسم ئەمین، لوتفی سەید، تەها حسێن، عەلی عەبدولرازق، کامل گەیلانی، ئیسماعیل مەزهەر، ئەحمەد ئەمین). هەروەها نابێت «فەرەج فۆدە»ش لە یادکەین ئەگەرچی لە پێشەنگانی عەلمانییەت نەبوو، بەڵام لە یەکەمین شەهیدەکانی ئەو ڕێبازە بوو. هاوکات نابێت «تاهر حەداد»مان لە وڵاتی تونس لەیاد بچێت کە توانی فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست بکاتە عەلمانی،

بەتایبەت کە توانی ڕێ لە فرەژنی بگرێت و نایەکسانی لە میراتیدا لە نێوان ژن و پیاودا نەهێڵێت.

«حەبیب بۆرقیبە»ش یەکێکە لەوانە و توانی ئەو خواست و داواکاریانەی «تاهیر حەداد» جێبەجێ بکات، بەڵام لەبەردەم هەڕەشەکانی شا «فەیسەڵ»دا کشایەوە.. شا «فەیسەڵ» هەڕەشەی ئەوەی لە «بۆرقێبە» کرد گەر بێتو یاسای چونیەکی ژن و پیاو لە میراتیدا دەربکات، ئەوا سعودییە پەیوەندییە دیبلۆماتیەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتی تونسدا دەپچڕێنێت و فەقیهەکانی جیهانی ئیسلامیش هاندەدات بۆ ئەوەی تەکفیری بکەن.

ئایا ئەوەی شکستی بە عەلمانییەت هێنا لە جیهانی عەرەبیدا، بەرخوردی ئیسلام بوو یاخود لاوازی گوتاری عەلمانی بوو؟

تا هەنوکە عەلمانییەت سەرکەوتوو نەبووە لەوەی لە جیهانی عەرەبیدا شوێن پێی خۆی بکاتەوە، هۆکاری سەرەکیش لەمەدا ئەوەبووە ئیسلام ئەو ڕیفۆرمە پێویستنەی تێدانەکراوە کە لە ئایینی مەسیحی و یەهودی و ئەوروپیدا کرا، ئەو چاکسازیە ئاینیەی لە ئەوروپادا کرا ئایینی قایلکرد بەوەی کایە و بوارە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە. واتە ئایین ڕازی بوو بەوەی تەنها خەریکی مەسەلەی ئایینی بێت و مەسەلەی ژیانی ڕۆژانەش جێبهێڵێت بۆ دەوڵەت، چونکە ئەوە شوێنکاری دەوڵەتە. دووەمین هۆکاری شکستی عەلمانییەت لە جیهانی عەرەبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ترسنۆکی نوخبەی سیاسی. لە تورکیا ڕیفۆرمی ئایینی لە ئیسلامدا نەکراو بۆرژوازیەتیش چینێکی لاواز و بێدەسەڵات بوو، هەروەها جوتیاران ڕێژای 90% دانیشتوانی وڵاتیانی پێکدەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەیەکی موسڵمانی وەک «کەمال ئەتاتورک» توانی دەوڵەتی نیۆکراتی عوسمانی (واتە خەلافەت)، کۆتایی پێبێنێت و لەسەر دارو پەردوی ئەویش دەوڵەتێکی عەلمانی بنیاد بنێت کە شەرم لە شوناسی عەلمانی بونی خۆی ناکات.

### ئایە عەلمانییەت دژ بەئایینە؟

وەک لەپێناسەکردنەکەی فەرهەنگی (ڕۆبێر)دا بینیمان، عەلمانیەت جیاکردنەوەی دەوڵەتە لەکڵێسا، واتە تەنها بریتیە لەجیاکردنەوەی کایەی ئاینی

لەکایەی دنیای.. بەریتانیا وەکو فەرەنسا دەوڵەتێکی تەواو عەلمانیە، بەڵام شاژنی بەریتانیا نازناوی (پارێزەری کڵێسای) هەڵگرتووە. شانشینی وڵاتی مەراکیشیش دەتوانێت عەلمانی بێتو پادشاکەشی نازناوی (امیر المؤمنین)ی هەبێت، هەروەها تونس دەتوانێت عەلمانی بێتو سەرۆکەکەشی وەک (پارێزەری ئیسلام) بناسرێت. دەبێت مرۆڤ بێ ئاگابێت لەچەمکی عەلمانیەت، وەکو ئەوەی لەفەرهەنگە ئەوروپیەکاندا هەیە، لەبەرئەوەی ئەوروپا واری عەلمانیەتە، یاخود وەکی زۆربەی سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی بەدگومانبێت، تابەعەلمانیەت بڵێت پرۆسەیەکە دژ بەئایین. بەتایبەت کەعەلمانیەت لەمڕۆداو لەوڵاتانی تەواو عەلمانی وەک فەرەنسادا، بۆتە عەلمانیەتێکی کراوە بەسەر زۆر لایەنی ژیانداو هیچ زیانێکیش بەمافی هاوڵاتی بونی مۆدێرن ناگەیەنێت. ئەو هاوڵاتیبونەی یەکسانی لەنێوان ژنو پیاو ئیماندارو بێئیماندا دەستەبەر دەکات. بێلایەنی دەوڵەتی عەلمانی فەرەنسی بەرامبەر بەئایین، دەستی نەگرت لەوەی ساڵی 1921 لەپارەی باجدەران مزگەوتی بەناوبانگی پاریس دروست بکات، وەک رێزلێنانێک لەگیانی ئەو سەربازە موسڵمانە مەراکیشیانەی لەشەڕەکانی جەنگی جیهانی یەکەمداو لەپێناو بەرگریککردن لەفەرەنسادا تیاچوون. هەروەها نەبووە رێگر لەوەی «دۆمینیک دۆڤلپان» ی وەزیری ناوخۆی فەرەنسا و لێپرسراوی کاروباری ئاینی، دەزگایەکی خێرخوازی ئیسلامی دابمەزرێنێت بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک لەخێرخوازان، بەمەبەستی دروستکردنی مزگەوتو پێدانی خەرجی بەو زانکۆو پەیمانگا ئیسلامیانەی لەقۆناغی بیناکردندان. ئەم دەزگا خێرخوازیە دەست بەجێو لەگەڵ دامەزراندنیدا، 800 ملیۆن یۆرۆی لەلایەن کەسانێکی کۆمەک بەخشەوە پێگەیشت کەناوی خۆیان ئاشکرا نەکرد.

کەواتە ئەو وڵاتە عەرەبیانەی لەداهاتوودا دەبنە عەلمانی، عەلمانی بونیان رێی ئەوەیان لێ ناگرێت بەیەکسانی یارمەتی ئایینو ئاینزای سەرجەم هاوڵاتیان بدەن. لەداهاتووشدا ئەم مۆدێلی عەلمانییەتە لەسەر زەمینی ئیسلامدا بەرقەرار دەبێت. وەکی تورکیای عەلمانییەت کەدەستورەکەی رێگای پێدەدات شوێنی خواپەرستی بۆ تەواوی هاوڵاتیانی بکاتەوە، سەرەڕای جیاوازی ئایینیان. ئیتر بۆچی نابێت دەوڵەتی عەلمانی خوێندنی ئایینی لەژێر دەستی خۆیدا بێت، بەمەرجێک

هەوڵبدات بیکاتە خوێندنێکی ئایینی چاکسازی مۆدێرن، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی سبەینێ دروست بکات. ئەو هاوڵاتیانەی بەهاوڵاتیبونی مۆدێرن ئاشنا دەبن‌و لەمافی هاوڵاتیبوندا هەڵاودێر لەنێوان پیاو و ژن، موسڵمان‌و غەیرە موسڵماندا ناکەن‌و بێ هیچ دوودڵیکردن‌و هەسنکردن بەتاوانێک دان بەو مافانەدا دەنێن.

بۆ ئەوەی خوێندنی ئاینی خوێندنێکی چاکسازی‌و مۆدێرن بێت، پێویستە خوێندکاران بەیارمەتی زانستە مۆدێرنەکانی وەک: (مێژووی بەراوردکاری ئایینەکان‌و سۆسیۆلۆژیای ئایین‌و پیسکۆلۆژیاو ئەنسرۆپۆلۆژیای ئاینی‌و زمانەوانی‌و هێرمۆنۆتیکاو فەلسەفە)، ئایین بخوێنن. بۆ ئەوەی گەنجان‌و نەوەکانی داهاتوو، ببنە خاوەن فیکرێکی رەخنەیی. لەتونس خوێندکارانی کۆلیژی ئایینی بەدرێژایی چوارساڵ فەلسەفەی ئیسلامی‌و فەلسەفەی مۆدێرن دەخوێنن. هیچ شتێک وەک فەلسەفەو زانستە مرۆڤایەتیەکان نییە، بۆ ئەوەی ئەقڵی مرۆڤەکان لەپڕوپاگەندە ئایینی‌و سیاسیەکانی ئیسلامیستەکان بپارێزێت. ئەمجۆرە خوێندنەوە ئایینیە ریفۆرمی‌و مۆدێرنە، پێویستە دەوڵەتی عەلمانی لەفەزای عەرەبی‌و ئیسلامیدا بیسەلمێنێت‌و کاری پێبکات. بۆ سەر لەنوێ فۆرمەلەکردنەوەی هوشیاری تەقلیدی ئیسلامی‌و مکۆمکردنی هوشیاری نەوەی نوێ، دژ بەدەمارگیری‌و توندڕەی تیرۆرو جیاوازی ئایینی، واتە دژ بەخود ئەڤینی ئایینی کەڕەوایەتی بەچەوسانەوەو سڕینەوەی تێکڕای ئایینەکانی دی لەلایەن ئاینێکی ترەوە دەدات.

## ئایا عەلمانیەت دەبێتە مایەی دروستبونی دابڕان لەگەڵ رەگوڕیشەی ئیسلامیماندا؟

عەلمانیەت دابڕانە لەگەڵ دەوڵەتی ئۆتۆکراسی‌و تیۆکراسی، واتە لەگەڵ دەوڵەتی ئایینی‌و ستەمکاری، لەگەڵ دەوڵەتی خەلیفە کەتەنها مەگەر بەمردن‌و کوفری ئاشکرا لەسەرکار لابچێت. دابڕانە لەگەڵ دەوڵەتی بیرازکردنی مەی خۆرو بڕینی دەستی ئەوەی دزی دەکات‌و بەردبارانکردنی ئەوانەی پەیوەندی ناشەرعەی دەکەن تامردن‌و حەڵاڵکردنی خوێنی بیریارە ئازادیخوازەکان بەناوی هەڵگەڕانەوە لەئایین. دابڕانە لەو دەوڵەتەی بەناوی شەریعەتەوە، مافی ژنان پێشێل دەکات‌و هاوڵاتی غەیرە موسڵمان دەچەوسێنێتەوە. بەناوی یاسای سەدەکانی ناوەڕاستەوە،

گرافیکو وێنەکێشانو شیعرو گۆرانیو توێژینەوەی زانستی قەدەغە دەکات. دابڕانە لەگەڵ ئەو کلتورەی رشتنی خوێنی خەڵکی بێتاوان حەڵاڵ دەکاتو کوشتنی کۆرپەلە لەسکی ژنانی جولەکەدا بـەڕەوا دەزانێت، وەک «یوسف قەرزاوی» لەفتوایەکیدا دەڵێت. یاخود تیرۆرکردنی «ئەنوەر سادات»و تەواوی فەرمانڕەوایانیو وڵاتانی ئیسلامی، بەناوی جیهادەوە بەئەرکێکی ئایینی دەزانێت، «راشد غەنوشی» لەمبارەیەوە وادەڵێت. ئەم شتە دزێوانە بەشێکن لەکلتوری ئێمەو پێویستە بیانسڕینەوەو پەیوەندییان لەگەڵدا ببڕین.. لەلایەکی ترەوە عەلمانییەت دەتوانێت بەهەموو ئەو رووبەرە گەشانەمان ئاشنا بکاتەوە کە لەکلتوری ئیسلامیدا هەیە، وەک ئەقڵی فەلسەفیو موعتەزیلەکان کەتوانیان لێکدانەوەی ئەقڵی بۆ قورئان بکەن، هەروەها عەلمانیەت لەباریدایە ئیعتبار بگێڕێتەوە بۆ عیرفانی ئیسلامی.

بێگومان عەلمانییەت بەو پێیەی یەکێکە لەدەسکەوتەکانی مۆدێرنە، لەدەوڵەتی سەدەکانی ناوەڕاستدا نمونەی نەبووە، لەبەرئەوەی دەوڵەتی سەدەکانی ناوەڕاست لەبنەڕەتدا دەوڵەتێکی ئایینی بووەو عەلمانیەت لەلیستی ئەو بیروباوەڕانەدا بووە کەبیری لێنەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ترادسیۆنی ئیسلامی، هەندێک خەسڵەتی عەلمانی تێدابووە... بۆ نمونە رۆژێک پێغەمبەر بەلای چەند باخەوانێکی خورمادا تێپەڕدەبێتو دەبینێت خەریکی موتوربەکردنی دارخورماکانن، پێیاندەلێت: (ئەگەر وازیان لێبێننو موتوربەیان نەکەن چاکترە). ئامۆژگاریەکەی لەگوێ دەگرن، بەڵام پاش ماوەیەک دەبینن بەرناداتو دەچنە لای پێغەمبەرو دەکەونە گلەییو گازندە. ئەویش وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێت: (وەی بەحاڵتان، من پێغەمبەری ئێوەم لە کاروباری ئاییندا، بەڵام لە کاروباری دونیادا من و ئێوە وەکویەکین).

واتە پێغەمبەری ئیسلام دانی بەوەدا ناوە کە دەبێت ئایین لەکشتوکاڵکردن جیابکرێتەوە. لەجەنگی بەدردا پێغەمبەر دەیەوێت سوپاکەی لەشوێنێکدا هەڵبدات کەئەم پێیوایە شوێنێکی قایمو تۆکمەیە، بەڵام شارەزایەکی بواری سەربازی لەئەنسارەکان لێی دەپرسێت: (ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە وەحیت بۆ هاتۆتە خوار یان شەڕ و تەڵەکەیە؟). پێغەمبەریش بەو راسنگۆییەی کەپێی ناسرا بوو وەڵامی

دەداتەوەو دەڵێت: (نەخێر، شەڕ و تەڵەکەیە).

لێرەدا ئەو شارەزایەی بواری سەربازی پێیدەڵێت: (کەواتە ئەم شوێنە گونجاو نییەو با وا بکەین بیرە ئاوەکە بکەوێتە پشتمانەوە، بۆ ئەوەی خۆمان لێی بخۆینەوەو ئەوان نەتوانن دەستیان پێ بگاتو لێی بخۆنەوە). بەفیعلی وەهاش دەرچوو، تینویەتی قوریش بووبە گرنگترین هۆکاری دۆڕاندنیان لەو جەنگەدا. لێرەشدا پێغەمبەر دان بەوەدا دەنێت کەپێویستە جیاوازی لەنێوان ئایینو ستراتیژیەتی سەربازیدا بکرێت.

وەکو دەشزانرێت «ئیمامی عەلی» بەپشت بەستن بەم سونەتانەی پێغەمبەر ،کە کایەی دنیایی لەکایەی ئایینی جیادەکاتەوە، سەروەختێک «ئیبن عەباس»ی راسپارد لەگەڵ خەوارجەکاندا بکەوێتە مشتومڕ گفتوگۆوە، داوای لێکرد لەگەڵیاندا سونەتی پێغەمبەر بەکاربهێنێت نەک ئایەتەکانی قورئان، لەبەرئەوەی قورئان وەکی «ئیمامی عەلی» خۆی دەڵێت (حمال اوجە)، واتە چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێت، لەبەربوونی ئایەتگەلێکی لەیەکچوو (واتە ڕوننیەو تەومژ لە ماناکەیدایە)، چونکە ئەو ئایاتانەی رونو ئاشکران تەنها رێژەی 6%ی قورئان پێکدێنن.

مێژوونوسی میسری «حسێن موئنس» دەڵێت: (ئەو ئەسحابانەی ئامادە نەبوون بەشداری شەڕی نێوان عەلی کوڕی ئەبی تالیبو معاویەی کوڕی ئەبو سفیان بکەن، خۆیان ناونا بوو ئەو کەسانەی لەسەر چۆک دادەنیشن. لەوانە عەبدوڵای کوڕی عومەرو ئەبو هورەیرە). «ئەبو هورەیرە» ئەو وتەیەی دراوەتەپاڵ کە دەڵێت: (لە پشت عەلیەوە نوێژ دەکەم، چونکە نوێژکردن لە دوای عەلیەوە باشترە. لەسەر خوانی مەعاویەش نان دەخۆم، چونکە خواردن لەسەر سفرەی مەعاویە لە بارترە. لەسەر چۆکیش دادەنیشم، چونکە دانیشتن لەسەر چۆک چاکترە). ئەمانە دوای کوشتنی «عەلی» پەیمانیان بە «مەعاویە»دا و وەک مەرجێک بۆ موبایەعەکە پێیانوت: (ئێمە کاروباری ئایینی خەڵک بەڕێدەکەین، تۆش کاروباری دونیاییان بۆ بەڕێوەبەرە).

ئەم دابەشکردنی کارە لەنێوان خولەفاکانو فەقیهەکاندا، دەسپێکی عەلمانیەت بوو کەتاهەنوکەش نەگەشتۆتە ئاستی پێویست. «مەعاویە» خۆشی سەرەتاکانی ئەم عەلمانیەتەی دارشت، کاتێک وازی لەوە هێنا پێشنوێژی بەخەڵک

بکاتو لەبری خۆی پێشنوێژێکی دیاریکرد، بۆ ئەوەی نوێژ بەخەڵکو خوا بکات. ئەم دابەشکاریە لەنێوان رێبەرایەتیکردنی دەوڵەتو پێشنوێژیکردندا، پرۆژەی دەوڵەتێکی عەلمانییەو ئائیسناش تەواو نەبووە. دوای «مەعاویەی کوڕی ئەبو سفیان»، خەلیفەکانی ئیسلام وازیـان لەوە هێنا پێشنوێژی بۆ خەڵک بکەن، بەڵام سەرانی کۆماری ئیسلامی لەئێران تاهەنوکە پێشنوێژی خەڵک دەکەن. ئەڵبەتە ئەمەش لەبەرئەوەیە ئێران کۆمارێکی ئایینیەو نایەوێت دان بەوەدا بنێت کەجیاکردنەوەی ئایین لەسیاسەت، پرۆسەیەکی پێویستەو دەبێت ئەنجام بدرێت.

دابەشکردنی کار لەنێوان فەقیهەکان کەکاروباری ئاینی خەڵکو خوا رادەپەڕێنن، لەگەڵ خەلیفەکاندا کە کاروباری رۆژانەی خەڵک بەئەنجام دەگەیەنن، بەدرێژایی چوارسەدە بەتایبەت لەخۆرهەڵاتدا بەردەوام بوو. خەلیفە کەم تازۆر حوکمڕانێکی دنیایی بووە، بەڵام بەشەریعەتێکی ئاینیەوە:شەرعیەتی عولەمای ئەهلی سونە و جەماعەت ، هەروەها شەرعیەتی نزا بۆکردن لە نوێژی هەینیدا، هەموو شتە تازەکانیشی (واتە ئەو شتانەی دەیانکات وەک تازەگەرییەک لە ئاییندا)، دەچێتە بواری (المصالح المرسلە - بابێکە لە فیقهی ئیسلامیدا باس لەو شتانە دەکات کە لە بەرژەوەندی ئەهلی ئیسلامە)، وەک حەڵاڵکردنی حەرام. بە لاسایکردنەوەی «عومەری کوڕی خەتاب» کە (نکاحی متعە - مارە بڕینی بۆ چێژوەرگرتن واتە بۆ کاتێکی دیاریکراو نەک هەتا هەتایی حەرامکرد)، لە کاتێکدا بە وتەی پێغەمبەر لە ئیمامی (مسلم و بخاری) گێڕاویانەتەوەو لە ئایەتی (24 - نساو)دا هاتووە حەڵاڵە، (فما استمتعتم بە منهن فاتوهنو اجورهن). ئەم ئایەتە لە نوسخەی (قورئانە نوسراوو کۆکراوەکەی) «ئیبن عەباس»دا هاتووەو «عوسمانی کوڕی عەفان» لەگەڵ هەندێ نوسخەی تردا سوتاندنی. لەمبارەیەوە «گـەبەری» دەگێڕێتەوە کە «عەلی» سەبارەت بە نیکاحی موتعە وتویەتی: (ئەگەر عومەر حەرامی نەکردایە، ئەوا تەنها مرۆڤی لاسار زینای دەکرد، چونکە هەموو کەسێک نیکاحی موتعەی دەکرد و بوارەکە فراوانبوو). هەروەها «عومەر» ئەوەشی حەرامکرد کە ئەو موسڵمانانە (جەنگاوەرانەی) دەچوونە وڵاتی فارس، ژنانی فارس بهێنن، (ئەڵبەتە عەرەبەکان پۆل پۆل مارەیاندەکردن)، بۆ ئەوەی کچە عەرەبەکان بە قەیرەیی نەمێننەوە.

بەگشتی خواستو داواکاری پیاوانی ئاینی لەخەلیفەکان، تایبەت بوو بەکاروباری ئاینیو مۆراڵی وەک: (چاوکراوەبن بۆجێبەجێکردنی شەریعەت یاخود بەبەزەیی بن لەگەڵ ئەوانەی موسڵمان نین، بەڵام لە دار ئیسلامدان)، هەروەکو ئەبویوسفی هاوڕێی ئەبو حەنیفە کردی لە کتێبی -الخراج، باج–داو زۆر بە وردی باسی لەو بارە قورس و حاڵەتە نالەبارە بۆ هارونە رەشید کرد کە لە وەرگرتنی باجدا دیار دەکەوێت و هەندێ جار دەگەیشتە 90% بەروبوومەکانیان.

زۆرێک لەپیاوانی ئاینی سونە مەزهەب پێیانوایە، شورا بەتەنها ئەرکی مۆجیاریو ئامۆژگاری کردنەو خەلیفەش بۆی هەیە کاربەو ئامۆژگاریو ڕێنوێنیانە نەکات، ئەمەش بۆخۆی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیعترافکردنە بەوەی کایەی سیاسی لەکایەی ئاینی جیاوازە، تەنانەت پیاوانی ئاینی سونە ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە قەرەی کاروباری سیاسی بکەون، ئەویش بەپشت بەستن بەو ڕێسایەی دەڵێت: (ئەو کەسەی داوای دەسەڵات بکات، نابێت بە زانا).

ئەم ڕێسایەش بوو بەکۆسپێک لەبەردەم ئەوەی حکومەتی پیاوانی ئاینی لەئیسلامدا دروست بێت، بە تایبەتیش لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی عەرەبیدا. تەنها کەسێکیش کە لەم ڕێسایە لایداو کاری بەو دابەشکارییە نەکرد لە نێوان خەلیفە و پیاوانی ئایینیدا کە لەسەردەمی «مەعاوییەوە» لە ئارەدایە، تەنها مەزهەبی وەهابی بوو کە دژی خەلافەتی عوسمانی ڕاپەڕی، ئەویش بە ناوی فقهێکی تۆتالیتاری دەمارگیرەوە کە هیچ ئیعترافێک بە جیاکردنەوەی نێوان کایەی ئایینی و کایەی سیاسی ناکات. ئەم ئیسلامە وەهابییە بووە هاوپەیمانی بنەماڵەی «ال سعود» بۆ دروستکردنی شانشینی عەرەبستانی سعودی، بەڵام ئەمڕۆ ئەو باڵە ڕیفۆرمییەی کە «شازادە عەبدوڵڵا» و «تەڵاڵ بن عەبدولعەزیز» ڕابەرایەتی دەکەن، دەیانەوێت خۆیان لە کۆت و بەندی وەهابییەت قوتارکەن و سستمی پەروەردە نوێ بکەنەوەو لەو شتانەش خۆیان ڕزگاربکەن کە ناهێڵن موسڵمانان لە هیچ شتێکدا لاسایی خۆرئاوا بکەنەوە. لەم ڕووەوە موفتی سعودیە «ال الشیخ» ساڵی 2004 فتوایەکی دا کە ڕۆژنامەی «الاحداث المغربیە» بڵاویکردەوە تیایدا گوڵفرۆشەکانی بە کافر دابووە قەڵەم، لەبەرئەوەی لەم کارەیاندا خۆیان بە کافرەکان دەشوبهێنن، هەروەها پیاوانی ئایینی وەهابی مەزهەب بە هاوکاری «یوسف قەرزاوی»، ئاهەنگگێڕانیان

## سیکۆلاریزم

بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە حەرامکردووە کە تەواوی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی جگە لە سعودیەو قەتەری وەهابی مەزهەب، ساڵانە یادی دەکەنەوە. بەناوی چییەوە ئەمە قەدەغە دەکەن؟ بەناوی ئەوەوە کە ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە نەریتی بێباوەڕانە، وەک «قەرزاوی» دەڵێت. هەروەها دژایەتیکردنی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لەسەردەمی نوێدا، ئیسلامی سیاسی بە ڕابەرایەتی ئیخوان موسلمین دەستی دایە. دروستکردنی حیزبێکی ئایینی سیاسی کە ئامانجی دروستکردنی حوکمەتێکی ئایینی و گێڕانەوەی خەلافەتە، بۆیەکەمجار لەسەر دەستی ئیخوانەکان هاتە ئارا.

### بۆچی دەوڵەتی ئایینی لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانیدا ناگونجێت؟

لەبەرئەوەی دەوڵەتی ئاینی، دەوڵەتی سەدەکانی ناوەڕاستە و لەو سەردەمەشدا هەموو شتەکان ئایینی بووە، بەڵام دەوڵەتی سەردەمی مۆدێرن دەوڵەتێکە بەشێوەیەکی شێلگیرانە کایەی ئاینی لە کایەی سیاسی جیاکردووەتەوە، ئەم دوو کایەیەش دژ بەیەکتری نین، بەڵکو یەکتری تەواو دەکەن. بەمەرجێک هەریەکەیان سەرقاڵی بواری خۆی بێت و دەخالەت لە کاروباری ئەوی دیدا نەکات. دەوڵەتی ئایینی لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانیدا پێچەوانەی یەکترین، بە تایبەت لە بواری هاووڵاتی بووندا. لە دەوڵەتی ئایینیدا جیاوازی نێوان ژن و پیاو و موسڵمان و غەیرە موسڵمان، جیاوازیەکی جەوهەرگەرایە Essentialiste و ژنان و کەسانی غەیرە موسڵمان مافی هاوڵاتیبونیان نییە، بەڵام لە دەوڵەتی عەلمانیدا ژن و پیاو، ئیماندار و هاووڵاتی، چونیەکن و کەسیان لەوی تریان زیاتر نین.. دەوڵەتی ئایینی لەگەڵ هاووڵاتیانیدا بە لۆژیکی سەدەکانی ناوەڕاست مامەڵە دەکات و مرۆڤ وەک بونەوەرێکی دەستەوستان سەیر دەکات کە ناتوانێت یاسا گەلێکی وا دابنێت تا یاساکانی ژیانی هاوبەشی پێڕێکبخات، واتە پەیوەندی هاوڵاتیان بە یەکتریەوە هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی جیهان بەیەکتریەوە دیسپلین بکات.

### بۆچی ئیسلامیستەکان عەلمانییەت بە ئیلحاد دەدەنە قەڵەم؟

بۆ ئەوەی خەڵکیان لێ هانبدەن، لەبەرئەوەی بەهانەی دروستبون و

مانەوەی ئەوان بەندە بە دژایەتیکردنی مۆدێرنەوە و عەلمانییەتیش یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی مۆدێرنە. ئەی بەچی ئیسلامیستەکان مۆدێرنە تەکفیر دەکەن؟ بەناوی حاکمیەتی ئیلاهیەوە کە کرۆکی پرۆژە ئایینی و سیاسیەکەیانە و هەروەها بەناوی فیقهی «ئیبن تیمیە»وە کە هەموو لاسایکردنەوەیەکی کافران، وانە پۆشینی جلوبەرگ و پەیڕەوکردنی بەهاو زانست و هەڵسوکەوت و نەریت و سستمی دامەزراوەکانیان، بە کوفر دەزانن و تەکفیری دەکەن، بەڵام لەسەر ئێمەی عەلمانی پێویستە لە بەرامبەر ئیسلامگەراکاندا قەناعەتەکانی خۆمان بە بوێرانە بڵێین، چونکە لە واقیعدا ئیسلامگەرا پەرچە کردارێکی فۆبیائامێزە لە دژی مۆدێرنەی نێو دەوڵەتی و ئەگەرەکانی هاتنە ناوەوەی بۆ سەرزەمینی ئیسلام، بێگومان ترس و بیمی ئیسلامیەکان لە جێی خۆیدایەتی، لەبەرئەوەی مۆدێرنە لەمڕۆدا بۆتە ڕەوتێکی مێژویی و کەس ناتوانێت بەری پێبگرێت. درەنگ یان زوو بە ئێمەش دەگات، وەک چۆن بە خێڵەکانی ئاسکیمۆ گەیشت!

لێرەدا پڕکێشی دەکەم و دەڵێم ڕەنگە ئیسلامگەراکان ببنە ئامرازێکی مێژوی ناخود ئاگا، بۆ هێنانی عەلمانییەت بۆ سەرزەمینی ئیسلام. ئەوەتا دوای چارەکە سەدەیەک لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، خوێندکارانی ئەو وڵاتە شانازی دەکەن بەوەی عەلمانیین، هەروەها بەپێی ئامارەکانی شارەوانی تاران، 75%خەڵکی شارەکە و 86% خوێندکاران وازیان لە نوێژکردن هێناوە. ئەو موسڵمانەی سروتە ئایینیەکان بەجێ ناهێنێت، موسڵمانێکی عەلمانییە.. ئەو مزگەوتانەی لە سەردەمی «محەمەد ڕەزا» شادا، 3000–5000 نوێژکەر نوێژیان تێدا دەکرد، ئەمڕۆکە لە بەیانیاندا تەنها 10کەس و نوێژی نیوەڕوانیش 25 کەسێک ڕوی تێدەکەن. لە مانگی ڕەمەزانیشدا تەنها 2%ی میللەتی ئێران بەڕۆژوودەبن. ئەمە لە کاتێکدا بەر لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا، تێکڕای ئێرانییەکان بەڕۆژوودەبوون! سودانیش وەک دەوڵەتێکی عیرفانی، بەشێکی گرنگی گەنجەکانی بەهۆی حوکمی ئیسلامگەراکانەوە، وازیان لە ئایینی ئیسلام هێنا. پێویستە عەلمانییەکان لە هاتنە سەرکاری ئیسلامگەراکان نەترسن، چونکە هەندێ لە وڵاتان خێراو دەستبەجێ ناچن بەرەو عەلمانییەت و ئیسلامی سیاسی و سەلەفی و جیهادی جێناهێڵن، گەر بێتو چەشەی حوکمی تاڵ و پڕ لە ناسۆری

ئیسلامگەراکان نەکەن، ئەو کاتە لێی بێزاردەبن و ئەرێزی لێدەکەن. ئەو ئێزەیەی لە فەلسەفەی مێژووی هیگلیزمدا دەڵێت: (ناتوانین قۆناغێکی مێژویی ئێپەڕێنین، گەربێتو ئەو قۆناغە پێنەگەیشتبێت و سوڕی خۆی تەواو نەکردبێت). ڕوداوەکانی ناو مێژوو، ڕاستی و دروستی ئەو ئێزەیەی «هیگڵ» یان سەلماند. ئەو ماڵوێرانیە گەورەیەی «لینین» بەسەر بزاوتی سۆسیالیزمدا هێنای، بڕوابوونی بووبەوەی دەکرێت سیاسەتی بە سوتماککردنی قۆناغەکان پەیڕەوبکرێت، بە مەرجێک لاوازترین پنتی سەرمایەداری بکرێتە دەسپێک کە ڕوسیایە. «مارکس» وەکو «هیگڵ» پێیوابوو مەحاڵە بکرێت بازبەسەر قۆناغە مێژوییەکاندا بدرێت و دەبێت هەموو قۆناغێکی مێژویی سوڕی خۆی تەواکات، ئەوکات هەوڵی ئێپەڕاندنی بدرێت. هەر لەبەرئەوەش بوو دژی شۆڕشی کرێکارانی پاریس وەستایەوە کە لە ساڵی 1871 بەرپابوو، چونکە پێیوابوو چونبەرەو قۆناغی سوسیالیزم لە فەرەنسا پرۆسەیەکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی سستمی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا نەگەشتبووە دوا قۆناغی پێگەیشتنی خۆی کە بە مەزەندەی «مارکس» بەریتانیا تاکە وڵاتێک بوو، سەرمایەداری تێیدا گەیشتبووە ئەو قۆناغە پێشکەوتووە.

عەلمانییەت وەکو ئەوەی ئێستا لە جیهاندا هەیە، ئاقارێکی مێژویی سەرتاسەریە و ئیسلامگەراکانیش لە بەردەمیدا زۆر خۆیان پێناگیرێت. لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئێمە گەر لە مێژودا بگەڕێینە دواوە، دەبینین موقەدەس تەواوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و هەموو سەرگۆی زەوی داپۆشیبوو. لەو سەردەمانەدا هەموو شتێک موقەدەس بوو، مرۆڤ گەمەی دەستی خواکان بوو، ئەو خوایانەی هەموو شتێکی گەورەو بچوکیان بەدەست بوو، بەڵام بابزانین بۆچی ژیان بەمجۆرە بوو؟ لەبەرئەوەی زانست و تەکنۆلۆژیا لەو ئاسنە پێشکەوتووەدا نەبوو، بتوانێت لە جیهان بگات و تەفسیری بکات ، پاشان هەوڵی گۆڕینی بدات. کەواتە مرۆڤ ناچاربوو پەنابەرێتە بەر فیکری جادوگەرانە و پاشان بەر فیکری میتۆلۆژی و دواجار بەرفیکری ئایینی، بە مەبەستی ئەوەی لە دنیا تێبگات و لێکیبداتەوە و پاشان گۆڕانکاری تێدا بکات.

لە سەدەی شەشەمی پ.ز دا، ئەقڵی ئینسان قەڵەمبازێکی چۆنایەتی داو بووە مایەی ئەوەی ئەقڵی شیکاری و ئەزمونگەری بکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ ئەقڵی

## سیکۆلاریزم

ئیلاهیدا، بەمەبەستی بە ئێگەیشتن و ئاوتوێکردن و گۆڕینی جیهان.. ئەگەرچی ئەقڵ لەبەرامبەر ئەفسانەدا دوچاری شکست بوو، بەڵام جەنگ و کێشمەکێشی نێوان ئەقڵ و ئەفسانە هەر بەردەوامبوو.. هێندەی نەبرد ئەقڵ لەو شکستەی هەستایەوەو کەوتەوە کێبڕکێکردن، بەڵام ڕەوتی مێژوو بەرەو ئەوە دەچوو کە ئەقڵی ئینسانی ڕوبەری بەرفراوانتر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و سەرگۆی زەوی کۆنترۆڵ بکات و کار بکات بۆ ئەوەی، کایەی ڕۆحی لە کایەی سیاسی جیابکاتەوە. ئەقڵی مرۆڤ وەک چۆن دەسەڵاتی ڕەهای پادشاکانی سنوردارکرد، بەهەمان شێوەش دەسەڵاتی ڕەهای ئەقڵی ئیلاهیشی سنوربەندکرد. بۆ ئەوەی تەنها پەیوەندی بە لۆژیکی ڕۆحیەوە هەبێت و ئێکڕای کایەکانی دیکەش، بۆ لۆژیکی ئەقڵی شیکاری و ئەزمونی زانستی جێبهێڵێت. کەواتە ئەقڵی ئینسانی تەندروست و دیموکراسی، ئەوەی هی یەزدانە دەیداتە یەزدان و ئەوەی هی قەیسەرە دەیبەخشێت بە قەیسەر.. ئەقڵی مرۆڤایەتی چۆن توانی ئەم فتوحاتە عەلمانییە لە جیهانی هاوچەرخدا بکات؟ بێگومان بە چەکی زانست و تەکنۆلۆژیا ئەو پرۆسەیەی بە ئەنجام گەیاند، چونکە هەردوکیان یارمەتی ئەقڵی مرۆڤیاندا بۆ ئەوەی، ئەوەی بەلای مرۆڤەوە نهێنی و موعجیزە بوو، پەی پێبباتُ و لێیان ئێبگات. بۆ نمونە «دیکارت»ی ڕابەری فەلسەفەی ئەقڵانی مۆدێرن، پێیوابوو پەلکەزێڕینە تەفسیری ئەقڵانی بۆ ناکرێت، لەبەرئەوەی پەیجورێکی ئیلاهیە، واتە شتێکە پەیوەندی بە ئەقڵی یەزدان خۆیەوە هەیە، بەڵام گەربێتو لەمڕۆدا خوێندکارێک لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریادا و لە وانەی فەلسەفەدا ئەو بۆچونەی «دیکارت» دووبارە بکاتەوە، ئەوا سفر وەردەگرێت، لەبەرئەوەی زانست لە مڕۆدا فێری دەکات کە پەلکە زێڕینە دیاردەیەکە، پەیوەندی بە کەش و هەواوە هەیە و بەرەنجامی شکانەوە و تیشکی خۆرە لە دڵۆپە باراندا. پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا ڕەوتێکی مێژویی حەتمیە و تا دێت بەرەو پێش دەچێت، چونکە وڵاتانی پێشکەوتوو کێبڕکێی ئەوەیانە زانست و تەکنۆلۆژیای زیاتر و زۆرتر بەدەست بێنن و وڵاتانی دواکەوتوش لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی بەدەستی بێنن.

ئەقڵی زانستی و تەکنۆلۆژی پڕ کێشی دەکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی

تێگەیشتن و تەفسیری دیاردە کۆمەڵایەتی و گەردونیەکان بکات، تا بەرگی پیرۆزیان لەبەردابماڵێت. لەبەرامبەردا لۆژیکی ڕۆحی هەوڵدەدات تێگەیشتن و تەفسیری دیاردە ڕۆحیەکان کۆنترۆڵبکات. لەم سەروبەندەشدا ئیسلامی سیاسی دێت بۆ ئەوەی بەرخورد لەگەڵ لۆژیکی زانستی و ڕوحیدا بکات و ڕێگریان بۆ دروست بکات. بەڵام بەرخوردێکی لەمجۆرە مەحکومە بە شکست، لەبەرئەوەی ئەقڵی مرۆڤایەتی لەسەدەی شەشەمی پ.ز، لە هەڵکشان و بەرەو پێشچوندایە و ڕەوتـی مێژوی مرۆڤایەتیش ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێت. هەروەها لەبەرئەوەی ئیسلامی عیرفانی ئیسلامێکی میللییە و تا ئێستاش ئیسلامی سیاسی نەیتوانیووە، شەرعیەت لە پەیامەکەی دابماڵێت کە پەیامێکە لەسەر ناتوندوتیژی و قەرەنەکەوتنی سیاسەت کار دەکات.

### ئایا عەلمانییەت بۆ کۆمەڵگە عەرەبیەکان پێویستە؟

بەڵێ عەلمانییەت پێویستە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی جیهانیش، بۆ ئەوەی گروهە جیاجیاکانی کۆمەڵگە توانای پێکەوە ژیانیان هەبێت. زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکانی جیهان، لە چەندین ئایین و ئاینزای دژ و ناکۆک بەیەک دروستبوون. لەم حاڵەتەدا گەربێتو دەوڵەت ببێتە هەڵگری ئایین و ئاینزایەکی دیاریکراو کە بەشێک لە هاوڵاتیانی بڕوایان پێیەتی، ئەوا ئەو هاوڵاتیانەی دی کە سەربە ئایین و ئایینزای تر ن هەست بە نائومێدی دەکەن، لەبەرئەوەی لە مافی تەواوەتی هاوڵاتیبون بێبەش کراون. بۆ دەربازبوون لەم تەڵەزگەیەش کە هەڵگری جەنگێکی ئایینیە، دەبێت پرۆسەی بە عەلمانیکردن دەست پێ بکەین.. لە دەوڵەتی عەلمانیدا ئەوەی هاوڵاتیان پێکەوە کۆدەکاتەوە ئایین یاخود ئاینزا نییە، بەڵکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە. بەمجۆرە دەوڵەتی عەلمانی شەرعیەتی خۆی لە پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە وەردەگرێت، نەک لە ئایین. ئەمەش بەو مەبەستەیە تا ژیانی کۆمەڵگە ڕێک بخات و ئاشتی لە نێوان ئایین و کلتورە جیاجیاکانیدا دەستەبەر بکات. هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ژمارەیەک ئایین و ئایینزای بێشومار پێکهاتووە و یەک ئایین نییە زۆربەی خەڵکی سەرگۆی، بەلایانەوە پەسەند بێت. کەواتە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەسەر چ بنەمایەک لەناو خۆیاندا

ڕێک دەکەون؟ ڕەنگە ڕۆژێک بێت و ئەنجومەنی ئاسایش فراوانتر بکرێت و ببێتە حکومەتێکی جیهانی.. تەنها شتێک بتوانێت ژیانی گشتی لەناو کۆمەڵگەی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی جیهانیدا دروست بکات، ئەقڵی مرۆڤ و بەرژەوەندی هاوبەشە.

دەوڵەتی عەلمانی کاتێک خۆی لە مەسەلەی باوەڕ و بیر و بۆچون هەڵدەقورتێنێت کە بزانێت ئەندام و گروپەکانی کۆمەڵگە، بەناوی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕیانەوە قانون شکێنی دەکەن. دەوڵەتی عەلمانی ڕێگەنادات بەناوی نەریتی فیرعەونیەکانەوە کچان خەتەنە بکرێن، یان بەناوی شەریعەتەوە ئەو ژن و پیاوانە بەرد باران بکرێن کە پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا دەگرن.

جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، ئەو شەریعەتەی ئیسلامیستێکی وەک «محەمەد عۆدە» دەڵێت: (بێ هیچ کەموکوڕییەک هاتۆتە خوارێ)، دەبێتە مایەی ناڕەزایی شوێنکەوتوانی ئایینەکانی دیکە و ئەمەش شەڕو ئاشوبی لێدەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەوەی سزاو حوکمە شەرعیەکان کۆنبوون و لەگەڵ ڕۆحی یاسا نوێیەکاندا ناگونجێن، چونکە یاسا نوێیەکان دژ بە سزای جەستەیین، وەک: (لێدان بە قامچی و دەستبڕین و بەرد بارانکردن و کوشتنی هەڵگەڕاوەکان لە ئایین..). کەواتە چار نییە و دەبێت پەنابەرینە بەر یاسای وەزعی، بۆ ئەوەی لەو مەترسیانە خۆمان بەدوور بگرین. ئەگەر حکومەت خوێندنێکی ئیسلامی (ترادسیۆنی و جیهادی) هەڵبژارد، ئەوا بەمکارەی ئەوانەی موسڵمان نین یاخود موسڵمانی عەلمانی و ڕۆشنگەرن، تورە دەکات. سەرەڕای ئەوەی زانستە ئیسلامیەکان کۆن بوون و بەسەرچوون. زانستە شەرعیەکان بەڕادەیەک کۆن بوون کە خوێندنیان لە بری بەرنامە نوێیەکانی خوێندن، جۆرێک دەبێت لە مازۆخیەت.

دەبێت هەر نەتەوەیەکی مۆدێرن بەهاگەلێکی ئەخلاقی هەبێت، بۆ ئەوەی بیکاتە پێوەرێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی. ئەگەر ئەو سستمی بەهایە بەهای حەڵاڵ و حەرام بێت، ئەوا تەنها هوشیاری دەستە جەمعی موسڵمانان قبوڵی دەکات و هاوڵاتیانی دیکەتەرێزی لێدەکەن، لەبەرئەوەی لەگەڵ مورالی تایبەتی ئەواندا، یاخود لەگەڵ بەها ئینسانیە عەلمانیەکەیاندا ناگونجێت. لێرەوە بەناچاری دەبێت سستمێکی مۆرالی جیهانی پەیڕەو بکرێت کە هەموان

پەسەندی بکەن. ئەمەش تەنها دەبێت سستمێکی مۆراڵی عەلمانی وەک مافەکانی مرۆڤ بێت کە لەمڕۆدا و بە کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتی، بووەتە مۆراڵێکی گەردونی بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە. بەمجۆرە شەریعەتی ئیسلامی و مۆراڵی ئایینی و پەروەردەی ئیسلامی بەتایبەت (فۆرمە تەقلیدی و جیهادیەکەی)، بونەتە سەرچاوەیەک بۆ جەنگی ئایینی و ئاشوب و تێکدانی یەک ڕیزی نەتەوە.

عەلمانییەت کلیلی مۆدێرنەی سیاسیە، لەبەرئەوەی دەتوانێت ئیماندار لە هاوڵاتی جیابکاتەوە.. باوەڕوئیمانی کەسی ئیماندار بۆ خۆیەتی و شتێکە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە و پەیوەندی بە ئەرک و مافەکانیەوە نییە وەک هاووڵاتیەک. مرۆڤی ئیماندار لە مزگەوت یان کڵێسا یاخود لە کنێسدا، مومارەسەی ئیمانداری و خواپەرستی خۆی دەکات. لە کاتێکدا هاوڵاتی مومارەسەی هاووڵاتیی بونی خۆی (وەک ئەرک و ماف)، لە چوارچێوەی هەموو نیشتماندا دەکات. لەبەرئەوەی هاووڵاتیبوون مافێکی ڕەوای هەموو هاوڵاتیەکە، بێ هیچ هەڵاودێرێک.

بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن بتوانین بگەینە ئەوەی ئیماندار لە هاوڵاتی جیابکەینەوە؟ واتە چۆن هاوڵاتیەکی مۆدێرن دروستبکەین کە تەنها ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێت؟ یان چۆن دەوڵەت لە فەزای عەرەبی - ئیسلامیدا والێبکەین، بەپێی یاسا وەزعیەکان و پێودانگە نێو دەوڵەتیەکان حوکمی هاووڵاتیانی بکات؟ بە چەندین ڕێگا ئەمکارانە دەکرێت، لەوانە:

1-نوێکردنەوەی بواری خوێندن و چاکسازیکردنی ئیسلام، ئەویش لە ڕێی چاکسازیکردن لە بواری پەروەردە و خوێندنی ئایینیدا.

2-هەوڵێکی بێوچان بدرێت - ئەمە وەسیەتی منە بۆ هاوڕێیان و خوێنەرانم-، بۆ ئەوەی کەناڵێکی ئاسمانی عەلمانی لەبەرامبەر کەناڵی (جەزیرە)ی ئیسلامی جیهادیدا دابنرێت. دەوڵەمەندە عەلمانییەکانی عەرەب، سەرەڕای ئەوەی بە ژمارەش کەمن، دەتوانن وەک چاکە نیشاندانێک بۆ فیکری مۆدێرن، کۆمەک بکەن، لەپێناو دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی لەمجۆرەدا.

هەروەها ئەو ئەقڵە عەرەبیانەی لە تاراوگە دەژین، ئەوانیش دەتوانن کۆمەڵەیەکی ڕاگەیاندن پێکبهێنن و سەرمایەی پێویستیش بۆ یارمەتیدانی کەناڵێکی ئاسمانی لەو شێوەیە کۆ بکەنەوە. بۆ ئەمەش دەبێت زۆر بە چڕی تەواوی

كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و پێگەكانی ئەنتەرنێت بخرێنەگەڕ. «د.ئیقبال مەغریبی» مامۆستای سۆسیۆلۆژیاو پیسكۆلۆژیا لە زانكۆی زەیتونە پێی ڕاگەیاندم كە 124 پێگەی ئەنتەرنێت، هەریەكەیان لاپەڕەیەك بۆ نوسینەكانم تەرخان دەكەن و ژمارەی ئەو سایتانەی بە بڵاوكردنەوەی بیروبووچونە عەلمانییەكانمەوە خەریكن، بەرامبەر بە ژمارەی ئەو پێگە ئیسلامیانەیە كە ڕەواج بۆ فیقهی دەوڵەتی ئایینی پەیدا دەكەن. دەزانم ئەم دنیایە جێدێڵم، بەڵام ئومێدم زۆرە بەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی (كە تەمەنی خۆم بۆ بەخەرجدان تا بەشداری لە نوێكردنەوەی ئەقڵ و بەهاو دام و دەزگاكانی و ریفۆرمكردنی ئایینەكەیدا بكەم)، ئایینەكەی وەك ئاینەكانی دیكە دژایەتی مۆدێرنە نەكات و دەست لە دژایەتیكردنی ژن و كەسانی غەیرە موسڵمان هەڵبگرێت و، نەكەوێتە جەنگ و كێبڕكێ لەگەڵ ئایینەكانی دیكەدا.

هەنگاوی یەكەم و سەرەكیش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەیەكی لەم جۆرە، ئەوەیە چاكسازی لە ئیسلامدا بكەین، ئەویش لە ڕێگای ڕیفۆرمكردن لە بواری خوێندنی ئاینی و گوتاری ئایینیدا. ئەركی دووەممان بەتاڵكردنەوەی ئەو خود ئەڤینیە ئایینیەیە كە ئیسلام بە تەنها ئایینی سەرگۆی زەوی دادەنێت. هەرچی یەهودیەت و مەسیحیەتیشە، وەك دوو شەریعەتی بەر لە ئیسلام سەیر دەكات و پێیوایە بە هاتنی ئیسلام هەردووكیان نەسخ بوونەتەوە. یان پێیوایە سەرجەمی پێغەمبەران هەر لە ئیبراهیمەوە تا عیسا موسڵمان بوون. یەكێك لە نهێنیە ئایینیەكانی تیرۆری ئیسلامی لێرەدایە. بەمجۆرەش دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی سەرۆكی پێشوی لیژنەی فتوا لە ئەزهەر ساڵی 2001 ڕایگەیاند كە: (دیالۆگی ئایینەكان هیچ مانایەكی نییە، تەنها بەوە نەبێت كە پاپای ڤاتیكان بانگەشەی چونە ناو ئیسلام بكات)!.

چاكترین ڕێگایەك بۆ بەتاڵكردنەوەی خودئەڤینی ئایینی، خوێندنی ئاینی مۆدێرنە كە لەم ئایەتانەوە سەرچاوە دەگرێت: (ان الذین امنوا و الذین هادوا و النصاری و الصابئین، من امن بالله و الیوم الاخر، و عمل صالحا فلهم اجرهم عند ربهم، و لاخوف علیهم و لاهم یحزنون)، (البقرە62-) كە لە (المائدە 69-) و (الحج 17-)دا دووبارە دەبێتەوە. چونكە ئەم ئایەتانە ئەو بۆچونە دەچەسپێنێت

کە یەهودیەت و مەسیحیەت دوو ئاینن، نەک بە تەنها دوو شەریعەت بن کە بە هاتنی شەریعەتی ئیسلامی نەسخ بووبنەوە، وەک ئەوەی فیقهی ئیسلامی کۆن و فیقهی ئیسلامی سیاسی و جیهادی هاوچەرخ باسی لێدەکەن. سەیرکردنی یەهودیەت و مەسیحیەت وەک دوو شەریعەتی نەسخکراوو لە قەڵەمدانی ئیسلام بە تەنها ئایینی سەرگۆی زەوی کە تەنها ئەوانە سەرفراز دەبن دەچنە ناویەوە، یان بە پێویست زانینی ئەوەی تا ڕۆژی قیامەت جیهاد بـەردەوام بێت، بۆ ئەوەی تێکڕای مرۆڤایەتی بەزۆر بێت یان بە خواستی خۆیان ئیسلام بن.. یەکێکە لە هەرە سەرەکیترین هۆکارە ئایینیەکانی تیرۆری ئیسلامی و ڕێگری گەورەشە لەبەردەم ئەوەی، بەشێکی بەرفراوانی موسڵمانانی خۆرئاوا تێکەڵ بە کۆمەڵگە عەلمانییەکانی ئەوێ بن. خوێندنی دیالۆگی ئایینەکان بۆ مرۆڤی موسڵمان پێویستە، تا بتوانێت فێری لێبوردنی ئایینی بێت و لەگەڵ سەردەمەکەیدا خۆی بگونجێنێت. ئەم پرۆسەیەش ئەرکێکی سەرەکی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئایینیە. حکومەتی تونس درکی بە گرنگی ئەم مەسەلەیە کردووە، بۆیە لە زانکۆی تونسدا کورسی «بن عەلی» بۆ دیالۆگی ئایینەکان هەیە، هەروەها لە زانکۆی زەیتونەشدا خوێندکار لە وانەی کتێبە پیرۆزەکاندا (ئینجیل و قورئان) وەک دوو کتێبی پیرۆزی ئاسمانی دەخوێنێت.

چڕکردنەوەی دیالۆگی ئایینەکان لەگەڵ یەهودیەت و مەسیحیەتدا، لە ڕێی کۆنگرەی ئایینی و زانستی یاخود لە ڕێی کەناڵە ئاسمانییەکان و مشتومڕی هاوبەش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، لە باریدایە بیرۆکەی گفتوگۆی ئاینەکان بچەسپێنێ و موسڵمانیش وشیاربکاتەوە لەوەی ئیسلام ئاینێکە لەناو ئاینەکانی تردا، نەک تاکە ئاینێک بێت کە تەواوی ئایین و شەریعەتەکانی پێش خۆی سڕیبێتەوە.

وەرگێڕانی ئەو لێکۆڵینەوانەی باس لە ئایینە جیاجیاکانی دیکەی وەک: (بودایی و هندۆسی و شانتۆنی) دەکەن، دەتوانن ئاسۆی ئایینی مرۆڤی موسڵمان بەرفراوانتربکەن و وای لێبکەن بەشێوەیەکی مێژویی و ڕێژەگەرایی و لە سیاقی دیاردەی ئاینی جیهانیدا لە ئایینەکەی خۆیان بگەن. ئەمەش دەبێتە دەسپێکێک بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانی ئیسلامی لەگەڵ بەها نێو دەوڵەتیەکان و یاسا جیهانیەکان، هەروەها سەرەتایە کیشە بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندی ئیسلام

وەک ئایین لەگەڵ یەهودیەت و مەسیحیەت و ئێکڕای ئەو ئاینانەی دیکە کە لە جیهاندا هەن.

ئیسلامی هاوچەرخ دەتوانێت لەگەڵ بودایدا پەیوەندیەکانی نۆخ بکاتەوە، بوداییەت وەک ئایینێکی ئاشتیخواز کە توانی هوشیاری دەستەجەمعی هاوولاتیانی ژاپۆن سازبکات بۆ وەرگرتنی مۆدێرنەی خۆرئاوایی و نەهێڵێت بکەونە تەڵەی جیهاد و شەهیدبوون، وەک ئەوەی ئێمەی موسڵمان تێیکەوتین. ئەویش بەهۆی کلتوری جیهاد و شەهید بوونەوە کە زۆر لە مێژە ڕەگوڕیشەی لە هوشیاری ئێمەدا داکوتیووە. هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی بیەوێت پرانسیپەکانی عەلمانییەت لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و کلتوری خۆیدا بگونجێنێت، پێویستە خەسڵەتە سەرەکیەکانی عەلمانییەت بپارێزێت، خەسڵەتە سەرەکیەکانیش بریتین لە:

1–ئیعترافکردن بە مافی هاوولاتی بێ هیچ کەم و کوڕییەک. واتە ژن بۆی هەبێت خۆی بۆ حوکمڕانیکردنی پیاوان کاندید بکات، هەروەها کەسی غەیرە موسڵمانیش مافی ئەوەی هەبێت، خۆی بۆ حوکمکردنی موسڵمانان هەڵبژێرێت. ڕەنگە لە سەرەتادا ئەم مافە ڕەمزی بێت، بەڵام لەگەڵ جێگیربونی زیاتری عەلمانییەت لە هوشیاری موسڵماناندا، ئەو مافە دەبێتە مافێکی فیعلی و کاری پێدەکرێت.. ئەی نابینین سەرەک کۆماری بەنگلادیش ژنە و «بە نازیربۆتۆ»ش دوو جار بۆ سەرۆکی حکومەتی پاکستان هەڵبژێردرا؟ کەواتە بۆ لە داهاتوودا ژنێک یان قیبتیەک، نەبێتە سەرکۆماری وڵاتێکی وەک میسر؟

2–ئازادی دان بە ڕێوڕەسمە ئایینیەکان، واتە بواربە سەرجەم هاوڵاتیان بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئازاد، ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بەجێ بهێنن و بێ هیچ جیاوازیکردن و زۆر بۆ هێنانێک، ڕێگەیان بدرێت مزگەوت و کڵێساو شوێنی خواپەرستی تایبەتی بە خۆیان دروست بکەن. ئەو دەوڵەتەی هانی دروستکردنی مزگەوت دەدات و ڕێگری لە دروستکردنی کڵێسا دەکات، بێ چەند وچون ئازادی مومارەسەکردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان پێشێل دەکات.

3–کارکردن بە یاسا دنیاییەکان لە هەموو بوارەکاندا. تەنانەت پێشنیاری ئەوە بۆ ڕۆشنبیرانی عەرەب دەکەم، داوا لە کۆمەڵگەی مەدەنی نێو دەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و میدیای جیهانی و دیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتی بکەن،

کارکردن بە یاسای سزادانی ئیسلامی بە تاوان بدەن قەڵەم و یاساغی بکەن. ساڵی 2001 لە کەناڵی (الجزیرە)دا داوای ئەمەم کرد، بۆیە شازادە «خالید بن سوڵتان» بڕیاری دا کە نەهێڵێت چیتر لە رۆژنامەی (الحیاە)دا بنوسم!.

4-چەسپاندنی پرانسیپی ئازادی بیروڕاو ئازادی هەڵبژاردنی ئایین، ئەمەش مانای وایە مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت چ ئایینێک هەڵدەبژێرێت و باوەڕ بەچی دێنێت، یاخود هیچ ئاینێکی قبوڵ نەبێت. قورئان ئەم مافەی بەمرۆڤ داوە، ئەوەتا دەڵێت: (فمن شاء فلیؤمن و من شاء فلیکفر). «محەمەد عەبدە» ئەم ئایەتە بەمجۆرە تەفسیر دەکات: (کێ دەخوازێت بێتە ناو ئیسلام بابێت، کێش دەیەوێت وازی لێ بێنێت باوازی لێ بێنێت و دەستەبەرداری بێت). ئیمامی «شافعی» پێیوایە تا تەمەنی پانزە ساڵی موسڵمان مافی ئەوەی هەیە، ئەو ئایینەی پێی باشە هەڵیبژێرێت. ئەی بۆچی ئێمە لەمڕۆدا کە ڕۆژگاری مافەکانی مرۆڤە، ئەو بەربەستەی سەر تەمەن هەڵنەگرین و نەیکەینە مافێکی مرۆڤی موسڵمان، ئیتر تەمەنی هەرچەندێک بێت؟

5-چاکسازیکردن لە بواری خوێندنی ئاییندا، بەو جۆرەی من لەسەرەتای ئەم نوسینەدا باسملێکرد. هەروەها خوێندنی مافەکانی مرۆڤ وەک ئەوەی لە تونسدا هەیە، بۆ ئەوەی هوشیاری ئیسلامی بەسەر بەها ئینسانیە یۆنیڤێرسالیەکاندا بکرێتەوە. ئەو بەهایانەی لەگەڵ گوتاری ئایینی - ڕۆحانی و لەگەڵ ڕەوشتە چاکەکانی وەک ڕاستگۆیی و هاوکاری و سۆز دا ناکۆک نییە، بەڵکو لەگەڵیاندا دێتەوە. پراکتیزەکردنی ئەم پێنج بنەمایە، جەوهەری عەلمانییەت لەسەر زەمینی ئیسلام دادەڕێژێت.

بەڵام لێرەدا پرسیاری گەورە و گرنگ ئەوەیە کێ دەتوانێت ئەم ئەرکە قورسە جێبەجێ بکات کە ڕیفۆرمی ئیسلامی پێوە بەندە و یارمەتی هوشیاری ئیسلامیش دەدات، بۆ ئەوەی تەبەنی پرۆژەی مۆدێرنە بکات؟ نابێت لەم مەسەلەیەدا گرەو لەسەر ڕژێمەکان بکەین، بەڵکو ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندین دەتوانن هوشیاری ئیسلامی و واقعی عەرەبی ئیسلامی لە بەردەم عەلمانییەتدا بکەنەوە. بەڵام ئەوانە کێن، کە بەرژەوەندیان لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و ئایین لە زانست و ئایین لە ئەفراندنی هونەری و ئەدەبیدایە؟ ئەڵبەتە ئەو

کەمایەتیە نەتەوایەتی و ئایینی و ژنانەن کە هەر هەموویان، دەوڵەتی ئایینی لە مافی هاوولاتی تەواوەتی بێبەشی کردون. لەگەڵیشیاندا ئەدیبان و زانایان و لێکۆڵیاران و هونەرمەندان و داهێنەران و لایەنگرانیان، واتە خوێنەواران و ڕۆشنگەرانی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامیەکان. تێکڕای ئەمانە بە عەلمانییەت ڕزگاریان دەبێت، چونکە عەلمانییەت دەتوانێت دەمارگیری و تیرۆری ئایینی ڕیشەکێش بکات و دەرفەتی ژیان لەبەردەم هەمواندا بڕەخسێنێت، تا بە ئازادی و بەبێ ترس تەعبیر لە قەناعەت و ڕاوبۆچونی خۆیان بکەن. ئەم هێزە زیندوو ئۆرگانیانە تا هەنوکەش لە کۆمەڵگەدا لاوازن و بە ژمارە کەمن، ئەویش بەهۆی تەقلیدیەت و دواکەوتویی کۆمەڵگە ئیسلامیەکانەوە.

لێرەدا گرنگی پێکهاتنی بەرەیەکی نێو دەوڵەتیمان بۆ دەردەکەوێت، تا عەلمانییەت لەسەر زەمینی ئیسلام بڵاوبکاتەوە. ئەو بەرەیەش لەمانە پێکدێت: (کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی، ڕاگەیاندنی جیهانی، دیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتی). تەواوی ئەم هێز و لایەنانە دەبنە پاڵپشت و هاوکاری هێزە زیندووەکانی ناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. ئەم هێزە نێو دەوڵەتیانەش بەرژەوەندیان لەوەدایە عەلمانییەت لە وڵاتانی ئێمەدا جێگیر بێت، لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر. دەوڵەتی ئایینی و خوێندنی ئایینی تەقلیدی و ڕقبونەوە لە بەرامبەر و ڕەتکردنەوەی گفتوگۆی نێوان ئاینەکان و تەکفیرکردنی هەر کەسێک لاسایی خۆرئاوا بکاتەوە یاخود هاوکاری بکات، هەر هەموویان سەرچاوەیەکی ئایینی لەبن نەهاتوون بۆ تیرۆری ئیسلامی.

پێشنیار بۆ ئەو هێزە جیهانی و نێو دەوڵەتیانە دەکەم، ئەو سستمی خوێندنی ئایینیەی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا لە ئارەدایە، بە سەرچاوەی هاندانی تیرۆری بدەنە قەڵەم. هەروەها ئەو ڕاگەیاندنە ئایینیەشی ئەمڕۆ لە کاردایە، وەهای دابنێن کە کار لەسەر جیاوازی ئایینی و دروستکردنی ڕق و ئافەرۆزکردنی ئەوی دی دەکات. هاوکات پێشنیاری ئەوە دەکەم ڕێکەوتنی هاوبەشی نێوان ئەمریکی و ئەوروپیەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئێمەدا، چەند بڕگەیەکی تێدا بێت کە هەموو جۆرە هەڵاوێرد و جیاوازیەکی ئایینی لە دژی ژنان و ئەوانەی موسڵمان نین یاساغ بکات. سەرچاوەی ئەم جیاکاری و جیاوازیکردنەش

ئەوەیە، شەریعەت دەکرێتە سەرچاوەی یەکەمی یاسادانان. شەریعەتیش ژن وەک بونەوەرێکی نوقسان و کەم ئەقڵ حساب دەکات و ئەو هاوڵاتیانەشی موسڵمان نین، وەک ئەهلی زیمە سەیر دەکرێن و هیچ مافێکی هاوڵاتیان نابێت. بەمجۆرە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی یارمەتی جیهانی ئیسلامی دەدات بۆ ئەوەی، لەو دواکەوتوییە مێژوییە قوتاری بێت و پێبخاتە ناو مۆدێرنەوە، ئەو مۆدێرنەیەی خۆرئاوا لە پاش ڕیفۆرمی ئایینی مەسیحی لە سەدەی شانزەهەمەوە لێی بەهرەمەندە و ئێمەش لەناو دۆگمایەکی ئایینیدا نوقم بوین و لەڕەوتی شارستانیەت جێماوین.

### ئایا دیموکراسی بەبێ عەلمانییەت دەبێت؟

نەخێر، لەبەرئەوەی دیموکراسی و عەلمانییەت یان پێکەوە دەبن یان نابن. لەبەرچی؟ چونکە لە سستمی دیموکراسی پێگەیشتودا، دەبێت ژنان و ئەوانەی موسڵمان نین یاخود بڕوایان بە ئایینێکی دیاریکراو نییە، وەکو هاوڵاتی سەیر بکرێن و هەموو مافێکیان هەبێت.. ئەمەش پێویستی بەوەیە عەلمانییەت لە ئارەدا بێت، واتە دان بە مافی هاوڵاتیبونی سەرجەم هاووڵاتیاندا بنرێت. ئەوە چ دیموکراسیەتێکە لە وڵاتێکی وەک کوەیتدا هەیە کە نیوەی دانیشتوان (ژنان)، لە مافی هاوڵاتێتی، واتە لە مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردن بێبەشکراون؟ لەبەرئەوەی پیرەمێردە ئیسلامیەکان و ڕیش سپی خێڵەکان، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەو پرۆژەیەی حکومەت ڕەتکەنەوە کە پێشکەشی پەرلەمانی کردبوو، بۆ ئەوەی دان بە مافە سیاسیەکانی ژناندا بنێن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم پرۆژەیەش پشتیان بەو فتوا ئایینیە بەست کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کوەیت لە ساڵی 1985دا دەریکردوو تێیدا ڕایدەگەیەنێت، ژنان ناتوانن کاری سیاسی بکەن و بۆ ئەو بوارە دەست نادەن. یان دیموکراسی لە کوەیتدا چ دیموکراسیەتێکە کە شیعەکانی ئەو وڵاتە لە ڕووی سیاسیە پەراوێزخرابن؟ یاخود ئەوە چ دیموکراسیەکە لە ئوردونندا کە ئیسلامیەکان و سەرۆک هۆزەکان، پەرلەمانی ئەو وڵاتەیان کۆنترۆڵکردووە و دژایەتی ئەو یاسایەی حکومەت دەکەن کە سزای توندی ئەوانە دەدات، بەناوی شەرەفەوە تاوانی گەورە لە دژی ژنان ئەنجام دەدەن،لێرەدا دیموکراسی

## سیکۆلاریزم

هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر دان بە مافەکانی ژنان و ئەو کەسانەدا نەنێت کە موسڵمان نین و بێباوەڕن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەزانێت هۆکاری تیرۆری ئیسلامی، نەبوونی دیموکراسیە.. ئەڵبەتە ئیدارەی سەرۆک «بۆش» لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە، دەیەوێت ئیسلامیەکان بێنە سەر حوکم، هەروەک «کۆندۆلیزاڕایس»ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا ڕایگەیاند. ئەمریکا لاری لەمە نییە، مادامەکی هاتنە سەرکاری ئیسلامیەکان لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، زەمینە لە بەردەم عەلمانییەتدا خۆش دەکات. هیچ میللەتێکی ئیسلامی لە میللەتی ئێرانی عەلمانی تر نییە، کەبەر لە چارەکە سەدەیەک میللەتێک بوو لە ئاخوند و مەلاکان. بەڵام باجی ئەم پرۆسەیە قورس و گران دەبێت. عەلمانیەکان سەرکوتدەکرێن و لە سێدارە دەدرێن، بە هەزاران ژن بەرد باران دەکرێت و کەمایەتیە ئایینی و ئەتنیەکان تارومار دەکرێن خەریکە وڵاتانی ئیسلامی دەبنە بنکەیەک بۆ ڕێکخراوی قاعیدە، وەک لە ئێران و سودان و ئەفغانستاندا بینیمان. بۆ ئەوەی ئەمە ڕونەدات دەبێت چی بکەین؟

بۆ ئەوەی ئەو مەرگەساتە ڕوونەدات، پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێک دەربکات کە لە چوار حاڵەتدا ڕێگا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بدات:

1-ئەگەر ئیسلامیەکان دەستیاندایە بەردبارانکردنی ژنان.

2-ئەگەر کەوتنە پاکتاوکردنی کەمایەتیە ئایینی و ئەتنیەکان.

3-ئەگەر سوپای نیزامیان هەڵوەشاندەوەو لە جێگەیدا میلیشیای ئیسلامیان پێکهێنا. ئەو میلیشیا ئیسلامیانەی دەبنە چەکی دەستیان، پاش ئەوەی میللەت لێیان نائومێد دەبێت و هیچ هیوایەکیان پێیان نامێنێت.

4-ئەگەر ڕازی نەبوون بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئاڵوێردی دەسەڵات بکەن.

ئەو کات هاتنە سەرکاری ئیسلامیەکان، سەرەتایەک دەبێت بۆ هاتنی مۆدێرنەو عەلمانییەت، چونکە میللەت تێدەگات دەوڵەتی ئیسلامی کارتێکی دۆڕاوە. دەزانێت ئایندەی بەشێکی دانەبڕاوە لە داهاتوی جیهان، نەک بەشێک بێت لەو ڕابردووەی ڕۆشت و ناگەڕێتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە دواجار «مونیر

شەفیق» درکی پێکردووەو مۆجیاری ئیسلامیەکان دەکات هەر لە ئۆپۆزسیۆندا بمێننەوە وەک گروپی فشار و قەرەی دەسەڵات نەکەون، چونکە دەزانێت مەحاڵە پڕۆژەکەیان جێبەجێ بکەن، ئەو پڕۆژەیەی مێژوو جێی هێشتووە.

بۆچی ئیدارەی ئەمریکی ڕێگە دەدات وڵاتێک سەر لەبەر ببنە بنکەیەک بۆ ڕێکخراوی قاعیدە؟

«ئەنتۆنی بێرگەر»ی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کابینەی یەکەمی سەرۆکایەتی «بیل کلینتۆن»دا، لە وتارێکیدا کە لە ساڵی نەوەدەکاندا لە (فۆرین ئەفرێز)ی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەدا بڵاویکردبووەوە، دەڵێت: (لەسەردەمی حەمەڕەزا شادا خوێندکارانی ئێران لە زانکۆکانی ئەمریکا، هەواداری کۆمۆنیزم بوون، بەڵام لە سایەی کۆماری ئیسلامیدا، شێوازی ژیانی ئەمریکایی بۆتە نمونەی باڵای گەنجانی ئێران). هەر لەو وتارەدا «بێرگەر» پشتیوانیکردنی واشنتۆن لە هێنانە سەرکاری بەرەی ئینقازی جەزائیری، بەوە پاساو دەداتەوە کە (لە سایەی حوکمڕانی بەرەی ئینقازدا گەنجانی جەزائیر دەبنە دڵخوازی شێوە ژیانی ئەمریکایی، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئەو گەنجانە نەیارن بە ئێمەو دژایەتیمان دەکەن).

لەم ماوەی دوایدا کەسایەتیەکی ئەمریکی لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا لەگەڵ باڵوێزی یەکێک لە وڵاتانی عەرەبیدا، ڕایگەیاندبوو کە سەرەک «بۆش» لە ئێراندا جەماوەری زۆر لە «خاتەمی» و «خامنەیی» زیاترە. گومانی تێدا نییە شێوە ژیانی ئەمریکایی لە سایەی حوکمڕانی ئیسلامیەکاندا، دەبێتە نمونەی هەرە بەرزی گەنجانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام کورتبینیەکی سیاسی گەورەیە گەر ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی ئەمریکا، بڕیارێکی ستراتیژی لەو جۆرە تەنها لەبەرئەوە بدەن کە گەنجانی جیهانی ئیسلامی پەیڕەوی شێوە ژیانی ئەمریکی بکەن! بەڵام ئەی چارەنوسی ژنان و کەمایەتیە ئایینی و ئەتنیەکان و تەشەنەسەندنی تیرۆر؟

نەبوونی ستراتیژیەتێکی ڕون و ئاشکرا سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش یان ناتۆوە لەو چوار حاڵەتەدا کە پێشتر باسمان لێکرد، وادەکات ئەمریکا بێچەند و چون سەرنجی گەنجی موسڵمان بەلای شێوازی ژیانی خۆیدا ڕابکێشێت، چاکترین نمونەشمان ئێرانە.. بەڵام ئەمریکا

و جیهانیش لەگەڵیدا زەرەرمەند دەبن، گەربێتو جیهانی عەرەبی بۆ حوکمڕانی ئیسلامی سیاسی جێبهێڵن و ئەوانیش ئەو وڵاتانە بکەنە مەڵبەندی تیرۆر و نائارامیەکی خوێناوی کە دوو گەورەترین هەڕەشەو مەترسین بۆ سەر شارستانیەت و جیهانی هاوچەرخ.

## عەلمانیەت (سیکۆلاریزم)

**ئامادەکردن و نووسینی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

واتە راستەقینەکەی عەلمانیەت رەتکردنەوەی ئاین یان دنیایی، مەبەست لە سیکۆلاریزم دامەزراندنی ژیانێکە کە لەسەر زانستی دانراو و ئەقڵ دابمەزرێت و راگرتنی بەرژەوندی دوور لە ئاین، لایەنە سیاسیەکەشی ئەوەیە دوورخستنەوەی ئاین لە فەرمانڕەواییدا، زاراوەیەکیشە کە هیچ پەیوەندیەکی بەزانستەوە نییە لە ئەوروپادا، ئەم زاراوەیە لە سەدەی حەڤدەهەم سەری هەڵداو پاشان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەم بەرەو رۆژهەڵات گوێزرایەوە، بەتایبەت لە میسر و تورکیا و ئێران و لوبنان و سوریا و تونس و عیراقی گرتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ، لە ئاینی کریستسدا عەلمانیەت واتا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، کە پاشا یان سەرۆک دەسەڵاتی دەوڵەتی دەبێت و خوداش دەسەڵاتی پەرستگاکانی هەیە (مزگەوت، کڵێسا)، لە کریست دەگێڕنەوە کە وتویەتی ئەوەی هی قەیسەرە بیدە بەقەیسەر، ئەوەش هی خودایە بیدە بە خودا)، بەڵام ئەم دوانەییە لە ئاینی ئیسلامدا نیە، موسوڵمانان هەمووی بۆ خودایە و ژیانیش هەمووی بۆ خودایە ، وەکو لە سورەتی (ئەنعام)دا هاتووە ((قل ان صلاتي و نسكي و محياي و مماتي لله رب العالمين) ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیش بەم شێوەیە عەلمانیەت پێناسە دەکات ((بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە بایەخ بە کاروباری سەر زەوی دەدات، پتر لەوەی کە بایەخ بە کاروباری ئاخیرەت بدات.

نەزعەیەکی مرۆڤایەتیی کە لە سەردەمی رێنیساس باو بوو بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی مرۆڤ، لە جیاتی ئیفراتکردن لە بایەخدان بە دوورکەوتنەوە لە ژیان و تێڕامان لە خودا و ژیانی ئاخیرەت، یەکێک لە دەرهاویشتەکانی لەسەردەمی رێنساسدا دەسکەوتە جیاجیاکانی رووناکبیری مرۆڤایەتی بوو لە جیاتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی مرۆڤ لە بەختەوەری و خۆشی لە ژیانی ئاخیرەتدا، عەلمانیەت لە یەکێک لە لایەنەکانیدا هەوڵیدا ئەو ژیانە لە ئێستادا بەدیبهێنێ ئەوەش هەیە کە ئاماژەکردنی بۆ بیری عەلمانی

# سیکۆلاریزم

(سکیۆلاریزم) secularism لە ئەوروپادا دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سیازدەهەم کاتێک (مارسیل بەدوانی) لە کتێبی (بەرگریکار لە ئاشتی) داوای ئەوەیکرد کە دەسەڵاتی زەمەنی و رۆحی جیابکرێنەوە، هەروەها سەربەخۆکردنی پاشا لەگەڵ کڵێسادا، لە کاتێکدا ململانێ لە نێوان پاپاکانی رۆما و پاپاکانی ئەڤنگیۆن لە باشووری فەرەنسادا گەیشتبووە ئەوپەڕی و، ئەم ململانێە هاوشێوەبوو لەگەڵ ململانێکانی نێوان خەلیفەکانی بەغداد دو خەلیفەکانی قاهیرەدا، لە سەردەمی رێنسیاسدا فەیلەسوف و زانای لاهوت (گیوم ئۆکامی) لە بارەی بایەخی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی زەمەنی و رۆحی نووسیویەتی دەبێت دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی مەدەنیی پابەندی شێوەی یەکتربن، چونکە ئیمان و و ئەقڵا هیچ شتێکی هاوبەشیان نیە بۆیە دەبی بەشێوەیەکی بەرابەری رێز لە سەربەخۆیی یەکدی بگرن ، گەرچی عەلمانیەت وەکو مەزەبی و فیکری بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیدانەبوو لە ئەوروپادا تەنها لە سەدەی حەڤدەم نەبێت، بیرمەندی جولەکەش (سپینۆزا) یەکەم بیرمەند بوو ئاماژەی پێکردبوو، کە ئاین یاساکانی دەوڵەت دەکاتە تەنها چەند یاسایەکی تەئدیبکردن، ئاماژەشی بەوەکرد کە دەوڵەت قەوارەیەکی پەرەسەندووەو پێویستی بە پەرەسەندن و نوێکردنەوەی بـەردەوام هەیە، بە پێچەوانەی ئەو شەریعەتە چەسپاوە وەرگیراوەوە، ئەو بە شێوەیەکی موتڵەق شەریعەتەکانی ئاینی رەتدەکاتەوە ، تەئکید لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە یاساکانی دادپـەروەری سروشتی و برایەتی و ئازادی بەتەنها سەرچاوەی یاسادانانە فەیلەسوفی ئینگلیزیش (جۆن لۆک) لە بارەی عەلمانیەتەوە نووسیویەتی ((لە پێناوی گەیشتن بە ئاینێکی راستەقینە دەبێ دەوڵەت لێبوردەیی هەبێت بۆ هەموو شێوە بیروباوەڕە ئاینی و فیکری یان کۆمەڵایەتیەکان، دەشێ هەر خەریکی پرۆسەی بەڕێوەبردن و تەنها فەرمانڕەواکردنی کۆمەڵگە بێت، نەک پێشێلکاری خۆی بکات بۆ سەپاندنی ئەم بیر و باوەڕەو قەدەغەکردن ئەم هەڵسوکەوت، دەبێ دەوڵەت جیابێت لە کلێسا و هیچیان دەست وەردەنەدنە کاری ئەویدیکە ، بەو شێوەیە چەرخ دەبێتە چەرخی ئەقل، بۆ یەکەمجاریش لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا خەڵک ئازاد دەبن، دواجاریش دەتوانن هەست بە حەقیقەت بکەن، سێیەم

## سیکۆلاریزم

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش (تۆماس جێفرسۆن) ئاوها پێناسەی عەلمانیەت دەکات ((بە زۆرە ملێ لەمەسەلە ئاینیەکاندا یان رەوشتی کۆمەڵایەتیدا گوناه و زۆرداریيە، حەقیقەتیش دەستە باڵادەبێت ئەگەر هاتوو رێگادرا بە خەڵکی کە راو ئازادی هەڵسوکەوتی خۆیان رابگرن)) یەکەم کەس کە زاراوەی (عەلمانیەت)ی داهێنا (جۆرج هۆلیوک)ی بەریتانی بوو لە ساڵی 1851 دا و دەڵی (0نابێ واتێبگەیت کە عەلمانیەت دژ بە کریستسانە، بەڵکو تەنها لەو سەربەخۆیە و بیروباوەڕەکان و کۆت و پێوەندەکانی خۆیان بەسەر ئەواندا ناسەپێنێت، کە نایەنەوێت پابەندبن پێوەی، مەعریفەی عەلمانیەت بایەخ بەم ژیانە دەدات و هەوڵدەدات پەرەسەندن و خۆشگوزەرانی لەم ژیانەدا دەستەبەر بکات و ئەنجامەکەشی لەم ژیانەدا ئاقی بکاتەوە).

شەهید دکتۆر (فەرەج فودە) دەڵێ ((هەموو شتێک نرخی خۆی هەیە، دیموکراسیەت نرخی خۆی هەیە، عەلمانیەت نرخی خۆی هەیە، شارستانیەت نرخی خۆی هەیە، مافی مرۆڤ نرخی خۆی هەیە، بۆیە جیهانی پێشکەوتوو بەوەی کە ئێستا پێی گەیشتووە چەندین دەریای خوێنی بڕیوە و بەسەر جەستەی هەزاران قوربانیدا رەتبووە، بۆیە ئەم هەمووەی بە ددان گرتووە و گرتوویەتی وەکو یەکێک شتێک بە دەست بگرێت کە بەهەوڵ و کۆششی خۆی بەدەستیهێناوە بە ئارەقە و بەخوێنی خۆی، بەڵام ئێمە ئەو هەمووەمان بەبێ تەقلا دەستکەوتوە و پێشینەکان بۆیان هێناوین و نەمانتوانی دەستی پێوەبگرین و زەحمەتیشە بەرگری لێبکەین ، خەمی ئەوەشمان نییە کە زۆریان کەم لە کیسمان بچێت، سورم لەسەر ئەوەی کە بەم نزیکانە باجەکەی دەدەین، مەگەر هەموو خاوەن ویژدانێکی ئازاد و هەموو دڵسۆزێک بۆ نیشتمانەکەی و خەمخۆری پێشکەوتنی بێت و پڕ بەدەنگ هاوار دەکات : نا بۆ دەوڵەوتی ئاین، نا بۆ نکۆڵیکردنی عەلمانیەت، نا بۆ تێکەڵکردنی وەرەقەکانی سیاسەت و ئاین، ئەوان ئەقڵیان هەیە و ئێمەش ئەقڵمان هەیە ، ئەوان رابردوویان هەیە و بۆ لای رادەکەن و ئێمەش لێی رادەکەین، ئایندەیان هەیە لێی رادەکەن و ئێمەش بەرەو پیری دەچین، لە نێوان ئێمە و ئەواندا نیشتمانێک هەیە، ئێمە خەون بە یەکگرتوویەوە دەبینین ئەوانیش خەون بە

پچڕ پچڕیەوە دەبینن بگرە نکۆڵی لە بونیشی دەکەین)).

کێشەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، یان بە وتەی رۆژئاواییەکان جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کڵێسە، بووەتە یەکێک لە کێشە پەیڕەوکراوەکانی بیری سیاسی رۆژئاوایی، دواجاریش لەبیری سیاسی دنیا ئەو دنیایەی کە لە خولگەی شارستانیەتی رۆژئاوادا دەخولێنەوە هەندێ لە بانگەشەچیەکانی عەلمانیەت لە ئەوروپا پێیانوابوو، کە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین لەبرە هەندێ بارودۆخی مێژوویی تایبەت بە شارستانیەتی رۆژئاواوە روویدابوو، بەتایبەتی پەیوەند بە ئاینی کریستەوە، بەڵام دواجار پێیانوابوو کە مەسەلەیەکە پەیوەندە بە هەموو دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە، چونکە بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن بە هاووڵاتی بوونە، بۆیە مادامێکی هاوڵاتیان لە دەوڵەتێکدا کە زۆربەی تاکەکانی سەر بەیەک ئاین نین، بگرە دابەشبوون بەسەر چەند ئاینێکدا، لەوانەیە هەندێک خوانەناس بن و بڕوایان بە ئاین نییە، بۆیە پابەندبوونی دەوڵەت بە ئاینێکەوە لەو ئاینانە مافی کەسانی دیکە دەخوات کە سەر بە ئاینی دەیکەن، یان ئەوەتا نکۆڵی لەو هەموو ئاینانە دەکات ، بەوەی ئاینێکیان بەسەردا دەسەپێنێ کە بڕوایان پێی نییە، یان بێ بەشیان دەکات لە پیادەکردنی ئەو ئاینەی کە بڕوایان پێیەتی، یان بێبەشیان دەکات لە وەرگرتنی هەندێ پۆستی دەوڵەت، هەندێ پێیانوابوو کە عەلمانیەت بێلایەن بێت لە هەموو ئاینەکاندا، وەلێ وانابێت مەگەر بواری ئاینەکە جودابێت لەگەڵا بواری دەوڵەتدا، واتا ئاین و دەوڵەت لە دوو ناوچەی جیادا بژین و هیچ تەماسێکیان نەبێ، بۆیە بانگەشەچیەکانی دەوڵەتی ئاین بە زۆر ئاین دەسەپێنن لە بوارێکدا کە بواری ئەو نییە و بەمەش زیان بە ئاینەکە دەگەیەنن، بۆیە هەرسێ ئاین کریست و جولەکە و ئیسلام لە بواری هەندێ بیروباوەڕو دابونەریتی خواپەرستی قەتیس نەبوون، بگرە مەسەلەکە لای ئەم سێ ئاینە گشتگیریەوە رۆچوونە بەهەموو جوگەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگەوە، بۆیە رۆژئاواییەکان ئەم کێشەیەیان چارەسەرکردووە بە جۆرە سازشێک ، بەوەی هەندێ بیروبۆچوونی کریستیان وەرگرت و کردیان بە یاسای دەوڵەت.

دکتۆر (نەسر حامد ئەبو زەید) دەڵێ: عەلمانیەت لە چەمکی ئیسلامیدا کە باوە واتا دژایەتیکردنی (ئاینەکان) بە کورتی یەکسانە بەخوانەناسی،

شێواندنی عەلمانیەت بەم شێوەیە بێگومان لەو لایەنانەوە دێت کە لە عەلمانیەت دەترسن و لێی تۆقیوون، چونکە ئەگەر عەلمانیەت بۆی بلوێت و سەرکەوێت بەرە لەژێر پێی ئەو کەسانە دەردەهێنێت کە سوود وەردەگرن لە شێواندنی، بۆیە دەبی ئەم شێواندنە لە گیرفانی تیۆرەکردنی بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا بێت و فەزڵی شێواندنی عەلمانیەتیش دەگەڕێتەوە بۆ (0سەید قوتب))) کە ناحاڵیبونێکی دروستکرد، کاتێک باس لە ململانێی نێوان زاناکان دەکات دژ بە کڵێسە لە چەرخەکانی ناوەراستدا، ئێمەش لێرەدا بە سەید قوتب و هەموو ئەوانەش دەڵێین کە بەناوی ئیسلامەوە دژایەتی (عەلمانیەت) دەکەن، ئەگەر کڵێسا و دەسەڵاتی کەهنووتی دیاردەن و لە ئیسلامدا بوونیان وەکو لافی ئەوە لێدەدەن، ئەی ئەم هاوسۆزیە چیە؟ لەگەڵا کڵێسادا دژ بە زاناکان و عەلمانیەکان؟ بەدحاڵیبوونەکەیش لەوەدایە ئەوەیە ئایا وشەی (عەلمانیەت) ئایا لە (عیلم) واتا زانستەوە هاتووە یان لە (عالەم) واتا جیهانەوە هاتووە؟

یان لە بنەرەتی تێکهەڵکێشانی وشەکە (عالەم)ەوە هاتووە نەک لە (عیلم)ەوە، ئاماژەی وشەکەیش ئەوەنیە کە لە پەرەسەندی مێژوویی لە ئاماژەی (عیلم) واتا زانست جیابێتەوە، گەوهەری علمانیەتیش بایەخدانە بە جیهان و کاروباری و مرۆڤ بەوەی کە دڵی جیهان و سەنتەرەکەیەتی ئەمەیش دژ بە هەڵوێستی کڵێسابوو، کە ئاخیرەت و ئەو دنیا دەکاتە ئامانج و مەبەست، کەواتە ململانێ لە نێوان دنیاییەکان و ئەودنیاییەکانە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دنیایەکان (ناسووت)یان لە لا مەبەستنە واتای مرۆڤ بەبێ بەدەست دانی ئاین، بەڵام ئەودنیاییەکان مەبەستیان لاهوتیە، واتە ئاین لەگەڵ پشتگوێخستنی مرۆڤ گەرچی کڵێسا دەستەبرداری دنیا نەبووبوو، نقوومبوونی لە کاروباری دونیان بۆ حسابی تایبەتی خۆی و حسابی دەرەبەگەکان کە پشتگیریان دەکرد، دکتۆر (سادق جەلال عەزم) دەڵی، کاتێ: سەرۆکی بەشی فەلسەفەبووم لە زانگۆی دیمەشق لە سوچێکی گۆڕپانەکەی نزیکەوە ببینیم دەمەتەقێان لەسەر (عەلی و معاویە)یە، حەپەسام و پێموتن موناقەشە لەسەر شتێک دەکەن کە بەر لەچواردە سەدە روویداوە وەکو بڵێی دوێنێ روویداوە ؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئایندە بارمتە دەکات بۆ هەموو رووداوەکانی رابردوو، کە

مەترسیە بۆ سەر پێشکەوتن و پەرەسەندن لە وڵاتانی عەرەبدا، ئۆرگانەکانی دواکەتن و داتەپین قووڵتر دەکاتەوە کە دەبەستیەوە دەناڵێنین، بێگومان ئەمە لەلای کۆمەڵگەی کوردیش وایە چونکە پابەندە بەو ئەجندایەی چواردەسەدە بەر لە ئێستا و لە مینبەری مزگەوتەکانی کوردستاندا خوێ و ترشیان پێدا دەکرێت و بانگەشەشیان بۆ دەکرێت، هەروەها بووەتە پرۆگرامی گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان، بۆیە عەلمانیەت تاکە چارەسەرە بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگەی کوردی لەو قەیرانانەی کە هی خۆی نیە و بگرە لە دوورەوە وەکو پەتایەک هاتوون بۆی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە عەلمانیەت زۆر دەترسێت بزووتنەوە ئوسوڵیە ئیسلامیەکانە، یەکەم گوایە ئیسلام پێویستی بەگۆڕینە، چونکە کتێبێک و شەریعەتێکی چەسپاوی هەیە، دەشبێ تاک و کۆمەڵا لە هەر کوێیەک بن بەو پێیە حوکمڕانی بکرێن و بەسەر هەموو تاک و ئەنتیەکانی کۆمەڵگەدا بسەپێنرێت، دووەم عەلمانیەت زادەی منداڵدانی رۆژئاوایی کریستیانە (مەسیحیەت) و بۆ چاکسازیی کۆمەڵگەی مەسیحیەت دروستبووە و پەیدابووە، بۆیە عەلمانەیت دەستی کۆمەڵە ئیسلامیەکان نادات، ئەوی لێرەدا شایەنی وتنە، کە تەمەنی ئاینە ئاسمانیەکان دەگەڕێنەوە بۆ شەش حەوت هەزار ساڵا بەر لە ئێستا، بەر لە پەیابوونی ئەم ئاینانە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە دەیان هەزار ساڵا بەرلەوە هەبوو سیستمی حوکمڕانی و کۆمەڵگە بەڕێوەبردنی هەبووە، بۆ نموونە کۆمەڵگەی میسری لە سەردەمی فیرعەونەکاندا ئەوسا شتێکی نەبووە ناوی ئاین بێت یان دەوڵەتی ئاین، کە موسا لە میسر وەکو پێغمبەری جوولەکە خۆی ناساند لە میسر خۆی و ئەوانەیشی سەر بە ئاینەکەی بوون لە میسر دەرکران، بۆیە بانگەشەی دەوڵەتی ئاینی مۆدێلێکی تازەیە و گروپە سەلەفی و ئوسوڵیەکانی ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکەن، بۆیە لەیەک دوژمنی ئەوان عەلمانیەتە، واتا دوورخستنەوەی ئاین لە دەوڵەت، بێگومان کێشەی گەورەی عەلمانیەت ئەمڕۆ لە دنیادا لە جیهانی ئیسلامیە، چونکە بیرمەندە ئیسلامیەکن سوورن لەسەر ئەوەی کە عەلمانیەت دروستکراوی جیهانی مەسیحیەت و پەیوەند بە ئیسلامەوە نیە، گوایە ئەوەی لە رۆژئاواوە هاتووە کوفرە، وەلی شتە

## سیکۆلاریزم

جوانەکانیان، جل و بەرگیان ئۆتۆمبیلیان بەکاردێنین تەنانەت کوتاڵەکانیشیان بۆ ژنان و پیاو، هەروەها زانستەکەشیان، وەلێ عەلمانیەکیمان پێ قبووڵا نیە، چونکە ئاین لە دەوڵەت جیادەکاتەوە ! بەڵام دیموکراسیەتیان پێ قبووڵە و پیادەشی دەکەن ، گەرچی دیموکراسیش زادەی رۆژئاوایە، بەتایبەت هی گریکەکانە بێگومان دژایەتیکردنی عەلمانیەت لەلایەن گروپە ئیسلامییەکانەوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتیکردنی جوولەکە و کریست، چونکە ئیسلامیەکان نابێ جوولەکە و کریستیان بکەنە سەرکاری خۆیان و لاساییان بکەنەوە، هەربۆیەش وڵاتە ئیسلامیەکان لە هەموو روویەکەوە دواکەوتوو و پاشبەندی رۆژئاوان، بۆیە ئەمڕۆ لە میسردا کە مەڵبەندی دژایەتیکردنی عەلمانیەتە، خەریکە ئەنجوومەنی سەربازی و گروپە ئیسلامیەکانیش کەوتوونەتە تەکفیرکردنی روناکبیران و شاعیران و لە دادگا دەعوەیان لەسەر تۆمار دەکەن ، گوایە دژایەتی ئاین دەکەن، دکتۆر عەبدولوەهاب المسیری دەڵێ ((عەلمانیەت ئەو زاراوەیەیە کە لە سەردەمی رێنیساسەوە جەدل و ململانێی لەسەرە، کە زاراوەیەکی دیکە دروستی نەکردووە، تا وایلێهاتووە کە دووانەی عەلمانی و ئیسلامی لە هەموو دوانەکانی دیکە باس دەکرێن زاراوەی (سکیۆلار) بۆ یەکەمجار لە کۆتایی جەنگی سێ ساڵەی (1648) بەکارهاتووە لەگەڵ مۆرکردنی پێکهاتنەوە و سنڤالیا و لە سەرەتای پەیابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ، گەرچی لە سەرەتادا زاراوەکە سنوورداربووە لە دەلالەتدا، هیچ گشتگیریی یان نەزانراوێکی تێدا نەبووە، چونکە ئاماژەکرابوو بە عەلمانیکردنی ماڵ و موڵکی کڵێسا، واتا گواستنەوەی بۆ دەسەڵاتێکی نا ئاینی، واتا بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتانەی کە ملکەچی کڵێشە نین، لە فەرەنساش لە سەدەی هەژدەهەم وشەکە لە روانگەی کڵێسەی کاسۆلیکەوە واتا (دەستبەسراگرتنی ناشەرعی موڵک و ماڵی کڵێسە) یەکەمجاریش (جۆن هۆلیوک) ئەو زاراوەی داڕشت، کە گرنگترین زاراوەیە لە زاراوەکانی خیتابی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی رۆژئاوادا، هۆلیوک پێناسەیەکی تەواو بێلایەنی هێنایەوە بۆ زاراوەکە و ئاوها پێناسەی کردووە ((بڕوابوون بە توانای چاکسازی حاڵی مرۆڤ، لە رێگای رێبازە مادیەکانەوە، بەبێ بەرەنگاربوونەوەی

ئیکمان چ بە قبووڵ کردن یان بەرەتکردنەوە)) هەروەها دکتۆر ئەلمەسیری، پێیوایە کە ئێمە بەرەو جیاکردنەوەی ئاین و دامەزراوزەکانی دەوڵەت دەڕۆین کە پرۆسەیەکی حەتمی سەرجەم کۆمەڵگەکانە، جگە ئەو کۆمەڵگە سادە و سەرەتاییانە نەبێ، کە تێیدا سەرۆک خێڵا پێغەمبەر و ساحیر و کاهینە، هەندێجاریش لەنەوەی خوداوەندنە، هەروەها دکتۆر (ئەلمەسیری) لە کتێبی (عەلمانیەت لە ژێر میکرۆسکۆبدا) دەڵی و لەسەری دەڕوات، لە کۆمەڵگە تێکەڵەکاندا شێوە جیاوازیەک هەیە لە نێوان دەسەڵاتەکان یان بوارە جیاجیاکاندا، تەنانەت لە ئیمپراتۆریەتە بتپەرستەکانیشدا کە پاشایەکی خۆ بەخوازان فەرمانڕەوایی کردووە، جیاوازی هەبوو لە نێو ئەو پاشایە و گەورەی کاهینەکان ، چونکە دامەزراوەی ئاینی ناکرێت یەکبخرێت لە دامەزراوەی سیاسیدا لە هەر پێکهاتەیەکی تێکەڵەی سیاسی و شارستانیدا وەکو چۆن ناکرێت کە دەزگای پۆلیس کە لە دەوڵەتی نوێیدا تایبەتە بە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆوە لەگەڵا سوپادا تایبەتە بە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆوە لەگەڵا سوپادا، کە ئاسایشی دەرەوە دەپارێزێ یەکبخرێت، هەروەها دامەزراوەی فێرکاری لەگەڵا ئاینیدا یەکبخرێت تەنانەت لە چەرخە ناوەراستەکانی مەسیحیەتدا ، دەسەڵاتی ئاینی هەبوو (کڵێسا) و دەسەڵاتی زەمانیش هەبووە لە (سیستمی دەرەبەگایەتی*دا، تەنانەت لەناو کلێسایشدا پیاوانی ئاین هەبووە خەریکی کاروباری ئاینبوون، هەشبوون خەریکی کاروبرای دنیابوون پێغەمبەری ئیسلام دەڵێ ((انتم اعلم بامور دنیاکم)) واتە بائێوە باشتر لە کاروباری دنیاکەی خۆتان دەزانن، ئەوەی لێرەدا سەیرە زۆر لە بیرمەندە ئیسلامیەکان یان عەلمانیەت رەتدەکەنەوە یان تەکفیری دەکەن و لە ناخی خۆیاندا دەوڵەتی عەلمانی بە دەوڵەتی کافر ناودەبەن، کەچی لە لایەکی دیکەوە ئیسلام مافی هەڵبژاردنی بە مرۆڤ داوە لە نێوان ئیمان و کوفردا، بۆ نمونە لە سورەتی (الکهف) دا لە قورئان هاتووە((وقل الحق من ربکم فمن شاء مليؤمن ومن شاء فليكفر)) بڵی حەق لەلای خوداوەیە کێ ویستی با ئیمان بهێنێت و کێش دەیەوێ با کافر بێت، گەرچی وشی (کفر)ی عەرەبی واتا رەسەنەکەی (نکوڵی کردنە)، (اهم یکفرون بنعمةربهم) واتا نکۆڵی لە نیعمەتی خودا دەکەن واتا

(کفر) واتای کەسی بێ ئیمان و خوانەناس ناگەیەنێت، دکتۆر نەسر حامد زەید لەمبارەیەوە دەڵێت (فەیلەسوفەکانی فیکری ئیسلامی پێمان دەڵێن کە ئەوروپا پێویستی بە چاکسازی ئاینی هەبووە بەهۆی کڵێساوە، ئەم نەخۆشیەش لە شارستانیەتی ئێمەدا بوونی نییە، هەڵەکەش لێرەدایە، ئێمە چەندین کڵێسامان هەیە نەک کڵێسایەک ، ئەگەر واتای کڵێسا دەسەڵات بێت یان دەسەڵاتەکان بێت، کە واتای روناکبیری و واتای سیسی ، سەرەڕای واتاکانی ئەخلاق و رۆحیش، ئەم هەموو واتانە لە ناو واتای ئاینیدا قەتیس دەکرێت، کە ئەو دەسەڵاتانە بەرهەمی دەهێنن کێشەی گوتاری ئاینی ئەوەیە کە لەسەر ژێکانی (تایبەتمەندی) گەمەدەکات، عەلمانیەت ئاین لە دەوڵەت جیادەکاتەوە ئەو تەنها دەتوانێت ئاسۆکانی ئازادیی و ئەقڵانیەت و فرە واتایی بکاتەوە، ئاین کاری دیندارەکانە و ئەرکی دەوڵەتیش مسۆگەرکردنی ئازادییە بۆ هەمووان و هەندێ لە زۆرداریی هەندێکی دیکە دەپارێزێت، عەلمانیەتیش بەبێ چاکسازی ئاینی دانامەزرێت بۆیە گرنگیەکی رادەبەردەر هەیە بۆ جیاکردنەوی ئاین لە دەوڵەت.

ئەگەر سەیری دەوروبـــەری خۆت بکەیت ئەنجامی مەرگەساتی بەدیدەکەیت، ئەنجامی ئەم مارە بڕینە کاسۆلیکە لە نێوان ئاین و دەوڵەتدا ئاین تەنها گروپە رادیکاڵەکان یان ئیسلامیەکان بەکارناهێنن، بگرە دەوڵەتیش بەکاری دەهێنێ، ئەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیست جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت جیاکردنەوەی ئاین نیە لە کۆمەڵگە.

دکتۆر عەبدولوەهاب ئەلمەسیری دەڵی ((تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسی بۆ کاری سیاسی تێگەیشتنی کۆدەتایی یەعقوبیە کە پشت دەبەستێت بە زاڵکردنی ئیرادە بەسر مێژوودا، تووندوتیژی بەسەر قەناعەت پێکردندا، گوایە مێژوو جێگیرە و کۆمەڵگەش یەکپارچەیە و پێگەیەکی سروشتییە بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی یان ئەو دەسەڵاتەی بەناوی ئیسلامەوە دادەمەزرێت.

ئەمەش ئەو چوارچێوە ئایدۆلۆژیانەیە کە ئیسلامی سیاسی لە ئاستیەوە بۆچوون دروستدەکات بۆ مێژوو کۆمەڵگە و کردەی سیاسی)) یان دکتۆر نەسر حامد ئەبو زەید دەڵی ((لە هەموو مێژوودا رووینەداوە سەرەڕای بانگەشە و

وەهمەکان ئەم شێوە جیاکردنەوەی ئاین لە کۆمەڵگەکا دا دەوڵەت ئایی نیە، ناشبێت ئاینی هەبێت ((ئاین دەوڵەتی ئیسلامە)) دەربڕینێکە مایەی پێکەنینە، چونکە دەوڵەت ناچێت بۆ مزگەوت و نوێژ بکات و دەوڵەت ناچێت بۆ حەج و رۆژوش ناگرێت، زەکاتیش ناداتا دەوڵەت نمایندەی سیستمی سیاسیە و بەرپرسیرە لە کۆمەڵگە بە هەموو توێژ و ئاینەکانەوە بە زۆری وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان مۆزایکێکن لە ئاینەکان، ئەمەیش واتای ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتەی ئاینی هەیە مافی ئەو هەموو هاووڵاتیانە هەڵدەوەشێنێتەوە کەسەر بە ئاینەکەی دەوڵەت نین) بۆیە جیاوازی لە نێوان دەوڵەتی عەلمانی و دەوڵەتی ئاینی زۆرە، دەوڵەتی عەلمانی رێگا دەدات بە هاووڵاتیەکانی کە بە ئازادی بیروباوەڕی خۆیان پیادەبکەن و بەهەمان مەرج لەسەر بنەمای مافی هەمووان لە هاولاتی بووندا وەکو یەک ، بەڵام دەوڵەتی ئاینی مافی هاوڵاتیان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەتایەبتی کەمایەتیە ناموسەڵمانەکان کە ئازادی دەربڕینیان نەبێ ئەگەر هاتوو لەگەل حوکمە سوڵتاندا ناکۆک بێت، لەوەیش گرنگتر دەوڵەتی ئاینی ئەو حوکمە رەتدجەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەنجومەنی نوێنەران بێت، چونکە میللەت سەرچاوەی دەسەلات نیە ،بەڵکو شەرعی ئاین و ئەو فەرمانڕەوایەی کە نمایندەی ئەو شەرعەیە دەوڵەتی عەلمانی ئاین لە دەوڵەت جبادەکاتە و ناکۆک نیە لەگەڵ ئایندا هەورەها مافی هاوڵاتیان لە پیادەکردنی بیروباوەڕەکانیان بەوپەڕی ئازادییەوەن کەچی دەوڵەتی ئاینی ئەو جیاکردنەوەیە تەکفیر دەکات.

کاتێک مرۆڤی رۆژئاوایی رزگاری بوو لە دەسەڵاتی کلێسا و دەرەبەک ،هەروەها لە کۆنترۆڵی خورافات و دەجەل و زۆرداری، ئەوە بوو رۆژێکی پێشکەوتنی پیشەسازی و شۆڕشی زانستی هەڵهات، هەرکە میللەتانی رۆژئاوا پیادەی پەیڕەوی عەلمانی نوێیان کرد ،ئەوەبوو پێشکەوتنێکی زانستی مەزن روویدا، چونکە لەمەوبەر ئەقڵی رۆژئاوا دیلی داستانە مێژوویی و خوارفەتە ئاینی و زانستەکان بوو بۆیە لەو هەمووە رزگاری بووبوو ، کەواتە گەڕان و تاقیکردنەوە و بیرکردنەوە و پشکنین، لەو بوارەشدا داهێنانی وەهای ئەنجام دا کە مرۆڤایەتی ئاشنای نەببوو لە هەموو مێژووی خۆیدا، ئەنجامی

# سیکۆلاریزم

شکستی کڵێسە و ئاین بەرامبەر بە عەلمانیەت بووە هۆی بێلایەن کردنی ئاین ،لە کاروباری ژیانی گشتیدا، ئەوە بوو عەلمانیەت لە ڕێگای نێردراوە تەبشیریەکانەوە و لە ڕێگای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و حزبە عەلمانیەکانەوە ، هەروەها لە ڕێگای نێردراوە دبلۆماسی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە گەیشتە ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی ئەگەرچی ئێستا زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بەناو عەلمانین، بەڵام ئیسلام بووتە ئاینی دەوڵەت.

گەرچی ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت لەسەری بنووسرێت و سەرجەم مێژوو عەلمانیەت بخرێتەروو، چونکە ئیستا زانست ڕۆژ بەرۆژ بەرادەیەکی سەرسوڕهێنەر داهێنان دەکات و تەنگ بە هەندێ گوتاری ئاینی هەڵدەچنێت، پێموایە بوونی عەلمانیەت لە وڵاتی ئێمەدا بەربەستێکە بۆ بڵاوبوونەوەی خورافاتی ئاینی و گەڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ چەرخە کۆنەکان و ڕێگانەدان بە گوتاری تەکفیرکردن.

**سەرچاوەکان**

1- دکتۆر نەسر حامد ئەبوزەید کتێبی (الخطاب و التاویل)

2-دکتۆر عەبودلوەهاب ئەلمەسیری (العلمانیة تحت المجهر)

3- دکتۆر فەرەج فۆدە (حوار حول العلمانیة)